ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (394) دووشەممە 2016/2/1 – 12ی ڕێبەندان 2715 (750) دینار


## خێزانە دهۆکییەکان چۆن لە ئیجەدا خنکان؟

**ڕووداو- دهۆک**

بەلەمێکی دیکەی کۆچبەران لە دەریای ئیجەدا نوقم دەبێت کە ژمارەیەک لە قوربانییەکانی خەڵکی دهۆکن. خزمی یەکێ لە قوربانییەکان کە خۆی نیشتەجێی بەریتانیایە و بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی خزمەکەی هاتووەتە یۆنان، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوانە شەش خێزان بوون کە بە قسەی خۆش لەخشتە برابوون و پێیان گوترابوو خەمی هیچتان نەبێت، لەنێو دەریا هەلیکۆپتەر بەسەر سەرتانەوە دەبێت و بە یەختی گەورەش دەتانپەڕێنینەوە".

عەگید سپینداری لە زاری ڕزگاربوویەکەوە دەڵێت "کاتێک یەختەکە تێکشکا، کەس نەبووە خاوەنی کەس، خێزانەکان توند دەستی یەکدییان گرتبوو، باوکێک کە منداڵێکی خۆی لە باوەش گرتبوو، کاتێک زانی گیانی لە مەترسیدایە، منداڵەکەی فڕێ دا. من ئەو پیاوەم لە نەخۆشخانەیەکی یۆنان بینی، تەنیا پێدەکەنی، تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە".

هەموو قوربانییەکان ئێلەگیان لەبەر بووە، بەڵام دەگوترێ ئەو ئێلەگانە بە کەڵکی ڕزگارکردنی مرۆڤ نایەن و لەجیاتی ئەوەی سەرئاو بکەون، ئاو هەڵدەمژن. عەگید دەڵێت "کواڵیتی ئێلەگەکانیان زۆر خراپ بوو، تەنانەت بەرگەی پێنج خولەک مانەوەی لەسەر ئاو نەگرتبوو". لەکۆی 90 کەس کە لەسەر یەختەکە بوون، تەنیا 16یان ڕزگاریان بووە و تاوەکو ئێستاش تەرمی 20 کۆچبەر کە سەرجەمیان خەڵکی دهۆکن، دۆزراونەتەوە و لەو 20 تەرمەش، 12یان منداڵن.

« 2



259 کەسی سڤیل لە باکووری کوردستان کوژراون

6

چیرۆکی سێلفییەکەی لاڤرۆف لەگەڵ پەیامنێری ڕووداو

19



ئاوات و فەرهەنگێکی تەواونەکراو..!

20

ماتیاس میتمان، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# لە ڕێگەیەکی گونجاو دەگەڕێین بۆ ئەوەی پارمەتی بدەینە کوردستان



« 5

بەشار جەعفەری، سەرۆکی شاندی حکومەتی سووریا لە جنێڤ 3، لە وەڵامی پرسیاری ڕووداو دا سەبارەت بەداواکردنی فیدراڵی لە لایەن کوردانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە:

# ئەوەی داوای فیدراڵی دەکات با بچێت حەبی پانادۆڵ بخوات

« 2



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (394) دووشەممە 2016/2/1



## لە کەمپێکی فەرەنسا منداڵێکی کورد لەدایکدەبێت

**رووداو- پاریس**

ژنێکی دووگیان لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دوای دەربازبوون لە سنووری چەندین وڵات، لە کۆتاییدا لە دارستانەکانی کالێ، سنووری نێوان فەرەنسا و بەریتانیا، منداڵی دەبێت. ئەو منداڵە ئێستا بچووکترین کۆچبەری کەمپەکەیە، رۆزی کە ناوی منداڵەکەیە، دایکی فارسە و باوکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانە، دایکی رۆزی دەڵێت "لەو بڕوایەدا نەبووم منداڵەکەم بە زیندوویی لەدایک بێت، چونکە رێگایەکی زۆر سەختمان بڕیوە تا گەیشتوونەتە کالێ". ئەمیر رۆستەمی، باوکی رۆزی دەڵێت هەست بە شەرمەزاری دەکات و دەڵێ "نەمویستووە منداڵەکەم بەو شێوەیە لەدایکبێت و رۆژەکانی سەرەتای ژیانی لە کەرەڤانەیەکی ناو دارستانێکدا بەسەربەرێت".

**ئێلەگەکانیان بەرگەی پێنج خولەک مانەوەی لەسەر ئاو نەگرت**

# قاچاخچیی کۆچبەرە خنکاوەکانی دەریای ئیجە کوردە

**ئەو پیاوەی منداڵەکەی خۆی فڕێدایە ناو دەریا، لە نەخۆشخانەیەکی یۆنانە و تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە**

**عوبەید رەشافایی**
**رووداو- دهۆک**

بەلەمێکی دیکەی کۆچبەران لە دەریای ئیجەدا نوقم دەبێت کە سەرجەم سەرنشینەکانی کوردن و خەڵکی شاری دهۆکن. بەپێی زانیارییەکانیش ئەو قاچاخچییەی کۆچبەرەکانی گواستووەتەوە کوردە.

عەگید سپینداری کە یەکێک لە قوربانییەکان خزمی خۆیەتی و لە بەریتانیاوە هاتووەتە یۆنان بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکان، چیرۆکی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت "ئەو خێزانانە بە قسەی خۆش لە خشتە برابوون و پێیان گوترابوو خەمی هیچتان نەبێت، لەنێو دەریا هەلیکۆپتەر بەسەر سەرتانەوە دەبێت و بە یەختی گەورەش دەتانپەڕێنینەوە".

عەگید لە زاری یەکێک لە رزگاربووەکانەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت "نیوەشەوی 2016/1/21 یەختێکی خراپیان هێنا، نزیکەی 90 کەسیان سەرخست کە کورد و عەرەب و ئەفغانی بوون، قاچاخچییەکە کە کوردێک بووە و ناوی (ک.س) بووە، دوای ئەوەی پارەکەی خۆی وەرگرتووە، خۆی ون کردووە، دواتر دوو کەس یەختەکە لێدەخوڕن". گوتیشی "رێگای نێوان بۆدروم و کلینموسی یۆنان تەنیا کاژێرێکە، بەڵام ئەوان رێگاکە ون دەکەن و زیاتر لە چوار کاژێر دەمێننەوە، دواتر باو بۆران دەست پێدەکات و یەختەکە تێکدەشکێ".



یەکێک لە خێزانە خنکاوەکانی دەریای ئیجە

عەگید بە چیرۆکی کۆچبەران تاساوە و دەڵێت "کۆچبەرێک بۆی گێڕامەوە کە کاتێک یەختەکە تێکشکا، کەس نەبووە خاوەنی کەس، خێزانەکان توند دەستی یەکدییان گرتبوو، باوکێک کە منداڵێکی خۆی لە باوەش گرتبوو، کاتێک زانی گیانی لە مەترسیدایە، منداڵەکەی فڕێ دا. من ئەو پیاوەم لە نەخۆشخانەیەکی یۆنان بینی، تەنیا پێدەکەنی، تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە".

هەر کۆچبەرێک پێش ئەوەی سواری بەلەم بێت، ئێلەگێک لەگەڵ خۆی دەبات، بۆئەوەی لە مەترسیی خنکان رزگاری ببێ، بەڵام دەگوترێ ئەو ئێلەگانە بە کەڵکی رزگارکردنی مرۆڤ نایەن و لەجیاتی ئەوەی سەرئاو بکەون، ئاو هەڵدەمژن.

نرخی ئەو ئێلەگانەش لە 10 دۆلارەوە دەست پێدەکات تاوەکو 200 دۆلار، بەڵام کۆچبەرەکان زیاتر ئێلەگی هەرزان دەکڕن.

خاڵس ئیبراهیم، بەرپرسی رەوەندی کورد لە یۆنان بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو ئێلەگانە لە چین دروست دەکرێن و بە بەرچاوی حکومەتی تورکیاوە بازرگانی پێوە دەکرێت و ئەگەر حکومەت بیەوێ دەتوانێ رێگری لە فرۆشتنی بکات، بەڵام رێگری ناکات، چونکە خێری ئەویشی تێدایە".

ئەو ئێلەگانەی بە 200 دۆلارن دوو تایبەتمەندییان هەیە، یەکەمیان ئاماژەیەکی وەکو تیشکی پێوەیە بۆ ئەوەی لە ئەگەری کەوتنە نێو ئاو پۆلیس زوو بتبینن، ئەوەی دیکەش ئەوەیە کە نەهەنگ لێت نزیک نابێتەوە.

عەگید سپینداره‌یی دەڵێت "هەموو ئەوانەی کەوتبوونە نێو ئاو ئێلەگیان پێبوو، بەڵام کواڵیتی ئێلەگەکانیان زۆر خراپ بوو، تەنانەت بەرگەی پێنج خولەک مانەوەی لەسەر ئاو نەگرتبوو".

لەو 90 کەسەی لەسەر یەختەکە بوون، تەنیا 16 کەسیان رزگاریان بووە، تاوەکو ئێستاش تەرمی 20 کۆچبەری کورد کە سەرجەمیان خەڵکی دهۆکن، دۆزراونەتەوە. خاڵس ئیبراهیم، سەرۆکی رەوەندی کوردی لە یۆنان دەڵێت "لەو 20 تەرمە، 12یان منداڵن، لەگەڵ هەشت ژن و پیاوێک".

خاڵس ئیبراهیم ئاشکرای کرد کە بڕیارە رۆژی چوارشەممە تەرمەکان بگەیێندرێنە ئوردن و لەوێشەوە بۆ هەولێر کە بۆ هەر تەرمێک نزیکەی 2200 یورۆ خەرج دەکرێت و ئەم بڕە پارەیەش مەکتەبی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی خۆی گرتووە.

---

**قایمقامی چەمچەماڵ:**

# پێشتر حکومەتمان لە مەترسیی تەقاندنەوەی بۆریی غازەکە ئاگادار کردبووەوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**



**فەرماندەی لیوای دووی نەوت و غاز:**

## بۆرییەکە بە TNT و لە دووریی 300 مەتر تەقێندراوەتەوە

فەرماندەی لیوای دووی نەوت و غاز ئاشکرای دەکات بۆرییە غازەکەی چەمچەماڵ لە رێگەی TNT لە دووریی 300 مەتر بە وایەری کارەبا و پاتریی ئۆتۆمبێل تەقێندراوەتەوە، دەشڵێت "ئەرکی ئێمە پاراستنی چوار خاڵی کۆمپانیا نەوتییەکانە، نەک پاراستنی هەموو بۆرییەکە".

کاژێر 1.15 خولەکی شەوی 2016/1/29 ئەو بۆرییەی غاز لە چەمچەماڵەوە دەگوازێتەوە بۆ وێستگەی کارەبای هەولێر تەقێندرایەوە. وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد و رایگەیاند کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان لەو رووداوە پێکهێناوە.

شوێنی بۆرییەکە لە سنووری ناحیەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکوکە کە لە کێڵگەی کۆرمۆرەوە لە ناحیەی قادر کەرەمی سەر بە قەزای چەمچەماڵ غاز بۆ وێستگەی کارەبای هەولێر دەگوازێتەوە.

ئامانج محەممەد، قایمقامی قەزای چەمچەماڵ بە (رووداو)ی گوت "ئەو رووداوە دەچێتە چوارچێوەی کاری تیرۆریستی، بۆیە وەزارەتی ناوخۆ لیژنەی بۆ پێکهێناوە، بەڵام تاوەکو ئێستا سەردانیان نەکردووین".

رۆژی 2016/1/20 بەرپرسێکی گۆڕان لە چەمچەماڵ لە ئەکاونتی خۆیەوە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پۆستێک و دوو وێنەی دانابوو کە دەڵێت "یەکێک لەم وێنانەی دەیبینن بۆری گازی سروشتی چەمچەماڵە کە بەرەو تورکیا دەڕوات، ئێستا ئامادەمان کردووە بۆ پچڕاندن و ماوەی دوو رۆژ مۆڵەتمان بە کۆمپانیای دانا غاز داوە تا بۆرییەکە بگرنەوە و بەتاڵی بکەن، بە پێچەوانەوە زیانی ئەو سامانەی لە ناو هێڵی گواستنەوەکەدایە دەکەوێتە ئەستۆی دانا غاز".

قایمقامی چەمچەماڵ دەڵێت "دوای هەڵکەندنی ئەو شوێنە، وەزارەتەکانی سامانە سروشتییەکان و ناوخۆ و ئەنجوومەنی وەزیرانیشمان لە مەترسیی تەقاندنەوەی بۆرییە غازەکە ئاگادار کردەوە".

بەڵام لیوا کەمال عەلی، فەرماندەی لیوای دووی نەوت و غاز بە (رووداو)ی گوت "ئەو شوێنەی تەقێندراوەتەوە ئەو شوێنە نییە کە پێشتر هەڕەشەی تەقاندنەوەی لێکراوە".

لیوا کەمال عەلی وردەکاریی تەقاندنەوەی بۆرییەکەی بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "TNT و وایەری کارەبا و پاتریی ئۆتۆمبێل بەکارهێنراوە، شوێنەکە لە نێوان دوو خاڵی چاودێریی ئێمەیە، یەکێکیان کڵاوقوتە کە 30 کیلۆمەتر و ئەوەی دیکەش بیراڵک کە 27 کیلۆمەتر لەو شوێنەوە دوورە، بۆرییەکە لەسەر گردێک بووە کە یەک مەتر گڵی بەسەرەوە بووە و بە دووریی 300 مەتریش تەقێندراوەتەوە، دوای رووداوەکەش سێ تۆپ وایەر کە هەر تۆپێک 100 مەتر بووە، لەگەڵ پاترییەکی 60 ئەمپێری بەجێماون".

ئەو لیوایەی نەوت و غاز ئەرکیان پاراستنی خاڵەکانی چۆمە زەردەڵە، بیراڵک، کڵاوقوت و قلرخە کە شوێنی کردنەوە و داخستنی قوفڵی بۆرییە غازەکانە و تایبەتن بە کۆمپانیاکانی نەوت، لیوا کەمال گوتی "تەنیا لەو چوار شوێنە پاسەوانی ئێمەی لێیە و ئەوانی دیکە لەژێر گڵەوەن و لە هەندێک شوێنیشدا کە چەمە، بۆرییەکە بەدەرەوەیە، بەڵام واجبی ئێمە نەبووە بیانپارێزین و دەوریاتیشمان نەبووە و پاسەوانیشی نییە، لەبەرئەوەی هێزێکی گەورە و کارەبا و پێداویستیی دەوێ، ئێمە ئەرکی پاراستنی کۆمپانیا نەوتییەکانمان لەسەرە".

لیوا کەمال گوتیشی کە هێزەکانیان لە دوای رووداوەکەوە بەشێوەیەکی کاتی ئەرکی پاراستنی بۆرییەکەیان لەئەستۆ گرتووە.

بەو پێیەی ئەو رووداوە دەکەوێتە سنووری ئیدارەی کەرکووکەوە، لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لە کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیاندا کە بڕیارە رۆژی 2016/2/2 بکرێ، تاوتوێی ئەو رووداوە دەکەن.

ئازاد جەباری، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم هەفتەیە کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی دەکەین و یەکێک لەو تەوەرانەی کە خۆم دەیخەمەڕوو تەقاندنەوەی بۆرییەکەیە و ئەگەریش پێویستی کرد، بۆ کۆبوونەکانی داهاتوو پۆلیس و ئاسایش بانگهێشت دەکەین".

ناوبراو بەدووری زانی حیزبێکی هەرێمی کوردستان لە پشت ئەو کارەوە بن و گوتی "حیزبەکان لە حکومەتدا بەشدارن و بڕوا ناکەم ئەوان ئەو کارەیان کردبێ". بە گوتەی جەباری، پێشتریش داوایان لە پۆلیسی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان کردووە ئەو بۆرییانە بپارێزن و گوتی "دەبوو بەرپرسانی هەرێمی کوردستان خاڵی پشکنین دیاری بکەن".

قایمقامی چەمچەماڵ پێیوایە ئەو کارە بە پلان کراوە و گوتی "کارێکی بەرنامە بۆ دارێژراوە و ئەو کەسەی کردوویەتی شارەزایی لە تەقاندنەوەدا هەیە"، سەبارەت بە گومانیشیان لە بەرپرسەکەی گۆڕان، گوتی "لەبەرئەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە هەیە، ناتوانین گومان لە کەس بکەین، ئەو بابەتە بۆ یاسا جێدێڵین".

تەقاندنەوەی بۆرییە غازەکە گرفتی بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ قەزای چەمچەماڵ و شاری هەولێریش دروستکرد. محەممەد ئەمین، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو بۆرییە 176 کیلۆمەتر درێژە و بڕبڕەی پشتی سووتەمەنی بووە بۆ وێستگەکانی کارەبا، بەو هۆیەشەوە کارەبا نەماوە.

گوتیشی "ئێستا بۆرییەکە لە قۆناغی چاککردنەوەدایە و بەشی سنووری چەمچەماڵ چاککراوەتەوە، بەڵام ئەو بەشەی پەیوەندی بە دابینکردنی کارەبای هەولێرەوە هەیە، پێدەچێت لە ئەمڕۆ و بەیانی بە تەواوی چاک بکرێتەوە".

---

**دوو کورد لەنێو شاندی حکومەتی سووریادان**

**نوێنەری ئەسەد بۆ رووداو:**

# ئەوەی داوای فیدراڵی بۆ سووریا دەکات با پانادۆڵ بخوات

**رووداو- ژنێف**

بەشار جەعفەری، باڵیۆزی سووریا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری بەشار ئەسەد لە دانوستاندنەکانی جنێڤ 3 لەبارەی پرسی فیدراڵی لە رۆژئاوای کوردستان گوتی ئەوەی داوای فیدراڵی بۆ سووریا دەکات با حەبی پانادۆڵ بخوات.

کۆبوونەوەی جنێڤ 3 بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا رۆژی 2016/1/30 لە ژنێڤی سویسرا دەستی بەکارەکانی کرد. جگە لە بەشار جەعفەری کە بە نوێنەرایەتی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا بەشداری دانوستاندنەکانی کردووە، دوو کوردیش لە نێو شاندی حکومەتی سووریادان.

پەیامنێری رووداو کە رووماڵی رووداوەکانی جنێڤ سێ دەکات، لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە جەعفەری پرسی، ئایا راتان چییە لەسەر پرسی فیدراڵی بۆ سووریا کە داواکاریی نوێنەری ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردە لە ژنێڤ سێ.

ئەویش لە وەڵامدا گوتی "رات چییە ئەگەر ئێمە کۆبوونەوەی ژنێڤ نەبەستین و بەو ئەنجامە بگەین و بڵێین کۆتاییمان بەو مژارە هێناوە، بەر لە دەستپێکردنی دیالۆگی سووری. تۆ زۆر پێش رووداوەکان دەکەویت".

بەشار جەعفەری گوتیشی "ئێمە گوتمان، پێوەری ئێمە بۆ ئەم دیالۆگە سووری_ سوورییە، پاراستنی یەکێتی خاک و گەلی سووریایە، پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی سووریایە، ئەمە قسەیەکی روونە و ئەم قسەیە لە 13 بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشدا سەبارەت بە سووریا هاتووە، هەموو بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش سەبارەت بە سووریا بەو رستەیە یاخود بەو فاتیحە پیرۆزە دەستپێدەکات، چونکە ئەنجوومەنی ئاسایش ئاگادارە".

نوێنەرەکەی ئەسەد لە درێژەی وەڵامەکەیدا لەبارەی پرسی فیدراڵی لە رۆژئاوای کوردستان گوتی "پرسی دابەشکردن بەتەواوەتی لە مێشکتان دەربکەن، هەرکەسێک بیر لەوە بکاتەوە کە سووریا دابەش بکات لەگەڵ هەموو رێزماندا، با حەبی پانادۆڵ یان ئەدڤیل بخوات و لەو وەهمە خۆی دەرباز بکات".

لە کۆبوونەوەی ژنێڤ سێدا، سێ کورد لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا بەشدارن. هەروەها دوو کوردیش لە نێو شاندی حکومەتی سووریادان، ئەوانیش عومەر ئۆسێ، ئەندامی پەرلەمانی سووریا و حوسامەدین ئالا، باڵیۆزی پێشووی سووریا لە ئیسپانیان.





## بریێت ماکگۆرک دەچێتە کۆبانێ

**رووداو- هەولێر**

بریێت ماکگۆرک، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژ بە داعش بە یاوەری چەند بەرپرسێکی بەریتانی و فەرەنسی سەردانی کۆبانێیان کردووە و لەگەڵ ئالدار خەلیل و بەرپرسانی کانتۆنی کۆبانێ کۆبوونەوە. میدیاکانی نزیک لە پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD ئاماژەیان بە سەردانی شاندێکی سەربازی هاوبەشـی ئەمریکی، فەرەنسـی و بەریتانی بۆ کۆبانێ و کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسـانی بەڕێوەبەری خۆسـەری کردووە. بەگوێرەی میدیاکانی پەیەدە، شاندە سـەربازییەکە لەو سـەردانەدا لەبارەی بارودۆخی کۆبانێ و پرسی کۆنترۆڵکردنەوەی چەند ناوچەیەکی دەوروبەری شارەکە لەگەڵ بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر کۆبوونەتەوە.

# چوار خاڵ هەولێر و بەغدا لە یەک نزیک دەکاتەوە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- بەغدا**

شاندی هەرێمی کوردستان داوای لە حەیدەر عەبـادی، سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق کرد لە قـەرزی نێودەوڵەتـی بیر لە پشـکی هەرێمی کوردسـتانیش بکرێتەوە. عەبادیـش داوای لە هەرێمی کوردسـتان کرد کە لە ناردنی پارەی گومـرک و بـاج، پێداچوونەوە بکـەن. قوباد تاڵەبانیش دەڵێت "چوار خاڵ وا دەکەن بەغدا و هەولێر لە یەکدی نزیک ببنەوە".

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردسـتان دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ حەیدەر عەبادی، بە باڵیۆز و نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شـەڕی داعش بریێت ماکگورکی راگەیاندبوو کە "کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو بووە".

### چوار خاڵەکەی هەولێر و بەغدا

قوباد تاڵەبانی، جێگری سـەرۆک وەزیرانی هەرێمـی کوردسـتان لەبـارەی ئەنجامـی کۆبوونەوەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "هەموومان ئەو سەردانەمان بە (ئیجابی) وەسف کرد".

قوباد تاڵەبانی باسی هەندێ خاڵی هاوبەش دەکات کە هەولێر و بەغدا ناچارن لەم دۆخەدا لەیەکدی نزیک ببنەوە "قەیرانی دارایی، شەڕی داعش، کێشـەی ئـاوارەکان و دابەزینی نرخی نەوت، ئەمانە هەموو کێشەی هاوبەشن لەنێوان هەرێمی کوردسـتان و عێراق، ئەم کێشانە بە یەک لایـەن چارەسـەر ناکـرێ، بەڵکو دەبێ پێکەوە بەرەورووی ببینەوە".

شـاندی هەرێمی کوردسـتان جیـاواز بوو لـە شـاندەکانی پێشـتر کە بەنـاوی هەرێمی کوردسـتانەوە سـەردانی بەغدایـان دەکـرد، شاندەکە زیاتر سیاسی بوو لەوەی کە تەکنیکی بێ. شاندەکە پێکهاتبوون لە نێچیرڤان بارزانی، سـەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، قوباد تاڵەبانی، جێگری سـەرۆکی حکومەت، د.رۆژ نووری شـاویس، ئەندامی مەکتەبی سیاسـیی پارتی و د.فوئاد حوسـێن، سـەرۆکی دیوانی سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان، سـەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەت و فەلاح مسـتەفا بەرپرسـی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

حەیدەر عەبادی، سـەرۆک وەزیرانی عێراق رۆژی 2016/1/28 لەگەڵ نوێنەری حیزبەکانی عێراق و هەرێمی کوردسـتان کۆبـووەوە. زانا رووسـتایی، نوێنـەری کۆمەڵی ئیسـلامی کە لـەو کۆبوونەوەیـەدا بـووە، بـە (رووداو)ی راگەیاند "عەبادی گوتی ئەگەر شاندی هەرێمی کوردستان هاتە بەغدا پێیاندەڵێم دەبێ روون و ئاشکرا بڵێن لەگەڵ ئێمەن یان نا".

حەیـدەر عەبـادی ئـەو پرسـیارانەی ئامـادەی کردبـوون، بـەرەورووی نێچیرڤـان بارزانیی کردنەوە. فەلاح مسـتەفا، بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و بەشـداربووی کۆبوونەوەکـە بە (رووداو)ی گوت "بەڵێ عەبادی پرسیاری کرد و بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش بۆی روونکردەوە کە چۆن بەغدا لە 2014ەوە بودجەی کوردسـتان و پێشمەرگە نانێرێت و چۆن بە داهاتی نەوتی کوردستان ئەو بۆشاییە پڕکراوەتەوە".

عەبادی پرسیاری گشتپرسی لە شاندەکەی هەرێمی کوردستان کردووە. وەک فەلاح مستەفا دەڵێـت "نێچیرڤـان بارزانی وەڵامـی دایەوە و گوتی، هێشـتا بڕیار نەدراوە کە کەی و چۆن گشتپرسی دەکرێ لە هەرێمی کوردستان".

لەسـەر ئـەو پرسـە لایەنەکانی شـیعە لە عێراق نیگەرانن. حەمید موعەلە، سـەرکردەی ئەنجوومەنـی بـاڵای ئیسـلامی لە عێـراق کە عەممـار حەکیـم سـەرۆکایەتی دەکات بـە (رووداو)ی راگەیاند "گشتپرسی مافی یاسایی خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئەم هەنگاوە بۆ ئێمە لەم کاتەدا زۆر قورسە".



نێچیرڤان بارزانی بە عەبادی گوت هێشتا بڕیار نەدراوە کە کەی و چۆن گشتپرسی دەکرێ لە هەرێمی کوردستان

**نێچیرڤان بارزانی بۆ عەبادی:**
**دەبێ لە قەرزی نێودەوڵەتی پشکی هەرێمی کوردستانیش بدرێ**

**قوباد تاڵەبانی:**
**کۆبوونەوەکەی بەغدا زۆر سەرکەوتوو بوو**

### بەغدا نازانێ چی بکات

(رووداو) لەنێو کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردسـتان و حکومەتی عێراق کە لە کۆشکی کۆمـاری بەڕێوەچـوو، زانیویەتـی عەبادی لە کۆبوونەوەکەدا بە شاندی هەرێمی کوردستانی گوتـووە، هـەر ئێسـتا کێشـەی دابینکردنی مووچەی مانگی داهاتوومان هەیە، نازانین چۆن دابینی بکەین. عەبادی ئەوەشی گوتووە، ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بڕوات، ئەستەمە لە دوای مانگی چـوارەوە بتوانن مووچەی فەرمانبەران بدەن.

عێراق بۆ یەک مانگ تەنیا بۆ مووچەخۆرانی خۆی چوار ملیار دۆلاری پێویستە، کەچی وەک هۆشـیار زێباری، وەزیری دارایی عێراق پێشتر رایگەیاندبوو "داهاتی عێراق لە یەک مانگدا دوو ملیارە و بۆ ئەو مەبەستەش هەشت ملیار دۆلار لە یەدەگی عێراق لە بانکی ناوەندی دەرهێنراوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە".

زێباری ئەم قسانەی بۆ لایەنە سیاسییەکانی عێراق کردووە و گوتوویەتی "بانکی نێودەوڵەتی چیدی رێگە نادات پارەی یەدەگ خەرج بکەین، دۆخەکـە زۆر لـەوە مەترسـیدارترە کە بیری لێدەکەینەوە".

فەلاح مسـتەفا ئاشـکرای کرد کـە عێراق بەنیازە قەرز و هاوکاری لە بانکی نێودەوڵەتی وەربگـرێ. نێچیرڤـان بارزانیش بـە عەبادی گوت، دەبێ پشـکی هەرێمی کوردسـتان لەو قەرزە بدرێ، هەروەها دەبێ لە سـەردانەکانی شـاندی عێراق بـۆ دەرەوە، شـاندی هەرێمی کوردستانیشی تێدابێ.

### مالیکییان لە خەو کرد

گفتوگۆکانی شـاندی هەرێمی کوردسـتان لـە بەغـدا تەنیا لەگەڵ لایەنی شـیعە بووە و لەگەڵ سـوننەکان هیچ کۆبوونەوەیەک نەکرا. شـاندەکە جگە لـە عەبادی، لەگـەڵ عەممار حەکیم، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و نووری مالیکی، سـەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق کۆبووەوە.

کۆبوونـەوە لەگـەڵ مالیکی لـە بەرنامەی شـاندەکەدا نەبـوو، بـەڵام لەسـەر داوای نێچیرڤان بارزانی بوو. بەگوێرەی زانیارییەکانی (رووداو) نووری مالیکی لە خەودا بووە کاتێک تەلەفۆنیـان بۆ کـردووە کە شـاندی هەرێمی کوردستان سەردانی دەکات.

# کۆمیتەی ئاساییکردنەوەی پەرلەمان و حکومەت دەستی بە کارەکانی کرد

**پارتی:**
**ئەو کۆمیتەیە هەر بڕیارێک بدات رێزی لێدەگرین**

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

وا بڕیـارە ئەمڕۆ (دووشـەممە 2016/2/1) کۆمیتەی ئاساییکردنەوەی کارەکانی پەرلەمان و حکومەت دەستبەکار بێت و یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی سازبکات.

عومـەر محەممـەد، ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی یەکگرتـووی ئیسـلامی رایگەیاند کە ئەو کۆبوونەوەیە بۆ دەستنیشانکردنی نەخشە رێـگای کارکـردن و دیاریکردنـی ئەولەویاتـی کارەکانی ئەو کۆمیتەیە دەبێت.

لە کۆبوونەوەی رۆژی 2016/1/26 ی نێوان مەسعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان و حیزبە بەشـدارەکانی حکومەت و پەرلەمانی کوردسـتاندا، بڕیـار درا کۆمیتەیەکی هاوبەش پێکبهێنرێت کـە ئەرکەکەی بریتـی دەبێت لە زەمینەسـازی بـۆ کاراکردنـەوەی پەرلەمان و حکومەت و چارەسـەری پرسی سەرۆکایەتی و سەرخستنی گشتپرسی.

ئـەو کۆمیتەیـە لـە 9 کەس پێکدێـت و 3 کارگێڕی دەبێت کە بریتین لە نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەلا بەختیار، بەرپرسـی دەسـتەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و د.عومەر محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی.

کۆمیتەکە سەردانی لایەنە ناکۆکەکان دەکات و لەماوەی هەفتەیەکدا راپۆرتێک ئامادە دەکات و دەیباتەوە کۆبوونەوەی داهاتووی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حیزبەکان کە بڕیارە رۆژی 2016/2/6 بەڕێوەبچێ.

عومەر محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کە یەکێکە لە کارگێڕانی کۆمیتەکـە، گوتـی: "ئەو کۆمیتەیە سـەردانی لایەنـە سیاسـییەکان دەکات بـە ئامانجـی ئاسـاییکردنەوەی کاری پەرلەمـان و حکومەت و دەسـتپێکردنەوەی گفتوگـۆکان چ لە رێگای کۆبوونـەوەی 5 قۆڵی یـان کاراکردنی لیژنەی ئامادەکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان".

گوتیشی: "هەموو بابەتەکان بە پەرلەمانەوە بەستراونەتەوە، لە کۆبوونەوەی حیزبەکانیشدا ئەمینداری یەکگرتوو ئەوەی بە کاک مەسـعود بارزانی گوت کە بڕیارێک بدات دۆخەکە ئاسایی بکرێتـەوە و وەزیرەکانـی گـۆڕان بگەڕێنەوە و پەرلەمان دەسـت بە دانیشـتنەکانی بکاتەوە، ئینجا دەست بە گفتوگۆ بکرێت".

### حیزبەکان چی دەڵێن؟

کۆمەڵی ئیسـلامی کە دوایـین کۆبوونەوەی حیزبەکانـی لەگـەڵ بارزانـی بایکـۆت کـرد، رایگەیاند کە ئەوان دەرگایان بۆ سـەردانی ئەو کۆمیتەیە کراوەیە.

محەممـەد حەکیـم، کارگێـڕی ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی بە (رووداو)ی گوت: "تاوەکو ئێسـتا بـە فەرمی داوامـان لێنەکراوە نوێنەری خۆمان لـەو کۆمیتەیە دیاری بکەین، هەر کاتێک کارگێڕانی ئەو کۆمیتەیە سەردانیان کردیـن، گفتوگۆیان لەگـەڵ دەکەین و ئەوکات هەڵوێستی خۆمان رادەگەیەنین".

بـەڵام بزووتنـەوەی گـۆڕان کـە لـە دوای دوورخسـتنەوەی وەزیرەکانـی و رێگـری لـە گەڕانـەوەی سـەرۆکی پەرلەمان بـۆ هەولێر لە رۆژی 2015/10/12 تاوەکو ئێسـتا کۆبوونەوە لەگەڵ پارتی رەتدەکاتەوە، هەڵوێستێکی روونی لە پێشوازیکردن لەو کۆمیتەیە نیشان نەدا.

ئـەو بزووتنەوەیـە لە چەندیـن بەیاننامەدا جەختی لەسـەر ئەوە کردووەتەوە کە دۆخەکە ئاسـایی بکرێتـەوە، ئینجا دەست بە گفتوگۆ بکرێت. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) کۆمیتەکە کـە نوێنـەری پارتیشـی تێدایـە، سـەردانی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەکات.

شـۆڕش حاجـی، گوتەبێـژی بزووتنـەوەی گۆڕان لەوبـارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو کۆمیتەیـە تاوەکـو ئێسـتا پەیوەندییان پێوە نەکردووین بۆ ئـەوەی بێنە لامان، هەر کاتێک داوایان کرد هەڵوێستی خۆمان رادەگەیەنین".

هـەر لەوبـارەوە عەلـی حوسـێن، ئەندامی سـەرکردایەتی پارتـی رایگەیاند کـە ئەوان بە بڕیارەکانی ئەو کۆمیتەیە رازین. عەلی حوسێن گوتی "کۆمیتەکە سـەردانی هەمـوو لایەنەکان دەکات بـە بزووتنەوەی گۆڕانیشـەوە، چاوەڕێ دەکەین هەمـوو لایەنەکان بە گۆڕانیشـەوە لە ئاستی بەرپرسیارێتی قۆناغەکەدا بن، بڕیارەکانی ئەو کۆمیتەیە لای پارتی رێزی هەیە".

سـەبارەت بە ڤیتۆی حیزبەکەشـی لەسـەر گەڕانـەوەی د.یوسـف محەممـەد، سـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ سەر کارەکەی، عەلی حوسـێن گوتی: "حیزبەکان ئـەو کۆمیتەیەیان سەرپشـک کردووە و دەسەڵاتیان پێداوە، هەر بڕیارێکیـش بـە دیراسـەکردن دەبێـت و هەر بڕیارێکیـش ئـەوان بیـدەن پارتی پێـی رازی دەبێت".

پێشـتریش فـازڵ میرانـی سـەبارەت بـە بڕیارەکانی ئـەو کۆمیتەیە لە دوای تەواوبوونی کۆبوونـەوەی بارزانـی و لایەنـەکان بـە رۆژنامەڤانانی راگەیاندبوو: "وەکو رێزگرتنێک بۆ کۆمیتەکە ئێمەش دەبێـت بە بڕیارەکانی رازی بین".

بەپێـی زانیارییەکان یەکگرتووی ئیسـلامی داوای لە بارزانی کردووە بە بڕیارێک رێوشوێن و بڕیارەکانی پێشووی حکومەت هەڵبوەشێنێتەوە و وەزیرەکانـی گـۆڕان بگەڕێنـەوە و پەرلەمان دەسـت بە دانیشـتنەکانی بکاتـەوە و بەوەش دەرچەیەکـی سیاسـی و یاسـایی بۆ پرسـی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردسـتان بدۆزرێتەوە. ئەندامێکـی مەکتەبـی سیاسـی یەکگرتـووی ئیسـلامی کە نەیویسـت نـاوی بڵاوبکرێتەوە، گوتـی: "تـا رادەیـەک پارتـی و خـودی کاک مەسعود بارزانی مروونەتیان نواندووە".

لەلایەن خۆشـیەوە مەلا بەختیار، بەرپرسی دەسـتەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسـی یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان لە مەراسیمی ساڵیادی شـەهیدبوونی لیوا حوسـێن مەنسـووردا، کە لـە سـلێمانی بەڕێوەچـوو، گوتـی: " لـەدوا کۆبوونەوەمـان لەگـەڵ بارزانی باسـمان لەوە کردووە کە پەرلەمان ئەکتیڤ بکرێتەوە و دەبێت کێشەکان لەڕێگەی پەرلەمانەوە چارەسەر بکرێن و ئەویش نەرمی نواندووە".

مـەلا بەختیار گوتی "مەسـعود بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا بەڵێنی دا کە مافی ڤیتۆ بەرامبەر هیـچ لایەنێکـی پەرلەمـان بەکارنەهێنرێت لە ئەکتیڤکردنەوەی پەرلەماندا و هەموو لایەنەکان پێکەوە پەرلەمان ئەکتیڤ بکەنەوە".

بارزانی، لە پەیامێکیدا بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێ داوای کرد: "بڕیار لەسەر سازدانی هەڵبژاردنی سـەرۆک بدەن، یان لەسـەر دەستنیشانکردنی بەڕێزێـک رێکبکەون کە هەتـا هەڵبژاردنەکانی سـاڵی 2017 ئەرکی سەرۆکایەتیکردنی هەرێم بگرێتە ئەستۆ، یانیش بڕیار لەسەر ئەوە بدەن تاوەکـو هەڵبژاردنەکانـی 2017 بارودۆخەکـە بەوشێوەیەی ئێستا بمێنێتەوە".

سـەبارەت بـە هەڵبژاردنی کەسـێکی دیکە بۆ سـەرۆکایەتی هەتاوەکـو وادەی هەڵبژاردنی 2017 کە یەکێک بوو لە پێشنیازەکانی بارزانی، ئایـدن مەعـروف، ئەندامی مەکتەبی سیاسـی بەرەی تورکمانی بە (رووداو)ی گوت: "بارزانی لـە کۆبوونەوەی حیزبەکاندا چوار جار داوای لە لایەنە سیاسـییەکان کرد کەسـێک بۆ پۆستی سـەرۆکایەتی دەستنیشـان بکـەن، بەڵام هیچ کەسێک وەڵامی نەدایەوە".

ئێسـتا تەنیا دوو پێشـنیازی بارزانی ماون کە لایەنەکان گفتوگۆی لەسەر بکەن: هەڵبژاردن یاخـود مانـەوەی دۆخەکـە بـەم شـێوەیە تا هەڵبژاردنەکانی 2017.





## فازڵ میرانی: بڕیارمان داوە بەرەو ڕێککەوتن بڕۆین

**رووداو- هەولێر**

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، بڕیاریان داوە بەرەو ڕێککەوتن بڕۆن، ڕێککەوتنیش بەبێ سازش نابێت. دەشڵێت "نابێت ئیرادەیەک بەسەر ئیرادەیەکی دیکە بسەپێندرێت.

میرانی ئەو قسانەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا کرد، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندێکی یەکێتی ئەورووپا و 10 کونسوڵی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان.

میرانی گوتی "سەردانی ئەم شاندە دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە بەخۆماندا بچینەوە، بۆ ئەوەندە لە یەک دووربین، خەڵکێک بە هەزاران کیلۆمەتر ببڕن و بێن لە یەکترمان نزیک بکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە باشە بزانین کە دۆستانمان هەن خەمی کوردستانیان هەیە".

### ئەحمەد ئەلجەمەیلی، باڵیۆزی عێراق لە سریلانکا بۆ رووداو:

# کردنەوەی کونسوڵخانەی سریلانکا لە هەولێر لە قۆناغی کۆتاییدایە



**ناسر نهێلی**
**رووداو- کۆلۆمبۆ**

باڵیۆزی عێراق لە سریلانکا دەڵێت کارەکانی کردنەوەی کونسوڵخانەی سریلانکا لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە. هەروەها دەڵێت کە دەیانەوێ سوود لە ئەزموونی سریلانکا لە بواری کشتوکاڵدا ببینن و لە عێراق جێبەجێی بکەن.

حکومەتی عێراق لە ساڵی 1971ەوە باڵیۆزخانەی لە سریلانکا کردووەتەوە، بەڵام ئەحمەد ئەلجەمەیلی کە ئێستا باڵیۆزی عێراقە لەو وڵاتە، دەڵێت ڕژێمی پێشووی عێراق هیچ سوودێکی لە ئەزموون و پێشکەوتنەکانی ئەو وڵاتە وەرنەگرتووە، بەڵکو باڵیۆزخانەکەی زیاتر بۆ کاری هەواڵگری بەکارهێناوە.

ئەلجەمەیلی لە هەڤپەیڤینێکی کورتدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێت "بەو پێیەی سریلانکا وڵاتێکی دوورە دەستە و کەمتر چاوی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکای لەسەر بووە، ڕژێمی پێشووی عێراق قورساییەکی زۆری خستبووە سەر ئەم وڵاتە و لێرەوە کاری سیخوڕیی لەسەر ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا و ئیسرائیل دەکرد. بەشێکی تایبەتی لەنێو باڵیۆزخانەکەدا بۆ کاری هەواڵگری جیاکردبووەوە". هەروەها دەڵێت "هەر حیزبێکی ئەو وڵاتە بەهێز بووایە، ڕژێمی پێشووی عێراق بە ملیۆنان دۆلاری پێدەدا، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا بیباتەوە و ڕێگری نەکەن لە کارە هەواڵگرییەکانی ڕژێم".

ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان کونسوڵخانە یان نوێنەرایەتی بازرگانییان لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە، بەڵام سریلانکا لە نێو ئەو وڵاتانەدا نییە. ئەحمەد ئەلجەمەیلی باسی کردنەوەی کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت "سریلانکا لە ڕووی کشتوکاڵەوە پێشکەوتووە و سریلانکییەکان ئەزموونێکی باشیان لەو بارەوە هەیە، بۆ گواستنەوەی ئەزموونی ئەوان بە پێویستمان زانی کونسوڵخانە لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، چونکە ژینگەی کوردستان بۆ کشتوکاڵ زۆر لەبارە. ئێستا سەرجەم کارەکانی کردنەوەی کونسوڵخانەی سریلانکا لە هەولێر لە قۆناغی کۆتاییدایە و بەم نزیکانە سریلانکا کونسوڵخانە لە هەولێر دەکاتەوە".

زۆربەی خەڵکی کوردستان، ئەگەر ناوبانگی پڵنگەکانی تامیلیان نەبیستبێ کە گرووپێکی بەرهەڵستکار بوون و لە دژی حکومەتی سریلانکا دەجەنگان و لە ساڵی 2009دا لەنێوبران، ئەوا زۆربەیان ڕۆژانە جۆرەکانی چای سریلانکی دەخۆنەوە.

سریلانکا کە دەکەوێتە باشووری ئاسیا، لە بەرهەمهێنانی چادا بەناوبانگە و زۆربەی دۆڵ و دەشتەکانی لە کێڵگەکانی چا سەوز دەچنەوە. بەپێی زانیارییەکان 23%ی چای جیهان لەو وڵاتە بەرهەم دێت. هەروەها زیاتر لە 63%ی خەڵکی ئەو وڵاتە بە کشتوکاڵەوە خەریکن.

ئەلجەمەیلی دەڵێت "زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ کشتوکاڵ سوود لە ئەزموونی ئەم وڵاتە وەربگرن، بۆیە ئێستا هەوڵ دەدەین پەیوەندی لە نێوان بازرگانانی هەرێمی کوردستان و سریلانکا دروست بکەین".

تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی و ئابووریی عێراق و سووریا، وای کردووە خەڵکی ئەو دوو وڵاتە هەموو ڕێگایەک تاقی بکەنەوە و سەر بە هەموو وڵاتێکدا بگرن، بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە وڵاتانی ئەورووپا. ئێستا کۆچبەرانی عێراق و سووریا فڕۆکەخانەکانی سریلانکا بەکاردێنن و دەیانەوێ بە پاسپۆرتی ساختەوە لەوێوە بگەنە ئوسترالیا و ئەورووپا.

باڵیۆزی عێراق لە سریلانکا سەبارەت بە هەڵبژاردنی سریلانکا لەلایەن کۆچبەرانەوە بۆ کۆچکردن دەڵێت "لا تەریکی ئەم وڵاتە و هاتن و چوونی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار، هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی کۆچبەران لێرەوە کۆچ بکەن". گوتیشی "کۆچبەران بەناوی گەشتکردنەوە دێنە سریلانکا، پاشان بە پاسپۆرتی ساختە گەشت دەکەن. هەر بەهۆی ئەو پاسپۆرتە ساختانەوە تاوەکو ئێستا هەشت عێراقی لە فڕۆکەخانەی کۆلۆمبۆی پایتەخت دەستگیرکراون، پاشان ئێمە پاسپۆرتی ئێمرجنیسمان بۆ کردن و ڕەوانەی عێراق کرانەوە".

عێراق بۆ ڕزگاربوونی لە شەڕی داعش بەردەوام لە سەردان و دیدارە دیبلۆماسییەکانیدا لە ڕێگەی وەزیری دەرەوە و باڵیۆزخانەکانی داوای هاوکاریی سەربازی لە وڵاتانی جیهان دەکات.

باڵیۆزی عێراق لە سریلانکا دەڵێت "بە فەرمی داوامان لە حکومەتی سریلانکا کردووە لە شەڕی دژی داعش و قەیرانی داراییدا هاوکاریمان بکەن، ئەوانیش بەڵێنیان پێداوین، بەڵام هەتا ئێستا دیراسەی داواکارییەکەی ئێمە دەکەن بۆ ئەوەی بزانن بە چ ڕێگەیەک و چۆن هاوکاریمان بکەن".

### ئۆباما خەوی لێناکەوێ و بەرپرسانی عێراقیش پێخەمن

# پارێزگاری مووسڵ: بەنداوی مووسڵ مەترسی رووخانی لەسەر نییە

**ناسر نهێلی**
**رووداو- بەنداوی مووسڵ**

### ئەندازیارێکی بەنداوەکە: ئەو قسانە بۆ مەبەستی سیاسی دەکرێن

دوو ڕۆژ لە هەوڵدا بووین تاوەکو مۆڵەتمان وەرگرت بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێک لەبارەی مەترسییەکانی ڕووخانی بەنداوی مووسڵ ئامادە بکەین، دوای وەرگرتنی مۆڵەتەکە چووینە هەستیارترین شوێنی بەنداوەکە کە وێستگەی کارەبایە و تەنیا 20 مەترێک لە دیوارە پان و بەرزەکەی بەنداوەکە دوورە. سەرجەم کارمەندەکان سەرقاڵی کاری خۆیان بوون، کاتێک پرسیمان کوا ئەو شوێنەی مەترسیی ڕووخانی لێدەکرێ؟ کارمەندەکان بە پێکەنینەوە گوتیان "ڕووخانی چی، تەنیا پروپاگەندەیە".

ئەگەری ڕووخانی بەنداوی مووسڵ ئێستا مژارێکی گەرمی میدیا نێوخۆیی و بیانییەکانە. بەرپرسێکی عێراقی کە نەیویستووە ناوی بهێنرێت، بە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی ڕاگەیاندووە، باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەلەفۆن بە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراقی گوتووە، هەموو شەوێک خەونی ناخۆش و بێزارکەر بە هەرەسهێنانی بەنداوی مووسڵەوە دەبینێت، بە ڕووخانیشی نەخشەی عێراق دەگۆڕێت.

عەبدوڵڵا تەقی، کە زۆربەی تاڵە مووەکانی قژی سپی بوون، لە ژوورێک دانیشتووە و لەبارەی ئەگەری ڕووخانی بەنداوی مووسڵەوە دەڵێت "کە هاتمە ئێرە تەمەنم 20 ساڵ بوو، ئێستا مووی سەرم سپی بووە و بەنداوەکە هەر وەکو خۆیەتی، بەڕاستی سەرم سوڕما کاتێک بیستم ئۆباما ئەو قسەیەی کردووە".

عەبدوڵڵا تەقی جێگری بەڕێوەبەری وێستگەی کارەبای بەنداوی مووسڵە، ئەو ئەگەری ڕووخانی بەنداوی مووسڵ بە دوور دەزانێت و دەڵێت "ئەم وێستگەیە دەتوانێت 1100 میگاوات کارەبا بدات، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە هەندێک گرفتی تەکنیکی بۆ دروستبووە و ئێستا تەنیا 750 میگاوات کارەبا دەدات. ئەو کێشەیەی باسی دەکەن بەهۆی ئەوەیە کە هەموو وێستگەکە کار ناکات و ئاو تەنیا لەلایەکی بەنداوەکەوە دەردەچێ، ئەگەر وێستگەکە بە تەواوی کار بکات، ئاو لە دوو لاوە دەردەچێت و ئەو مەترسییەی لەسەر نامێنێ".

بەنداوی مووسڵ گەورەترین بەنداوە لەسەر ئاستی عێراق و چوارەم گەورەترین بەنداوە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نزیکەی مانگێکە کۆشکی سپی و سەرۆک ئۆباما باسی مەترسی ڕووخانی ئەو بەنداوە دەکەن کە ئەگەر بڕووخێت مەترسیی گەورەی لەسەر شارەکانی مووسڵ و تکریت و تەنانەت بەغداش دەبێت و پێشبینی دەکرێت یەک ملیۆن کەس ژێر ئاو بکەن و نیو ملیۆنیش ئاوارە ببن.

جاسم محەممەد، ئەندازیارێکی بەنداوی مووسڵە کە 15 ساڵە لە بەشی تەکنیکیی ئەو بەنداوە کار دەکات، ئەو هیچ مەترسییەک لەسەر ڕووخانی بەنداوەکە نابینێ و دەڵێت "ئەو کێشەیەی ئەوان باسی دەکەن لەسەرەتای دروستکردنی ئەم بەنداوە هەر هەبووە، بە پڕکردنەوەی ئەو شوێنانە بە ئاسانی ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت. ئەو قسانە زیاتر بۆ مەبەستی سیاسی دەکرێن".




هەر لەوبارەوە کەریم ئامێدی کە ئەندازیارێکی دیکەی ئەو بەنداوەیە و لە بەشی چاودێری کاردەکات، دەڵێت "من شەو و ڕۆژ چاودێریی بەنداوەکە دەکەم، بەڵام هیچ مەترسییەک لەسەر ڕووخانی بەنداوەکە نابینم".

بەرپرسانی عێراقیش هاوشێوەی ئەندازیارانی بەنداوەکە دەڵێن هیچ مەترسییەک لەسەر ڕووخانی بەنداوەکە نییە.

نەوفەل حەموودی، پارێزگاری نەینەوا بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمەش بە حکومەتی بەغدامان ڕاگەیاندووە کە هیچ مەترسییەک لەسەر ڕووخانی ئەو بەنداوە نییە، تەنیا چەند شوێنێک پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە، داوامان لێکردوون کە نۆژەنی بکەنەوە".

### عادل بەرواری، ڕاوێژکاری پێشووی نووری مالیکی بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان:

# مالیکی لە هەموو سەرکردەکانی عێراق باشترە بۆ کورد



**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

### هەموو دونیا لەگەڵ ئەوەیە کورد پشت لە بەغدا نەکات

### مالیکی بۆ هێز و کاریگەریی لە عێراق لەگەڵ عەبادی بەراورد ناکرێ

عادل بەرواری، ڕاوێژکاری پێشووی نووری مالیکی بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان دەڵێت، ئێستاش هەرێمی کوردستان پێویستی بە بەغدا هەیە و بۆچوونی ناتۆ و هەموو وڵاتانی جیهانیش لەگەڵ ئەوەدایە کە کورد لەگەڵ بەغدا بمێنێتەوە.

ئەو ڕاوێژکارەی پێشووی مالیکی، زۆر پەسنی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق دەدات و دەڵێت "مالیکی کەسێکی زۆر باشە و کاریگەرترین کەسایەتی عێراقە، بۆ کوردیش لە هەموو سەرکردەکانی دیکەی عێراق باشترە".

شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی کە ڕۆژی یەکشەممە 2016/1/31 سەردانی بەغدایان کرد، بە سەردانی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، کۆتاییان بە گەشتە یەک ڕۆژییەکەیان بۆ بەغدا هێنا.

عادل بەرواری کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراقەوە بووە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دوای تەواوبوونی خولەکەشی بووە ڕاوێژکاری نووری مالیکی بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان لە مانگی شەشی ساڵی ڕابردووەوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەوت دەفرۆشێ و هیچ پارەیەکیشی لە عێراقەوە بۆ نایەت، بەڵام بەرواری دەڵێت ئێستاش هەرێمی کوردستان پێویستی بە بەغدایە "چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ ئێمە هەرێمێکین سەر بە حکومەتی فیدراڵی عێراق، هەموو شتەکانی ئێمە هەر بەڕێگای بەغدا چارەسەر دەبن، بۆ نموونە هەر وەفدێکی باڵا کە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، سەردانی بەغداش دەکات، ئەمە پەیامێکە بۆ ئێمە کە هێشتا هەرێمێکین سەر بە بەغداین".

بەرواری سەردانەکەی شاندی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا بە باش دەبینێ و دەڵێت "ئاشتبوونەوە لەگەڵ بەغدا باشترین چارەسەرە بۆ ڕەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی. ڕاستە ڕەوشی ئابووریی عێراقیش باش نییە، بەڵام عێراق وڵاتە و سیادەی هەیە، جگە لە نەوت خاوەن خورما و داهاتی گومرگەکانە و دەسەڵاتی بەسەر 14 پارێزگادا هەیە، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکانمان بە ڕێگەی بەغدا ئاسانترە".

عادل بەرواری دەڵێت ئەوە تەنیا بۆچوونی خۆی نییە کە کورد لەگەڵ بەغدا بێت، بەڵکو دەڵێت "وڵاتانی ئەندامی ناتۆ و تەنانەت هەندێک لەو وڵاتانەی دۆستی کوردن، لەگەڵ ئەوە نین کورد پشت لە بەغدا بکات، بەڵکو لەگەڵ ئەوەن لە عێراقێکی یەکگرتوودا بین".

سەبارەت بەسەردانی شاندی کوردیش بۆ لای نووری مالیکی کە ئێستا هیچ بەرپرسیارێتی نییە، بەرواری دەڵێت "ڕاستە مالیکی هیچ پۆستێکی حکومی نییە، بەڵام سەرۆکی حیزبی دەعوەیە و ئێستاش بەهێزترین کەسایەتییە لە عێراق، هەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ عەبادی، چونکە ئێستاش سەرجەم سوپا و هەواڵگریی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی مالیکیدایە".

عادل بەرواری باسی هەڵوێستەکانی مالیکی بەرامبەر کورد دەکات و دەڵێت "سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی، بەڵام هەتا ئێستا هیچ کەسێک لە مالیکی بۆ کورد باشتر نییە".

بەرواری باسی هەڵوێستێکی بارزانی بەرامبەر مالیکی کرد و گوتی "کاتێک خەڵکی بەسرا ناڕەزایی بەرامبەر مالیکی دەربڕی، من لەلای ئەو بووم، کاک مەسعود بارزانی تەلەفۆنی بۆ کرد و گوتی ئەگەر پێویستت بە هاوکاری منە، ئەوە خۆم دێم بۆ بەغدا".

ماتیاس میتمان، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# بڕوامان بە عێراقێکی یەکگرتووە

ناوچەکە بە دۆخێکی دژواردا تێدەپەڕێت. ئاگری شەڕ زۆر شوێنی گرتووەتەوە. داعش لە قووڵایی سووریاوە هەتا دەگاتە مووسڵ و سنووری ئەنباریش دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە. سەرباری جەنگ، قەیرانی داراییش وەکوو هەڕەشەیەکی زۆر گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان دەرکەوتووە. ئەمریکا ئامادەیی هەبووە، کاریگەریی هەبووە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا، بە تایبەتیش لە عێراق و هەرێمی کوردستان. بۆیە لەم دژوارییەی لە ناوچەکەدا هەیە چاوەڕێ دەکرێت هەڵوێستی هەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەر و گێڕانەوەی سەقامگیریدا. هاوکارمان شاهۆ ئەمین ئەم پرسانە و چەند پرسێکی دیکە لەگەڵ ماتیاس میتمان، کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر، گەنگەشە دەکات.

هەڤپەیڤین: شاهۆ ئەمین
ڕووداو- هەولێر



**ڕووداو: دەمەوێت لە جەنگی دژی داعشەوە دەست پێبکەین، کاتێک سەیری تی ڤی دەکەین، گوێ لە ڕادیۆ دەگرین و ڕۆژنامەکان دەخوێنینەوە، دەبینین زۆربەی هەواڵەکان لەسەر داعشن، ئەمریکا چۆن دەڕوانێتە شەڕی داعش لە ناوچەکەدا؟**

**ماتیاس میتمان:** تۆ یەکێک لە گرنگترین پرسیارەکانت کرد، لەبارەی کاری کونسوڵی ئەمریکا و حکومەتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق لە جەنگی دژی داعشدا. ئەمە ئەولەویەتی ژمارە یەکی حکومەتی ئەمریکایە کە بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان داعش لاواز بکەین و شکستی پێبهێنین. ئەم ماوەیە سەرقاڵی پلاندانانین بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵ و دەشتی نەینەوا. ئێستاش لە نزیکەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکان دیکەی سوننەدا کار دەکەین بۆ دانانی پلانی ئەم ئۆپەراسیۆنە. دڵنیاین سەرکەوتوو دەبین و لەڕووی سەربازییەوە شکست بە داعش دەهێنین و لەم ناوچانە دەریاندەکەین.

**ڕووداو: دەتوانیت پێمبڵێی ئازادکردنی مووسڵ کەی دەبێت؟**

**ماتیاس میتمان:** نامەوێت باسی وردەکارییەکانی بکەم، ئەمە ئۆپەراسیۆنێکە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەڕێوەدەبردرێت، بە پشتگیری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان و ئەمریکا و بێگومان هێزی پێشمەرگەی قارەمان کە بە ئازادکردنی ناوچەکانی دەوروبەری شنگال و کەرکووک، سەلماندیان شارەزاییەکی باشیان لە تێکشکاندنی داعشدا هەیە. من دەمەوێت ڕێزی خۆم دەرببڕم بۆ ئەو قوربانیانەی هێزی پێشمەرگەی قارەمان داویانە، وەکوو دەزانن ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە شەهید بوون، واتە زیاتر لە 1300 پێشمەرگە شەهید بوون و زیاتر لە 8000 پێشمەرگەش بریندار بوون. کەواتە پێشمەرگە ئێلتیزامێکی ڕاستەقینەی لە شەڕی دژی داعشدا هەیە. ئێمە ڕێز لەمە دەگرین و بێگومان دەمانەوێت هەتا شکستپێهێنانی یەکجارەکی داعش یارمەتی و هاوکاری پێشکەش بکەین و دان بەو هەڕەشە ڕاستەقینەیەشدا دەنێین کە داعش لەسەر ئەم هەرێمە دروستی کردووە.

**ڕووداو: لە کاتی هێرشی داعشدا بۆ سەر کوردستان، ئۆباما ڕایگەیاند کە هەولێر هێڵی سوورە و هەرێمی کوردستان تاکە شوێنە کە پێکەوەژیانی ئاشتیانەی تێدا پارێزراوە، بەوشێوەیەش بڕیاری دا لە ئاسمانەوە پشتیوانی پێشمەرگە بکات، ئێستا ئەمریکا چۆن دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان؟**

**ماتیاس میتمان:** بێگومان ئێمە خەریکی دانانی پلانین بۆ ئازادکردنی هەموو دەشتی نەینەوا و مووسڵ، ئێمە بە نیازین بەردەوام بین لە پشتگیرییەکانمان لە ڕێگەی هێرشی ئاسمانی و دابینکردنی هاوکاری و مەشقی سەربازی. هێڵی سوور هەموو عێراق و هەموو هەرێمی کوردستانە. ئێمە نامانەوێت داعش لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم وڵاتەدا بمێنێتەوە.

**ڕووداو: ئێوە و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەڵێن پێشمەرگە لەجیاتی جیهان شەڕی داعش دەکات، بەڵام قەیرانی دارایی زۆر کاریگەریی دەبێت لەسەر توانای شەڕکردنی پێشمەرگە، منداڵی پێشمەرگە شەڕکەرەکان برسین، مووچە نییە بدرێتە پێشمەرگە، ئەمریکا هیچ ناکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە؟**

**ماتیاس میتمان:** ئێمە دەزانین حاڵی حازر ڕەوشێکی سەختی دارایی ڕووبەڕووی عێراق و هەرێمی کوردستان بووەتەوە، ئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتە لە جیهاندا. ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق گفتوگۆمان کردووە، بۆ ئەوەی بە دوای ڕێگەیەکدا بگەڕێین و چ یارمەتییەک لەم کاتە سەختەدا لە دەست ئێمە دێت. ئێمە بەشداریی پێشمەرگە بەرز دەنرخێنین

## دوو فیرقەی پێشمەرگە بە چەکی سووک و قورس پڕچەک دەکەین

و پێمانوایە هاوپەیمانێکی ستراتیژیی ئێمەن لە جەنگی دژی داعشدا. ئێمە دەمانەوێت دڵنیا بین لەوەی ئەوان پشتگیری و هێزی پێویستیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی لە جەنگی داعشدا هاوپەیمانێکی کاریگەرمان بن.

**ڕووداو: ئێوە وەک کونسوڵی ئەمریکا لە**

## لە دەرفەت دەگەڕێین بۆ هێنانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بۆ کوردستان

**هەرێمی کوردستان، لە ڕاپۆرتەکانتاندا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا باسی ڕەوشی دارایی خراپی پێشمەرگەتان کردووە؟ داواتان کردووە یارمەتی دارایی بدرێتە هەرێمی کوردستان؟**

**ماتیاس میتمان:** بەڵێ باسمان کردووە.

**ڕووداو: وەڵامیان چی بووە؟**

**ماتیاس میتمان:** ڕاستییەکەی هەر دوێنێ گفتوگۆیەکمان هەبوو لەبارەی ئەم مژارە، بەردەوام دەبین لەوەی بەدوای گونجاوترین ڕێگەکاندا بگەڕێین بۆ ئەوەی یارمەتی پێشکەش بکەین، لە هەندێک لەو کێشانەی بەهۆی کێشەی بودجەوە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە.

**ڕووداو: ئەمریکا ساڵانە پارەی داوەتە میسر و وڵاتانی دیکە بۆ بەهێزکردنی سوپا و ئابوورییەکەیان، بۆچی یارمەتی دارایی ناداتە هەرێمی کوردستان؟**

**ماتیاس میتمان:** ئێستا ژمارەیەک شت هەیە دەیکەین، یارمەتی مرۆیی پێشکەش دەکەین، وەکوو دەزانن زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارەی عێراقی هەن کە لە هەرێمی کوردستانن. ئەمە جگە لە سەدان هەزار پەنابەری سووریاش. ئێمە زیاتر لە 600 ملیۆن دۆلارمان وەکوو یارمەتی بۆ ئەم خەڵکە پێشکەش کردووە. من خۆم سەردانی ژمارەیەک کەمپی ئاوارەکانم کردووە، ئێمە بە بڕی زیاتر لە 75 ملیۆن دۆلار شتومەکمان بۆ دابین کردوون. هەروەها یارمەتیی سەربازی پێشکەش بە پێشمەرگە دەکەین، ئێستا لە پرۆسەی مەشقپێکردنی دوو فیرقەی پێشمەرگەداین کە بۆ 4 هەزار پێشمەرگەیە، هەروەها بەنیازین ئەم دوو فیرقەیە بە چەندین جۆر چەک پڕچەک بکەین، لەوانەش چەکی سووک و چەکی قورس، چەکی میکانیکی، کەرەستەی جەنگی، هەموو ئەو پشتگیریانەی لە بواری لۆجیستیکیدا پێویستیانە، وەکوو ئۆتۆمبێلی هامڤی و ئێم ڕاپ. ئەمەش توانایەکی زیاتر بەم پێشمەرگانە دەدات. مەشقەکان دەستیان پێکردووە و چاوەڕێ دەکەین لە بەهاریشدا بەردەوام بن.

**ڕووداو: ئەمریکا چۆن دەڕوانێتە ڕەوشی پەرلەمانی کوردستان، چیتان بەسەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکان گوتووە لەوبارەوە؟**

**ماتیاس میتمان:** بەڕای ئێمە ئەوە گرنگە کە ڕێگەچارەیەکی سیاسی هەیە بۆ ئەو کێشانە. ئێمە هەمان پەیاممان بۆ هەموو پارتە سیاسیەکان هەیە، جا بۆ پارتی بێت یانیش بۆ یەکێتی و گۆڕان و هەندێک لە حزبە ئیسلامییەکان، بەڕای ئێمە گرنگە لە پرۆسەیەکی سیاسیدا ڕێگەچارە بدۆزرێتەوە. نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان پێویستە کۆببنەوە، ئێمە ستایشی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەین کە دەستپێشخەری کرد و لەگەڵ سەرکردەی پارتە سیاسییەکان کۆبووەوە، دەزانم ئێستا لیژنەیەکیان پێکهێناوە کە هەندێک پێشنیاز دەخاتە بەردەم پارتە سیاسییەکان بۆ ئەوەی بیری لێبکەنەوە، ئێمە بەم پێشکەوتنانە خۆشحاڵین.

**ڕووداو: ڕەوشی دارایی هەرێمی کوردستان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە تێکچووە، حکومەتیش هەندێک چاکسازی ڕاگەیاندوون، چۆن دەڕواننە ئەو پرۆسەیە؟**

**ماتیاس میتمان:** من خۆم بەشداری ئەو سیمینارە بووم کە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی پێشکەشی کرد و ستراتیژێکی هەمەلایەنەی خستەڕوو بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی لە حکومەتدا، واتە ئەو چاکسازییانەی دانراون بۆ ئەوەی داهاتی حکومەت بەرزبکەنەوە و خەرجییەکانیشی دابەزێنن. هەروەها بەدوای کۆمەڵێک ڕێگەدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی دەرفەتێکی زیاتر بە کەرتی تایبەت بدرێت. بێگومان ئێمە پشتگیری لە دەستپێشخەری گەورەتر و پاڵنەری گەورەتر دەکەین بۆ کەرتی تایبەتی، بەشێک لە کاری من هاندانی کاروباری کۆمپانیا ئەمریکییەکانە، بۆ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا کاری بزنس بکەن، هەر بۆیەش ئێمە بۆ دەرفەتێک دەگەڕێین بۆئەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بێنە ئێرە و کاری بزنس بکەن. بەبڕوای ئێمە ئەمە ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان فرەڕەنگ بکرێت و کەمتر پشت بە هەناردەکردنی وزە ببەستێ و بە شێوازێکی ئاسانتر ئەم قەیرانە ئابوورییە تێپەڕێنن، بەبێ ئەوەی وابەستەی ئەو گۆڕانکارییانە بن کە لە بەهای جیهانیی نەوتدا ڕوودەدات.

**ڕووداو: دوو ساڵە بەغدا بودجەی لە هەولێر بڕیوە، ئەمە هۆکارێکی سەرەکی قەیرانەکەیە، مەعقولە ئەمەریکا کە دەستی بەسەر عێراقدا دەڕوا، ئەمە قبوڵ دەکات؟ ئەمەریکا ناتوانێ ئەم سیاسەتەی عێراق بگۆڕێ؟**

**ماتیاس میتمان:** ئێمە تێدەگەین کە هەندێک

## کوردی سووریا زۆر یارمەتیدەر دەبن بۆ ئازادکردنی ڕەققە

ناکۆکی هەیە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق، ناکۆکییەکان پەیوەستن بە پشتیوانیی بودجە و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی کۆمپانیای نەوتی باکووری عێراق. بە بۆچوونی ئێمە باشترین ڕێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمە دیالۆگە، واتە دیالۆگی سیاسی، ئێمە هەمان پەیام ئاراستەی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە پێویستە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا دیالۆگ بکەن، باڵیۆزخانە و باڵیۆزی ئێمەش لە بەغدا هەمان پەیام ئاراستەی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا دەکەن، کەواتە ئێمە پێمانوایە ئەمە دەبێت چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەمە کێشەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندییە کە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ لە نێوان خۆیاندا کار لەسەر ئەمە بکەن.

**ڕووداو: خەڵک دەستکورتن و پێویستیان بە هاوکاریی دارایی هەیە، بەڵام دوو ساڵە کێشەکە بەردەوامە، بۆچی لە دیالۆگەکانی نێوان هەردوو لایەندا هیچ ئەنجامێکی باش نەهاتووەتە ئاراوە؟**

**ماتیاس میتمان:** وابزانم ژمارەیەک هۆکار هەن، بێگومان هۆکارە سەرەکییەکە ئیرادەی سیاسییە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیی عێراق بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە. ئێمە پشتگیری لە هاوکارییەکی زیاتر و بەرفراوانتر لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردی و حکومەتی ناوەندی دەکەین.

**ڕووداو: هەندێ ئاماژە وای دەردەخەن کە خەریکە ڕۆڵی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا کز دەبێ و سەرەداوەکانتان لەدەست دەردەچێ، ڕووسیا ئێستا ڕۆڵ و کاریگەریی پەیدا کردووە، ئێران لە عێراقدا زۆر زیاتر لە ئێوە دەستڕۆیشتوە، هۆکاری پاشەکشەی ئەمریکا چییە؟**

**ماتیاس میتمان:** من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا کۆک نیم. ئەمریکا هێشتاش ڕۆڵێکی زۆر بەهێزی هەیە، ئێمە ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی بەهێزمان لەگەڵ عێراقدا هەیە، هاوپەیمانێتییەکمان پێکهێناوە کە ئێستا زیاتر لە 60 وڵاتی تێدایە و لە جەنگی دژی داعشدا پشتگیری حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردی دەکات. ئێمە هەموو ڕۆژێک هێرشی ئاسمانیمان بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش لە عێراق و سووریا کردووە. ئێمە پابەندین بە لەناوبردنی داعش، پابەندین بە دڵنیابوون لە سەروەریی عێراق، دەمانەوێت عێراقێکی بەهێز و سەرکەوتوو و دیموکرات ببینین و هەوڵێکی زۆریش بۆ ئەم ئامانجە دەدەین، ئەمەش وەکوو بەشێک لە ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکەمانە. ئەمە سیاسەتی ئێمەیە و بەردەوامیش دەبێت.

**ڕووداو: ئەولەویەت بۆ ئەمریکا چییە، عێراقێکی دیموکراتیک یان سەقامگیر؟ پێدەچێت پیادەکردنی دیموکراسی لە شوێنێکی وەکوو عێراق و سووریا چیدی کارێکی ئاسان نەبێت؟**

**ماتیاس میتمان:** بەڕای من گومانی تێدا نییە کە جۆرێک لە پابەندی لای خەڵکی عێراق هەیە، ئەوان دیموکراسییان دەوێت، ئێمەش پشتگیری لەمە دەکەین. لە عێراق پرۆسەیەکی سیاسی زیندوو و داینامیک هەیە، ژمارەیەکی زۆری پارتی سیاسی هەن، خەڵکی مافی ئەوەیان هەیە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەنگ بدەن. ئێمە درێژە بە پشتگیرییەکانی خۆمان و بەهێزترکردنی ئەو دامەزراوانە دەدەین کە پشتگیری لە دیموکراسی دەکەن. بێشک ڕەوشەکە لە سووریا زۆر ئاڵۆزترە. بەڕای ئێمە گرنگە کە هێزە دیموکراتەکان بتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن. حاڵی حازر ئەوان دیموکراسییان نییە، ئێمە پشتگیری لەو هەوڵانە دەکەین کە بۆ گۆڕانی ڕژێمی سووریا دەدرێن، حەز دەکەین حکومەتێکی دیموکرات و جووڵەیەک بە ئاراستەی حکومەتی کاتی لە سووریا ببینین.

**ڕووداو: سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حیزبەکان هاوڕان لەسەر گشتپرسی لەسەر دیاریکردنی ئایندەی کوردستان، ئیدارەی ئەمریکا بە دیاریکراوی قسەی لەسەر ئەمە چییە؟**

**ماتیاس میتمان:** ئێستا فۆکسی ئێمە لەسەر ئەوەیە لە سێ بواری سەرەکیدا کار لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بکەین کە بریتییە لە جەنگی داعش. هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕەوشە مرۆییە کە زیاتر لە 3 ملیۆن خەڵکی عێراق ئاوارەبوون و پەرەدان بە ئاشتەوایی سیاسی. ئێمە دڵنیاین داعش دواجار لەڕووی سەربازییەوە تێکدەشکێت، بەڵام دەبێت پرۆسەیەکی ئاشتەوایی نیشتمانیش هەبێت کە متمانە و دڵنیایی بۆ 3 ملیۆن ئاوارە بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی هەست بە ئەمان بکەن و بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵ و گوند و شارەکانی خۆیان لە مووسڵ و دەشتی نەینەوا و ئەنبار و ئەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی داعشدا ماون. حاڵی حازر فۆکسی ئێمە لەسەر ئەوانەیە.

**ڕووداو: ئەنجامی گشتپرسی مەعلومە چی دەبێ، بەڵام من نامەوێ پێشی بکەوم، ئایا ئەگەر خەڵکی کوردستان هەر بڕیارێکی دا، ئەمریکا پشتیوانی دەکات؟**

**ماتیاس میتمان:** یەکێک لەو شتانەی لە دیپلۆماسیدا فێری بووین ئەوەیە لەگەڵ ئەو ڕەوشەدا مامەڵە بکەین کە هەیە، نەک ئەو ڕەوشەی گریمانەیە. ڕەوشی حاڵی حازریش ئەوەیە کە ئێمە پشتگیری لە ئاشتەوایی سیاسی دەکەین لە هەرێمی کوردستان. ئێمە پشتگیری لە پرۆسەی جەنگی داعش دەکەین و ڕەوشی ئەمنی لێرە لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەرەو باشتر دەبەین. ئێمە هەروەها پشتگیری لە پەیوەندیی بەردەوامی نێوان سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردی و حکومەتی بەغدا دەکەین. ئەمە سیاسەتی ئێمەیە.

**ڕووداو: سەرکردەکانی کورد دەڵێن ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ بۆ زەمەنی خۆی دانرابوو، ئێستا هەلومەرجی ناوچەکە گۆڕاوە، لای ئەمەریکاش سایکس پیکۆ تەواو بووە؟**

**ماتیاس میتمان:** وا بزانم ئەمە پرسیارێکی مێژووییە، ئەمساڵ سەدەمین ساڵیادی سایکس پیکۆیە، من مێژوونااس نیم، من وەکوو دیپلۆماتکارێک لێرەم، مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕەوشانە دەکەم کە ئێستا لە عێراقدا هەن. ئێستا لە جەنگێکی زۆر بەهێزداین لەگەڵ ئەو هەڕەشە ئەمنیانەی داعش دروستی کردوون بۆ سەر هەموو عێراقییەکان و ئەو خەڵکەش کە لە سووریا دەژین، ئێستا فۆکسمان لەسەر ئەوەیە کە دڵنیابین لەوەی داعش تێکشکێنراوە و ئاشتەواییەکی سیاسی هەیە و دوای تێکشکاندنی داعش خەڵکی ئاوارە ڕێگەیان پێدەدرێت بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. دەمانەوێت ببینین کە ئابووری لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا زیندوو بووەتەوە، دەمانەوێت ببینین خەڵکی عێراق بەو بووژانەوەیە گەیشتووە کە شایستەیەتی. دەمانەوێت کەرتێکی تایبەتی بەهێزتر ببینین.

**ڕووداو: ناوچەکە یەک پارچە ئاگرە، لەو پارچانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە شەڕ هەیە، تەسەور دەکەن گۆڕینی نەخشەی جوگرافی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووەتە شتێکی حەتمی؟**

## سەرقاڵی پلانی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مووسڵین

**ماتیاس میتمان:** عێراق وڵاتی ژمارەیەکی زۆر خەڵک و بڕوا و ئایینی جیاواز و جڤاتی جیاوازە. ماوەی 2 هەزار ساڵ هەر بەم شێوەیە بووە. من بۆ ماوەی دوو ساڵ لە بەسرە کونسوڵی گشتی بووم، سەردانی ئۆرم کرد لە پارێزگای زیقار، ئەو شوێنەی کە ئیبراهیم پێغەمبەر لێی ژیاوە، ئیبراهیم باوکی سێ ئایینە سەرەکیەکەیە، واتە ئیسلام، مەسیحی و جوو، خەڵکانی سەر بەم سێ ئاینە، زیاتر لە 2 هەزار ساڵ پێکەوە لەم ناوچانە ژیاون. بەبۆچوونی من خەڵکی عێراق دەیانەوێت وڵاتێکیان هەبێت بە ئاشتی تێیدا بژین لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە بڕوای ئاینیی جیاوازیان هەیە یانیش سەر بە گەلی جیاوازن، ئەمەش ئامانجی حکومەتی ئەمریکایە، ئێمە بڕوامان بە عێراقێکی یەکگرتوو هەیە، عێراقێکی دیموکراتی خاوەن سەروەری، عێراق دەتوانێت هێزی پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە بێت، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە هاوپەیمانی ستراتیژیی نێوان ئەمریکا و عێراق دەیەوێت پێی بگات.

**ڕووداو: گوتووتانە لە سووریا بەشار ئەسەد شەرعیەتی نەماوە، لەو بەشەدا مافی کورد چۆن دەبێ؟**

**ماتیاس میتمان:** ئەمە پرسیارێکی زۆر ئاڵۆزە.

## پێشمەرگە هاوپەیمانێکی ستراتیژیی ئێمەیە لە جەنگی دژی داعشدا

بۆ ئەم پرسە ئێمە نوێنەری تایبەتیی خۆمان هەیە. من سیاسەتی سووریا داناڕێژم. تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کۆکم لەگەڵ ئەوەی گوتت، ئێمە پێمانوایە ڕژێمی ئێستای سووریا شەرعیەتی نەماوە، ئێمە دەمانەوێت پرۆسەیەکی سیاسی ببینین. ژمارەیەکی زۆر کۆنفرانس بە بەشداری نوێنەرانی لایەنە دیموکراتییە جیاجیاکانی سووریا دەبەسترێن، لە سووریا ئێمە پشتگیری لەو ڕۆڵە دەکەین کە هەندێک لە کوردی سووریا لە جەنگی دژی داعشدا دەیگێڕن. کاتێک باسی ئازادکردنی موسڵ و دەشتی نەینەوام کرد، لەو پرۆسەیە بە نیازی ئازادکردنی ڕەققەشین، کە شارێکی سووریایە و داعش دەستی بەسەردا گرتووە، بەبڕوای ئێمە هەوڵی کوردی سووریا کە داویانە، هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی عەرەبە سوننەکانی ناو هێزی دیموکراتی سووریا زۆر یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئازادکردنی ڕەققە.

## هەموو عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا هێڵی سوورن

## پێشمەرگە ئێلیتیزامێکی ڕاستەقینەی لە شەڕی دژی داعشدا هەیە

## لە ڕاپۆرتەکانمدا بۆ وەزارەتی دەرەوە باسی خراپیی ڕەوشی دارایی پێشمەرگەم کردووە

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (394) دووشەممە 2016/2/1

## "مەحسون خەندەقچییە"



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

دوای ئەوەی گۆرانیبێژ مەحسون قرمزیگویل، ڕەخنەی لە کردەوەکانی حکومەتی تورکیا لە باکووری کوردستان گرت و ئەحمەد داودئۆغلۆی بە "زاڵم" وەسف کرد، کەوتە بەر هێرشی میدیاکانی ئاکپارتی.

ڕۆژنامەی ستار لە مانشێتی هەواڵێکیدا بەناوی "مەحسونی خەندەقچی" مەحسونی بە گولەنچی لە قەڵەمدا. لەهەواڵەکەشیدا دەڵێت "لە شوێنی ئەوەی ڕەخنە لە پەکەکە بگرێ کە بە لێدانی خەندەق ژیانی کوردی تاڵ کردووە، دەوڵەت تاوانبار دەکات". ڕۆژنامەی یەنی ئاکیت نووسیبووی "ئەو بە زمانی پەکەکە قسە دەکات و لە بەرامبەر کردەوەکانی پەکەکە بێدەنگە".

**فەریدە لاچین، ئەندامی کۆمسیۆنی یاسایی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان DBP باسی ئامارەکانی 6 مانگی ڕابردوو دەکات:**

# 259 کەسی سڤیل لە باکووری کوردستان کوژراون

پارێزەر فەریدە لاچین، ئەندامی کۆمسیۆنی یاسایی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (DBP) لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 259 هاووڵاتی لە شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا کوژراون کە لە نێویاندا 65 منداڵ هەن، هەروەها تائێستا 59 جار قەدەغەی هاتوچۆ لە شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستان ڕاگەیەنراوە. فەریدە ژمارەی ئەو سەرۆک شارەوانیانەی سەر بە (دەبەپە)ش ئاشکرا دەکات کە دەستگیرکراون، یان لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە.

ڕووداو – هەولێر



**ڕووداو: لەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادان لە 24ی تەممووزی ڕابردوودا، چەند هاووڵاتی بەهۆی شەڕەوە کوژراون؟**

**فەریدە لاچین:** لەوەتەی شەڕ دەستی پێکردووە لە 7 شار و 19 شارۆچکەی باکووری کوردستان 59 جار قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەنراوە. بە گوێرەی ئامارەکانی ئێمە، بەهۆی ئەو شەڕەوە 259 هاووڵاتی بوونەتە قوربانی کە 65 لەوانە منداڵن و 44یشیان ژنن، هەروەها 44 کەسیشیان تەمەنیان لە سەرووی 60 ساڵان بووە. بەهۆی ئەوەی زرێپۆش لەناو شوێنی نیشتەجێبوون بەکارهاتووە، 40 هاووڵاتی لەنێو ماڵەکانیاندا کوژراون. هەروەها بەهۆی پابەندنەبوون بە بڕیاری دادگای مافی مرۆڤی یەکێتی ئەورووپا، بەهۆی بەهاناوە نەچوونی بریندااران و ڕێگانەدان بە گەیشتنی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن، 23 کەسی دیکە بوونەتە قوربانی.

**ڕووداو: هەڵمەتێک لە دژی سەرۆک شارەوانییەکانی ئێوە دەستی پێکردووە، تا ئێستا چەندیان دەستگیرکراون و چەندی دیکەش لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە؟**

**فەریدە لاچین:** لەدوای دەستپێکردنەوەی شەڕ، 31 سەرۆک شارەوانی سەر بە (دەبەپە) دەستگیرکراون. 29 سەرۆک شارەوانیش لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە. چوار ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی دەستگیرکراون، 23ی دیکەش لە پۆستەکانیان دوورخراونەتەوە. دەست بەسەر کەلوپەلی حەوت شارەوانیدا گیراوە. 54 کارمەندی شارەوانی دەستگیرکراون. پڕۆسەی خزمەتکردن لەلایەن شارەوانییەکانەوە پەکخراوە. بەبیانووی ئەوەی بوونەتە هەڕەشە لەسەر یەکێتیی وڵات، داواکاری گشتی داوا دەکات سەرۆک شارەوانییەکانمان بە زیندانی تاهەتایی سزا بدرێن.

### 31 سەرۆک شارەوانی کورد دەستگیرکراون و 29ی دیکەشیان دوورخراونەتەوە

**ڕووداو: ئەی چەند کەس بەهۆی شەڕەوە ماڵ و حاڵی خۆی جێهێشتووە؟**

**فەریدە لاچین:** قەدەغەی هاتوچۆ کە لەلایەن والی و قایمقامەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نییە و بووەتە شتێکی هەمیشەیی. ئەمە بووەتە سیستەمێکی نائاسایی کە ناوێکی دیکەی لێنراوە. شار و شارۆچکەکان کراونەتە زیندان. مرۆڤ ناتوانێ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان وەکو ئاو، کارەبا، خواردن و تەندروستی پەیدا بکات. هێزەکانی دەوڵەت وەکو هێزێکی داگیرکەر ڕەفتار لەگەڵ خەڵک دەکەن.

پێشبینی دەکرێت لە شارۆچکەی جەزیرە کە ژمارەی دانیشتووانی 120 هەزار کەسە، 100 هەزار کەس کۆچی کردبێت. لە شەش گەڕەکی سوور نزیکەی پێنج هەزار خێزان کۆچیان کردووە. 1150 خێزان لەو گەڕەکانەی قەدەغەی هاتوچۆیان بەسەردا سەپێنراوە، چوونەتە گەڕەکەکانی دی.

لە فارقین نزیکەی 20 هەزار کەس لە سێ گەڕەک کۆچیان کردووە، تا ئێستا ئاماری سلۆپی و نوسەیبینمان بەدەست نەگەیشتووە، لەبەر ئەوەی قەدەغەی هاتوچۆ بەردەوامە و ناتوانین قەبارەی زیانەکان دیاری بکەین.

**ڕووداو: بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی بەتایبەت لەلایەن (دەبەپە) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە باکووری کوردستان بڵاودەکرێنەوە، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار، لەگەڵ ئەوەشدا دادگا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بێدەنگن. هۆکاری ئەمە چییە؟**

### 65 منداڵ لە شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا کوژراون

### تا ئێستا 59 جار قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیێندراوە

**فەریدە لاچین:** لەوەتەی شەڕ دەستی پێکردووە، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ گەیشتووەتە لووتکە. خەڵکی مەدەنی بەبێ دادگایی دەکوژرێن، ئەشکەنجە دەدرێن و مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دەکرێت. ساڵی ڕابردوو بەهۆی پێشێلکارییەکان و قەدەغەی هاتوچۆ، 154 کەس بەدەستی هێزەکانی دەوڵەت کوژراون، هەروەها 253 کەسیش بریندار کراون. هێزەکانی ئاسایش توندوتیژیی لە ڕادەبەدەریان بەرامبەر 113 خۆپیشاندانی مەدەنیانە بەکارهێناوە، بەو هۆیەشەوە 130 خۆپیشاندەر بریندار کراون. هەر لە ساڵی ڕابردوودا هێرش کراوەتە سەر 2883 ماڵ و شوێنی کارکردن. هەروەها 5387 کەس دەستبەسەرکراون کە 400یان مێرمنداڵن. 1196 کەس زیندانی کراون کە 66یان منداڵن.

هەندێک لەو کەسانەی دەستگیرکراون، ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە. 101 کەس لەوانەی دەستبەسەرکراون ئەشکەنجە دراون، 106یان هەر لەسەر شەقام لێیاندراوە. بەردەوام دادگا و دەزگا نێودەوڵەتییەکان لەو پێشێلکاریانە ئاگادار دەکرێنەوە.

لە تورکیا دەزگا یاساییەکان، دادگای دەستووری، داواکاری گشتی پەکخراون. بۆ ئەمە پێویستە دادگا نێودەوڵەتییەکان بکەونە جووڵە و پێویستە ئەو بەڵێننامە نێودەوڵەتیانەش ڕۆڵی خۆیان ببینن کە تورکیا واژۆی کردوون.

پێشێلکارییەکان تا ئەم ساتە درێژەیان هەیە. لە سلۆپی هاووڵاتیان بەزۆر لە ماڵەکانیان دێننە دەرەوە و هەموویان لە یاریگایەک کۆدەکەنەوە و دەستەکانیان پێ بەرز دەکەنەوە. ئەم کردەوانە پێشێلکردنی بە ئاشکرای پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە کە جەخت لە مافی خاوەندارێتی موڵک بۆ هەموو کەس دەکاتەوە. بەدرێژایی ماوەی قەدەغەکردنی هاتوچۆ قوتابخانەکان کراونەتە مۆڵگەی سەربازی، ئەمەش بە گوێرەی مافەکانی مرۆڤ، تاوانە.

**ڕووداو: بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە، بەشێک لەو سەربازانەی لەم شەڕەدا دەکوژرێن، کوردن. ئێوە ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

**فەریدە لاچین:** سەرباز و پۆلیسی کورد بە تایبەتی ڕەوانەی ناوچەکەمان دەکرێن. لە ڕووداوی کوشتنی تاهیر ئەلچی سەرۆکی بارۆی ئامەد، پۆلیسی کورد لەو شوێنە بوون. پێویستە جەردەوانان چەک لەدژی میللەتی خۆیان بەکارنەهێنن و یەکسەر وازبێنن. پێویستە ڕێگا لە کوشتنی کورد بە دەستی کورد بگیرێت.

**ڕووداو: سەرەڕای بڕیاری دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپاش هێشتا کەس بە هانای بریندارەکانی جەزیرەوە نەچووە کە چەندین ڕۆژە لە ژێر زەمینی باڵەخانەیەکی ئەو شارۆچکەیە چاوەڕێی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنن. ئایا هیچ ئومێدێک بۆ ڕزگاربوونیان هەیە؟**

**فەریدە لاچین:** ئەو بریندارانە کە ژمارەیان 28 کەسە، هەفتەیەک زیاترە لە ژێرزەمینێکدا گیریان خواردووە، تا ئێستا شەش لەوانە مردوون. ئەندامێکی ئەنجوومەنی (دەبەپە) لەو شارۆچکەیە برینی قاچی پیس بووە. لەناویاندا کچێکی تەمەن 13 ساڵ هەیە. ئەورووپا بەهۆی بەکارهێنانی کارتی پەنابەران لەلایەن تورکیاوە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا گوێی لە دەنگی ئێمە نییە.

---

**بنەماڵەی شاهین چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی شەڕی باکووری کوردستانە**

# براکەی لەسەر پەکەکە لە زیندانە و برازاکەشی بە بۆمبی پەکەکە کوژرا

ڕووداو- هەولێر

"برایەکم بەتۆمەتی ئەندامێتیی پارتی کرێکارانی کوردستان لە زیندانە، برازایەکیشم بە بۆمبی گەریلاکانی پەکەکە کوژرا"، ئەمە قسەی عەبدولباست شاهین، مامی عەلی شاهینە کە ڕۆژی 21ی مانگی ڕابردوو لە سووری ئامەد لە شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا کوژرا.

عەبدولباست دەڵێت "نابێ دەرفەت بدەینە ئەوانەی کە دەخوازن یەکدی بکوژین".

مولازمی یەکەم عەلی شاهین کە سەر بە هێزی جەندرمەی سوپای تورکیا بوو، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی دەستکرد لە شارۆچکەی سووری ئامەد کوژرا. عەلی شاهین کە شەش برای لەخۆی بچووکتری هەبوو، بەر لە کوژرانی بە دوو هەفتە، لە شارۆچکەی پاتنۆسی سەر بە ئاگرییەوە لەگەڵ یەکە سەربازییەکەی گوازرابوونەوە بۆ سووری ئامەد.

عەبدولباست شاهین، مامی ئەو ئەفسەرە کوژراوە باسی برایەکی دەکات کە بەتۆمەتی ئەوەی ئەندامی پەکەکەیە، ساڵانێکە لە زیندانە و دەیبەستێتەوە بە ڕووداوی کوژرانی برازاکەی و دەڵێت "برایەکم وا لە زیندانە، برازایەکیشی لەشەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا کوژرا، ئەوانەی دەکوژرێن خەڵکی ئەم وڵاتەن. ئیدی پێویستە دەرفەت بەو کەسانە نەدەین کە دەخوازن بەدەستی یەکتر بەکوشتمان بدەن. برایەتیی کورد و تورک بەدرێژایی مێژوو وەکو پەنجە و نینۆک وان، ناتوانرێ لە یەکدی جیابکرێنەوە".



تەرمی عەلی شاهین کە ئەفسەری سوپای تورکیا بوو، لە شەڕی سووری ئامەددا کوژرا

بنەماڵەی شاهین کە کوردن و خەڵکی شارۆچکەی قارایازی ئەرزەڕومن، کوڕێکیان بەناوی محەممەد زاهید شاهین لەساڵی 2006ەوە بەتۆمەتی ئەندامێتیی پەکەکە بەند کراوە. عەلی شاهینیش کە برازای زاهید شاهینە، لە سووری ئامەد بە بۆمبێکی چێنراوی پەکەکە کوژرا.

عەبدولباست دەڵێت خێزانی ئەوان دووجار ئازار دەکێشن، جارێک بەهۆی زاهید کە لە زیندانە و جارێکیش بەهۆی کوژرانی عەلی. شاهین داوا دەکات بۆ ئەوەی خێزانی دیکە وەکو ئەوان جەرگسووتاو نەبن، چارەسەرێک بۆ ئەو شەڕە بدۆزنەوە.

عەبدولباست شاهین، باسی هەڵوێستی برا و برازاکەی دەکات و بەرگری لە هەردووکیان دەکات "نکۆڵیکردن لە میللەتێک و لە مافەکانی کە خودا پێیداوە، نە مرۆڤایەتییە و نە ئیسلامیش قبووڵی دەکات، مرۆڤ ناتوانێ دەستەوەستان بوەستێ و قبووڵی بکات. براکەم ئەمەی قبووڵ نەکرد، لەبەرئەوەی نکۆڵی لە زمان و وجودی میللەتەکەی کرا، ڕێگای گەڕان بەدوای مافەکانی هەڵبژارد، دەشیزانی لەو ڕێگایەدا جگە لە مردن، زیندانیکردن و ئازار هیچی دیکە بەدەستناهێنێ. برازاکەشم، بۆ خاکی وڵاتەکەی بەو شێوەیەی کە پێیوابوو ڕاستە، ئەو ڕێگایەی گرتەبەر".

لە شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا لە ساڵانی نەوەتەکان، بە دەگمەن سەربازانی کورد ڕەوانەی ناوچەکانی باکووری کوردستان دەکران، بەڵام دوای ئەوەی ئاکپارتی دەسەڵاتی گرتەدەست و کۆتایی بە هەژموونی سوپای تورکیا بەسەر سیاسەتدا هات، ئەم مەسەلەیەش گۆڕانکاریی بەسەردا هات.

خەڵکی باکووری کوردستان پێیانوایە ئاکپارتی بەمەبەستی کوشتنی کورد بە دەستی کورد، سەربازانی کورد ڕەوانەی ناوچەکانی شەڕ لەگەڵ پەکەکە دەکات. قسەکانی عەبدولباستیش هەمان ئەو گومانە دەورووژێنێ. عەبدولباست شاهین دەڵێت، ئەوان لە ڕێی سۆشیال میدیاوە زانیویانە عەلیی برازای چووەتە سووری ئامەد "وێنەی نوێژکردنی لەبەردەم یەکێک لە مزگەوتە مێژووییەکانی ئامەد بڵاوکردەوە. ئەوکات زانیمان ڕەوانەی ئامەد کراوە. بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ کرد، گوتی تازە گەیشتوومەتە سوور و لەگەڵ تیمی چاودێری و پشکنین کاردەکەم. دوای چەند ڕۆژێک هەواڵی شەهیدبوونیمان بۆ هات".

عەبدولباست، پێیوایە کێشەی سیاسییەکانە ئەو شەڕەی دروستکردووە و ڕێگا نادات چارەسەرییەکی جدی بێتە ئاراوە "بەهۆی حیساباتی بچووکی سیاسەتمەدار و بەرپرسان، هەموو ڕۆژێک ژیانمان زیاتر تاریک دەبێت، بەهۆی ئەوانە کە ناگەینە چارەسەرێکی ریشەیی".

عەبدولباست شاهین، بە ترس و نیگەرانییەوە دەڵێت "بەمەبەستی بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوت، کەسانێک دواڕۆژی ئەم وڵاتە دەخەنە مەترسییەوە".

ئەو باسی ئەو دۆخە نالەبارە دەکات کە خەڵکی ناوچەکە بەهۆی شەڕ و پێکدادان بەدەستییەوە دەناڵێنن و دەڵێت "خەڵک لە چاوەڕوانییەکی جدی و دڵخۆشکەردا بوون، پێیانوابوو دەگەنە مافەکانیان، پێیانوابوو هاتنە خوارەوەی گەنجان لەسەر شاخەکان تەنیا بووەتە مەسەلەی کات، بەڵام هیچ لەو چاوەڕوانییانە نەهاتنەدی. ئەوەی ڕوودەدات زۆر ترسناکە، لە جاران زۆر ترسناکترە. دەترساین بە دەردی سووریا بچین، ئەوەش وا ڕوودەدات، ناوچەکەمان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حەلەب نەماوە. ئەوەی لای ئێمە ڕوودەدات لە دیمەشق خراپترە، بەڵام هێشتا ناویان لێنەناوە".

ئەو لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت "بارودۆخی ئەم دواییە جیابوونەوەی ڕۆحیی بەرهەمهێناوە، بەردەوامبوونیشی جیابوونەوەی جەستەیی بەدواوەیە".

دەست بۆ یەدەگەکەی دەبات

# حکومەتی عێراق 75 ملیار دۆلار قەرزدارە

محەممەد هادی
رووداو- هەولێر

سستبوونی کەرتی دارایی عێراق و دابەزینی نرخی نەوت، دوو گەورەترین تەحەدای بەردەم حکومەتی عێراقن لە دابینکردنی پارەی پێویست بۆ خەرجییەکانی و دانەوەی ئەو قەرزە زۆرەی کە لەسەری کەڵەکە بووە.

بەپێی دوایین راپۆرتی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، ساڵی رابردوو عێراق خاوەنی 63 ملیار دۆلاری یەدەگ بووە، بەڵام پێشبینی دەکرێت ئەو یەدەگە لە کۆتایی ئەمساڵدا بۆ 49 ملیار دۆلار کەم بکات. بەهۆی کورتهێنانی بەردەوامیش لە بودجەکەی، عێراق قەرزی زیاتری لەسەر کەڵەکە دەبێت.

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو) ئێستا حکومەتی عێراق زیاتر لە 75 ملیار دۆلار قەرزدارە، ئەو قەرزانەش لە چەند ناوەندێکی دارایی جیهانی وەرگیراون، لەوانەش یانەی پاریس، سندووقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی نێودەوڵەتی.

19 وڵاتی جیهان ئەندامی یانەی پاریسن کە بریتین لە (ئەمریکا، بەریتانیا، سویسرا، ئوستراليا، نەمسا، بەلجیکا، کەنەدا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ئێرلەندا، ژاپۆن، هۆڵەندا، نەرویج، رووسیا، ئیسپانیا، سوید و دانیمارک).

کاری سەرەکیی ئەو یانەیە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی داراییە بەو وڵاتانەی کە رووبەڕووی ئیفلاس دەبنەوە. بەپێی پێناسەی یانەکە، مایەپووچی بریتییە لەو دۆخەی کە وڵاتێک نەتوانێت بە بەردەوامی لەو داهاتەی دەستی دەکەوێت، تەواوی خەرجییەکانی پڕبکاتەوە.

ئێستا عێراق 7 ملیار و 436 ملیۆن دۆلاری یانەی پاریس قەرزدارە، لەگەڵ 2 ملیار و 378 ملیۆن دۆلاری وڵاتانی دەرەوەی یانەی پاریس. هەروەها 4 ملیار و 558 ملیۆن دۆلاری قەرزدەرە بازرگانەکانی نێودەوڵەتی، 245 ملیۆن دۆلاری سندووقی دراوی عەرەبی، 78 ملیۆن دۆلاری قەرزی فرە دراوەکان قەرزدارە. کۆی گشتیی ئەو قەرزانەش دەکاتە 13 ملیار و 698 ملیۆن دۆلار.



سالی رابردوو عێراق میلیارێک و 200 ملیۆن دۆلاری لە بانکی نێودەوڵەتی قەرز کرد

## داوای قەرزەکانیان دەکەنەوە

ژمارەیەک وڵات کە پێشتر قەرزیان لەلای عێراق بووە و تاوەکو ئێستا وەریاننەگرتووەتەوە، لە دادگا جیهانییەکان سکاڵایان لەسەر عێراق تۆمار کردووە بۆ وەرگرتنەوە قەرزەکانیان کە بەشێک لەو قەرزانە لەسەردەمی سەدام حوسێن وەرگیراون.

ئەو وڵاتانەی کە داوای قەرزەکانیان دەکەنەوە: بریتین لە بەرازیل کە داوای 474 ملیۆن دۆلار دەکات، میسر 860 ملیۆن دۆلار، پاکستان 112 ملیۆن دۆلار، پۆڵەندا 852 ملیۆن دۆلار، سوودان 74 ملیۆن دۆلار، مەغریب 27 ملیۆن دۆلار، ئوردن ملیارێک و 400 ملیۆن دۆلار، تورکیا 9 ملیار و 464 ملیۆن دۆلار.

کۆی گشتیی ئەو قەرزانەش دەکاتە 13 ملیار و 263 ملیۆن دۆلار.

چەند وڵاتێکی عەرەبیش قەرزیان بە حکومەتی عێراق داوە، ئەوانیش: سعودیە 15 ملیار و 774 ملیۆن دۆلار، کوێت 6 ملیار و 815 ملیۆن دۆلار. ئیمارات 3 ملیار و 550 ملیۆن دۆلار، قەتەریش ملیارێک و 500 ملیۆن دۆلار. کۆی گشتی قەرزەکانی سەر عێراق کە لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە دراون 27 ملیار و 639 ملیۆن دۆلارە.

سەرەڕای ئەو قەرزانەش، عێراق لە چەند ساڵی رابردوودا کورتهێنانێکی گەورەی لە بودجە بۆ دروست بووە، بەشێک لە پرۆژەکان بەهۆی کورتهێنانەکانەوە پەکیانکەوت و عێراق بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆژەکان جارێکی دیکە دەستی بە وەرگرتنی قەرز کردەوە.

لە دوای رووخانی رژێمی سەدامەوە عێراق قەرزێکی 5 ملیار دۆلاری بە سوودی 0.04% وەرگرت و ماوەی دانەوەی قەرزەکەش 30 ساڵە.

هاوکات سندووقی نێودەوڵەتیی دراو لەساڵی 2007 قەرزێکی بە بڕی 4 ملیار و 200 ملیۆن دۆلار دایە عێراق و لەساڵی 2015شدا جارێکی دیکە عێراق قەرزێکی بە قەبارەی ملیارێک و 900 ملیۆن دۆلار وەرگرت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکانی.

هەر لە کۆتایی ساڵی 2015دا بانکی نێودەوڵەتی قەرزێکی بە قەبارەی ملیارێک و 200 ملیۆن دۆلار دایە عێراق.

سەرەڕای ئەو قەرزە بیانیانە، حکومەتی عێراق لە ناوخۆدا قەرزێکی زۆری کردووە، بەجۆرێک کە لە هەردوو بانکی رافیدەین و رەشید و ژووری بازرگانیی عێراق نزیکەی 7 ملیار و 500 ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. 769 ملیۆن دۆلاریش قەرزی بازرگانە بچووکەکانی لەلایە.

ئێستا حکومەتی عێراق بە قەرزە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە 75 ملیار و 168 ملیۆن و 550 هەزار دۆلار قەرزدارە. زێدەباری ئەو قەرزەش ساڵانە ئاستی یەدەگی دراوی بیانی روو لە کەمبوونەوەیە، بە جۆرێک لە ساڵی 2013دا عێراق 84 ملیار دۆلار یەدەگی هەبوو، ئەم یەدەگە لەساڵی 2014 بۆ 77 ملیار دۆلار دابەزی، ساڵی رابردووش بووەتە 63 ملیار دۆلار، پێشبینی دەکرێ ئەمساڵ ئەو یەدەگە بۆ 49 ملیار دۆلار کەم ببێتەوە. جگە لەوەش عێراق 89 تۆن زێڕی یەدەگی هەیە کە بەهاکەی بە نزیکەی 3 ملیار دۆلار دەخەملێنرێ.

# ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پلان بۆ 10 ساڵی داهاتوو دادەنێ

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک:

## دەمانەوێ تەنیا 20%ی داهاتی نەوت بدەینە بەغدا

پشتیوان جەمال
رووداو- کەرکووک

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک سەرقاڵی دارشتنی سیاسەتی گشتیی پارێزگاکەیە و دەبێت تا شەش مانگی داهاتوو رەشنووسەکەی ئامادە بێت. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکەش دەڵێت بەنیازن تەنیا 20%ی داهاتی کەرکووک بدەنە حکومەتی عێراق.

پارێزگای کەرکووک کە ناوچەیەکی ناکۆکی لەسەرە، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئیدارە دەکرێت و بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت، بەڵام ماوەی دوو ساڵە حکومەتی عێراق بودجەی بۆ نانێرێ. بۆ ئەمساڵیش 320 ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئەو پارەیە بنێردرێ.

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە ساڵی 2006دا پلانێکی 10 ساڵەی بۆ پێشخستنی شارەکە داناوە، ئەمساڵ دوا ساڵی پلانەکەیە و ئێستا بەنیازە پلانێکی دیکە بۆ 10 ساڵی داهاتوو دابنێ.

لیژنەکانی ئەنجوومەن بۆ ئەو مەبەستە هەفتانە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تایبەتمەند بەخۆیان کۆبوونەوە دەکەن بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کێشەکان و پلاندانان بۆ داهاتوویان و تائێستاش لەگەڵ لیژنەکانی یاسایی و کشتوکاڵ و پەروەردە کۆبوونەتەوە.

## پەروەردە و کارەبایان باشە

رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا بە وەکالەت تارادەیەک دڵخۆشە بە رەوشی هەندێک بواری وەک پەروەردە و کارەبا. تاڵەبانی دەڵێت "لە ماوەی سێ ساڵدا دەستمان بە دروستکردنی 700 قوتابخانە کردووە کە 560یان تەواو بوون. ئەگەر پێشتر 70 خوێندکار لە پۆلێکدا بووبن، ئێستا 50ی تێدایە، لە کارەباشدا دوای گرێبەست لەگەڵ سەرمایەدار ئەحمەد ئیسماعیل بۆ دانانی وێستگەیەکی کارەبا، ئێستا کارەبا باشتر بووە و دەتوانین بڵێین پێش هەرێمی کوردستان کەوتووین".

سەبارەت بە بواری ئەمنیش، رێبوار تاڵەبانی دەڵێت "تاوەکو ئێستا بایی نزیکەی 20 ملیار دینار کامێرای چاودێریمان کڕیوە، ئەوەش کاریگەریی هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی رووداوە ئەمنییەکان".



کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

## هاوکێشەکە پێچەوانە دەکەنەوە

عێراق بۆ ئامادەکردنی بودجە پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە کە بەشێکی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک دەردەهێنرێ. بەرپرسانی شارەکە بەنیازن لەمەودوا سیاسەتێکی نوێ بۆ دەستکەوتنی داهات پەیڕەو بکەن. رێبوار تاڵەبانی گوتی "لەوە بەدواوە قۆناغێکی دیکەیە و دەبێت بیر لە کۆکردنەوەی داهاتی خۆمان بکەینەوە، بۆ نموونە پێشتر 80%ی داهاتمان بۆ بەغدا و 20%ی بۆ کەرکووک بووە، بەڵام ئێستا دەمانەوێت پێچەوانەی بکەینەوە، 20%ی بۆ بەغدا و 80%ی بۆ خۆمان بێت".

## پاڵاوگە و فڕۆکەخانەیان پێویستە

شاری کەرکووک هەرچەندە دەوڵەمەندە بە سامانی نەوت، بەڵام تەنیا پاڵاوگەیەک و فڕۆکەخانەیەکی سەربازیی هەیە. تاڵەبانی دوو پڕۆژەی گرنگی داهاتووی شارەکەیان ئاشکرا دەکات کە دەیانەوێت لەڕێگەی وەبەرهێنانەوە جێبەجێ بکرێت و گوتی "پاڵاوگەیەکی گەورەمان پێویستە بۆ ئەوەی قەیرانی سووتەمەنی چارەسەر بکەین، فڕۆکەخانەیەکی مەدەنیش کە ئیشی زۆرمان بۆ کردووە".

لیژنەی دارایی و ئابووریی ئەنجوومەنی پارێزگاکە رۆژی 2016/2/28 لەگەڵ پسپۆڕانی ئەو بوارە کۆدەبنەوە، بەڵام لەئێستاوە تاوتوێی چۆنیەتی دەستکەوتنی داهاتیان کردووە.

ئیبراهیم خەلیل، سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووریی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت شارەکەیان رووبەرێکی فراوانی زەویی کشتوکاڵی هەیە کە دەکرێت سوودی لێوەربگرن، بەڵام گرفتی ئێستایان ئەوەیە لە رۆژئاوا و باشوورەوە قەزای حەویجە و ناحیەکانی دەوروبەری لەژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعشدایە، ناوچەکانی رۆژهەڵات و باکووریش تاوەکو ئێستا خاوەندارێتی زەوییەکان بۆ خاوەنەوەکانیان نەگەڕاوەتەوە.

سەرەڕای کشتوکاڵیش، شاری کەرکووک نێوەندی بەیەکگەیاندنی هەرێمی کوردستان و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقە و لیژنەی ئابووریش پلانێکیان بۆ ئەو مەبەستە داناوە. ئیبراهیم خەلیل گوتی "دەکرێت لەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی لەو رێگەیەدا هاتوچۆ دەکەن، رسومات وەربگرین".

بەپێی یاسای ژمارە 21ی ساڵی 2008ی هەموارکراو کە دەسەڵاتی هەشت وەزارەتی حکومەتی عێراق بۆ ئیدارەی پارێزگاکان دەگوازێتەوە، کەرکووک دەتوانێت سوود لەو یاسایە وەربگرێت. ئیبراهیم خەلیل ترسی هەیە لەو سیاسەتە گشتییانەدا حکومەتی عێراق تووشی کێشەیان بکەن و گوتی "پێشتر حکومەتی عێراق هاوکاری نەکردووین. پێشبینی دەکەین بۆ ئەم سیاسەتەش کێشە دروست بکات، بەتایبەتی لە هەنگاونان بۆ لامەرکەزیەت، ئەگەر دەسەڵاتی هەشت وەزارەتمان بۆ بگوازرێتەوە ئەوا پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەت لاوازتر دەبێت و دەتوانین خزمەتی زیاتر بکەین".

بەڵام محەممەد عوسمان پەرلەمانتاری کەرکووک لە ئەنجوومەنی نوێنەران ئەو مەترسییەی رەواندەوە و بە (رووداو)ی گوت "هەر کاتێک ئەو یاسایە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، هیچ دەسەڵاتێک بۆی نییە رێگری لەو سیاسەتە گشتییە بکات و ئەگەر رێگریشیان لێکرا دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن".

## چاویان لە کوردستانە بیانپارێزێ

ئازاد جەباری، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت ئێستا 100% لە رەوشی ئەمنی شارەکە رازین، بەڵام بۆ قۆناغی دوای نەمانی داعش گوتی کە بۆ پێداویستییەکانی پۆلیس و ئاسایش و کردنەوەی خول پێویستیان بە هاوکاری دەبێت، چونکە عێراق جگە لە مووچە هاوکاریی دیکەیان ناکات، بۆیە چاویان لە هەرێمی کوردستانە کە شارەکە بپارێزێت.

ئەنجوومەنی پارێزگا بەنیازە تاوەکو کۆتایی مانگی ئادار، کۆبوونەوەی لیژنەکانی تەواو بکات، هاووڵاتیانیشیان سەرپشک کردووە بۆ ئەوەی تاوەکو ماوەی شەش مانگ پێشنیازەکانیان بۆ بنێرن. تاڵەبانی گوتی "دوای تەواوبوونی کۆبوونەوە و هاتنی پێشنیازەکانی خەڵک، بەرچاومان روون دەبێت کە چ بوارێک گرنگە تا بتوانین پلەبەندییان دیاری بکەین".



## دهۆک کۆنفرانس لەسەر قەیرانی دارایی دەبەستێت

**رووداو- دهۆک**

ژووری بازرگانی و پیشەسازی دهۆک کۆنفرانسێک لەسەر قەیرانی دارایی و هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی ساز دەکات. ئەیاد حەسەن سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند، وا بڕیارە رۆژی 2016/2/13 کۆنفرانسێکی ئابووری بە بەشداری پسپۆرانی ئابووری و مامۆستایانی زانکۆ و کۆمپانیا و وەبەرهێنەرە نێوخۆییەکان ساز بکەن. گوتیشی "کۆنفرانسەکە چەند پانێلێکە لەوانەش رۆشنبیریی ئابووری و کەرتی بانکی و سیاسەتی دارایی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی قەیرانەکە و پەیڕەوکردنی سیاسەتی تەقەشوف لەلایەن کۆمپانیاکانەوە".

ئەم هەفتەیە بڕیاری لێدەدرێ

# پێشنیاز دەکرێ کرێی خانوو 25% تاوەکو 35% کەمبکرێتەوە

### کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان: 250 هەزار کرێچی لە کوردستان هەن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی قەیرانی داراییەوە، پارێزگارەکانی هەرێمی کوردستان پێشنیازی کەمکردنەوەی نرخی کرێی خانوو و باڵەخانەکانیان بە رێژەی 25% تاوەکو 35% بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووە، پارێزگارێکیش دەڵێت لە هەفتەی داهاتوودا حکومەت بڕیار لەسەر کەمکردنەوەی نرخەکان دەدات.

بەپێی رووپێوییەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کە لەساڵی 2012دا کراوە، ملیۆنێک و 144 هەزار و 870 خانوو لە هەرێمی کوردستان هەبوون، لەم ژمارەیەش 195 هەزار و 83 خانوو کرێچییان تێدا بووە، واتە ئەوکات رێژەی کرێچیانی کوردستان 21% بووە.

ئەنجامی ئەم رووپێوییە دەریخستووە ساڵانە زیاتر لە 5 هەزار کرێچی لە هەرێمی کوردستان زیاد دەبن. بۆیە بەپێی پێشبینی دەستەی ئامار ئێستا 210 هەزار و 712 خێزانی کرێچی لە هەرێمی کوردستان هەن، لە کۆتایی ساڵی 2018دا ژمارەی کرێچییەکان بۆ 226 هەزار و 661 کرێچی بەرز دەبێتەوە.

مەحموود ئیسماعیل، ئەندامی سکرتاریەتی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینانی کوردستان، پێیوایە ژمارەی کرێنشین لە هەرێمی کوردستان زۆر لەو ژمارەیە زیاترە کە دەستەی ئامار مەزەندەی کردووە. ئەو سەرپەرشتیارە نموونە بە تۆماری لقی هەولێر و سلێمانی کۆمەڵەکەی دەهێنێتەوە و دەڵێت "تەنیا لە پارێزگای هەولێر و دەوروبەری 17 هەزار کرێنشین ناوی خۆیان لە کۆمەڵەکەمان تۆمار کردووە، لە سلێمانیش لە سەرووی 30 هەزار، بۆیە لەو باوەڕەدام ئێستا 250 هەزار کرێنشین لە هەرێمی کوردستان هەبن".

قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە و نەبوونی کار، کاریگەری نەرێنی لەسەر زۆربەی خەڵکی کوردستان هەبووە، بەتایبەتی ئەوانەی کرێچین و داهاتەکەیان تەنیا مووچەیە، یان کرێکارییە کە ئێستا زۆر بە زەحمەت کاریان دەستدەکەوێت.

مەحموود ئیسماعیل دەڵێت "قەیرانی دارایی زیاتر لە هەموو توێژەکانی دیکە کاریگەری لەسەر ژیانی کرێنشین هەبووە، ئەگەر حکومەت بڕیارێکی بەپەلە بۆ کەمکردنەوەی کرێی خانوو نەدات، دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێوان کرێنشین و خاوەن خانوو روودەدات".

مەحموود ئیسماعیل کە خۆشی کرێچییە، باسی گوزەرانی کرێچییەکان دەکات و دەڵێت "کرێنشین هەیە چەند مانگێکە کرێی نەداوە و خاوەن خانوو هەڕەشەی دەرکردنی لێکردووە. هەیە خێزانەکەی تەڵاقداوە، کرێنشینی وا هەیە کرێی پێ نەدراوە و چووەتەوە سەر ماڵی باوکی، کرێنشینیش هەیە ماڵەکەی هەڕاج کردووە و بەرەو دەرەوەی وڵات رۆیشتووە، تەنانەت هەبووە بەهۆی ئەوەی پارەی نەبووە کرێی خانوو بدات، خۆی کوشتووە".

نەبوونی کار و هەڕەشەی خاوەن خانوو، ژیانی جوانە حەسەنی تاڵ کرد. جوانە لە مێردەکەی جیابووەتەوە و لەماڵی براکانی دەژیت. مێردەکەشی سەری خۆی هەڵگرت و چووە دەرەوەی وڵات.

جوانە کە ساڵ و نیوێک لەمەوبەر شووی بە قەسابێک کردووە، گوتی "مێردەکەم ئیشی باش بوو، خانوویێکمان بە کرێ گرت، ژیانێکی سادە و خۆشمان هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانەوە، مێردەکەم کارەکەی بەرە بەرە لاواز بوو، تا وای لێهات مانگانە کرێی خانووی پێ پەیدا نەدەبوو، خاوەنی خانووش زوو زوو دەهاتە سەرمان و هەڕەشەی لێدەکردین ئەگەر کرێ نەدەین، دەرمان دەکات. مێردەکەم هیچ چارەی نەبوو، منی تەڵاقدا و خۆشی چووە دەرەوەی وڵات".

جوانە حەسەن کە دایکی منداڵێکی تەمەن حەوت مانگانە، ئێستا لەلای برایەکی دەژی کە پێشمەرگەیە و لە خانووی کرێدایە. جوانە گوتی " بوومەتە ئەرک بەسەر ئەوانیشەوە. بەهۆی ئەوەی لە دادگا تەڵاق نەدراوم، نەمتوانی داوای هیچ مافێک لە مێردەکەم بکەم".

جوانە خۆی بەقوربانیی قەیرانی دارایی دەزانێ و دەڵێت "ئەگەر قەیرانی دارایی و بێکاری و هەڕەشەی خاوەن خانوو نەبووایە، ئێستا ئێمەش وەک خەڵک لەگەڵ مێرد و کچەکەم ژیانێکی خۆشمان دەبردە سەر و جیانەدەبووینەوە".

نەوزاد هادی، پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، پێشنیازی کەمکردنەوەی نرخی کرێ خانوو و باڵەخانە بازرگانییەکانیان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، ئێستا پێشنیازەکە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە.


وا بڕیارە ئەم هەفتەیە کۆبوونەوەیەکی دیکەی ئەنجومەنی وەزیران بە بەشداریی پارێزگارەکان بۆ راگەیاندنی بەشێکی دیکە لە چاکسازییەکانی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی بکرێ.

نەوزاد هادی دەڵێت "بەدڵنیاییەوە لەو کۆبوونەوەیەدا کە پارێزگارەکانیش ئامادە دەبن، بڕیار لە بارەی کەمکردنەوەی نرخی کرێی خانوو و باڵەخانە بازرگانییەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەدرێت".

هێرش حوسێن، جێگری قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر، پێشنیازی پارێزگاکانی بۆ کەمکردنەوەی نرخی کرێی خانوو بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "پارێزگارەکان پێشنیازیان کردووە نرخی کرێی خانوو و باڵەخانە بازرگانییەکان بەرێژەی 25% تاوەکو 35% کەم بکرێتەوە".

هێرش حسێن کە سەرۆکی لێژنەی باڵای پاراستنی مافەکانی بەکاربەر و ژینگەیە لە پارێزگای هەولێر، گوتی "دوای دەرچوونی بڕیارەکە هەر خاوەن خانوو و باڵەخانەیەک پابەند نەبێ بە بڕیارەکە دەدرێتە دادگا".

مەزەندەی ژمارەی زیادبوونی کرێچی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2012 - 2018)




بۆ دروستکردنی زەیتی زەیتوون

# کارگەیەکی ئیتاڵی گرێبەست لەگەڵ جووتیارانی کوردستان دەکات



**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری باخداری لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە حکومەتی ئیتاڵیا کارگەیەکی بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتوون دەبەخشێتە هەرێمی کوردستان و پەیمانگەیەکی ئەو وڵاتەش مەشق و راهێنان بە فەرمانبەران و جووتیارانی کوردستان دەکات.

بەپێی رووپێوییەک کە حکومەتی عێراق لەساڵی 2008 بۆ ژمارەی داری زەیتوون لە کوردستان کردوویەتی، 169 هەزار و 400 داری زەیتوون لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام بەشی زۆریان وەک پەرژین چێنراون و کەمتر بەمەبەستی بازرگانی بووە.

بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی زەیتوون، وەزارەتی کشتوکاڵ لە دوای رووپێویەکەی حکومەتی عێراق، نزیکەی ملیۆنێک و 750 هەزار نەمامی زەیتوونی لە سووریا، تورکیا، ئیتاڵیا و ئیسپانیاوە هاوردە کرد و بڕی دوو ملیار و 23 ملیۆن دیناری بۆ پاڵپشتیی چاندنی 384 هەزار و 650 داری زەیتون لەسەر رووبەری 5 هەزار و 495 دۆنم زەوی خەرج کرد، بەمەش 800 جووتیاری کوردستان بوونە خاوەنی 500 باخی نموونەیی 5 دۆنمی و 300 باخی نموونەیی 10 دۆنمی.

هەروەها لە چوارچێوەی هەڵمەتی چاندنی 5 ملیۆن نەمام بەخۆڕایی، 858 هەزار نەمامی زەیتوون چێنراون. بۆیە سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری لە هەرێمی کوردستان دەڵێت "ئێستا ژێرخانێکی باشی دار و باخی زیتوونمان هەیە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ نزیکەی دوو ملیۆن دار زەیتوون لە کوردستان هەن، بەڵام تەنیا 568 هەزار داریان گەیشتوونەتە قۆناغی بەرگرتن.

ساڵی رابردوو کارمیلا فیکارا، کونسوڵی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵی کرد و وەک پاڵپشتیی وڵاتەکەی بۆ جووتیارانی کوردستان گرێبەستێکی لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵ واژۆ کرد بۆ دامەزراندنی کارگەیەکی زەیتی زەیتوون.

سەمیر ئیسماعیل دەڵێت "حکومەتی ئیتاڵیا بڕی 789 هەزار یورۆی بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخان کردووە، پرۆژەکەش بەچاودێریی پەیمانگەی CIHAMی نێودەوڵەتی لە هەرێمی باریی ئیتاڵیا جێبەجێ دەکرێ".

پرۆژەکە بریتییە لە دامەزراندنی کارگەیەکی بەرهەمهێنانی رۆنی زەیتوون و کردنەوەی خولی مەشق و راهێنان بە جووتیارانی هەرێمی کوردستان لە بواری هەڵپاچین و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان و دەستنیشانکردنی جۆرەکانی زەیتوون و چاندنی.

بەگوتەی سەمیر ئیسماعیل کارگەکەی ئیتاڵیا کارگەیەکی هاوچەرخە و دەتوانێ لە ماوەی کاژێرێکدا تۆن و نیوێک زەیتوون بهاڕێت و زەیتی زەیتوونی لێ بەرهەم بهێنێ. سەمیر گوتی "بەپێی گرێبەستەکە کۆمپانیای پارەلێستی ئیتاڵی لەماوەی 90 رۆژی داهاتوودا دەبێت کارگەکە بگەیەنێتە هەرێمی کوردستان و دایبمەزرێنێ و بۆ ماوەی هەشت رۆژیش شارەزایەکی کۆمپانیاکە دێتە کوردستان و وەک تاقیکاری و فێرکاری کار بەکارگەکە دەکات".

زەیتوون پاش ئەوەی زەیتی لێ دەردەهێنرێ، خڵتەکەی بۆ دروستکردنی سابوون و کەلوپەلی جوانکاری بەکاردێت، دەنکەکەشی دوای هاڕین دەکرێ وەکو پەین و ئالیک بەکاربهێنرێ.

سەمیر ئیسماعیل دەڵێت "کارگەکە لە قۆناغی یەکەمدا تەنیا زەیتی زەیتوون بەرهەم دێنێ، دەبێ کارگەی دیکە دابمەزرێ بۆ سوود بینین لە پاشماوەی ئەو کارگەیە، ئێمە سەرەتا خڵتەکە وەکو پەین بەکاردێنین".

سەمیر ئیسماعیل شوێنی دانانی کارگەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان داوای کارگەکەیان دەکرد، بەڵام دواجار لێژنەی باڵا لە وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاری دا کارگەکە لە قەزای خەبات لە هەولێر دابنرێت، چونکە خەبات دەکەوێتە نێوان هەولێر و دهۆک کە زۆرترین باخی زەیتوون لەو دوو پارێزگایەیە".

سەبارەت بە هەڵسووڕاندنی کارگەکەش، بەڕێوەبەری باخداری گوتی "حکومەت نیازی نییە خۆی کارگەکە هەڵبسووڕێنێ، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵێک خاوەن باخی زەیتوون رێکەوتوون، دوای دامەزراندنی کۆمەڵەیەک بۆ ئەو جووتیارانە، بەهاوکاریی پەیمانگەکە کاروباری کارگەکە هەڵبسووڕێنن". گوتیشی "ئێستا 18 خاوەن باخ ئامادەییان دەربڕیوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک و دابینکردنی 50%ی تێچووی باڵەخانەی کارگەکە، حکومەتیش بڕیاری داوە 50%ی دیکەی بدات".

هاشم کەمال، یەکێکە لەو جووتیارانەی لە رێگەی پرۆژەی پەرەپێدانی زەیتوون لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە دوو باخی لە گوندی قەراتەچۆخ لە سنووری ناحیەی گەزنە بۆ دروستکراوە کە یەکێک لە باخەکانی دوو ساڵە بەردەگرێ، بەڵام هاشم گرفتی بەبازاڕکردنی هەیە.

هاشم کە یەکێکە لە 18 جووتیارەکە، گوتی "لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆمەڵەیەک دادەمەزرێنین و کۆمەڵەکەشمان بەهاوکاریی پەیمانگەی CIHAM سەرپەرشتی کاروباری کارگەکە دەکات".

دوای دەستبەسەرداگرتنی کارگەکەی باشیک لەلایەن داعشەوە، ئێستا تەنیا کارگەیەکی بەرهەمهێنانی رۆنی زەیتوون لە کوردستان هەیە، ئەویش کارگەی مەلائۆمەرە کە رۆژانە 40 تۆن زەیتوون دەهاڕێت.

هاشم دەڵێت "کارگەکەی هەولێر تۆنێک زەیتوون بە 200 هەزار دینار بۆ جووتیاران دەهاڕێت، بەڵام بەپێی رێککەوتنی سەرەتایی ئێمە لەگەڵ پەیمانگاکە، تۆنێک زەیتوونمان بە 30 هەزار دینار بۆ دەهاڕێ".

پەیمانگەی CIHAM ئێستا شارەزایەکی بۆ هەڵپاچینی دار ناردووەتە کوردستان و مەشق و راهێنان بە جووتیاران و کارمەندانی باخداری دەکات. دانانی ئەو کارگەیە هەر لە ئێستاوە مشتومڕی دروستکردووە و هەر پارێزگایەک بە مافی خۆی دەزانێت کارگەکەی لێ دابنرێ.

رزگار محەممەد، بەڕێوەبەری باخداری سلێمانی گلەیی هەیە کە کارگەکە لە سنووری پارێزگای سلێمانی دانانرێت و دەڵێت "نازانم وەزارەت پشتی بە چ پێوەرێک بەستووە بۆ دانانی کارگەکە لە هەولێر، چونکە ئەگەر بەپێی ژمارە بێ، سنووری سلێمانی و گەرمیان زیاتر لە دهۆک و هەولێر باخ و داری زیتوونی لێیە".

رزگار محەممەد، سەرەڕای رەخنەکانی دڵخۆشە بە دامەزراندنی کارگەکە و خولەکانی پەیمانگەی CIHAMو دەڵێت "ئەگەرچی شوێنی کارگەکە بۆ جووتیارانی ئێمە دوورە، بەڵام وا بڕیارە نرخی هاڕینی کەمتر بێت، زانیاری خولەکانی پەیمانگەکەش هاوچەرخن، بۆیە سوودی بۆ جووتیاران دەبێت".

کۆی دارەکانی زەیتوون لە کوردستان

| پارێزگا | داری بەرهەمدار | داری تازەچێنراو | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 172.000 | 252.044 | 424.044 |
| سلێمانی | 91.800 | 436.625 | 528.425 |
| دهۆک | 208.810 | 490.098 | 698.908 |
| گەرمیان | 95.650 | 233.150 | 328.800 |
| کۆی گشتی | 568.260 | 1.411.917 | 1.980.177 |

بۆچی حکومەت مووچەی پێ دابین ناکرێت؟

# 27%ی نەوتی کوردستان بۆ ئیتاڵیا چووە

## 4 ملیار دۆلاری قەرزی کۆمپانیاکانی نەوت هەڕەشەی گەورە لە کوردستان دەکات

### 43%ی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە بۆ کڕیارە ئەوروپییەکان چووە

### کۆمپانیاکانی نەوت لە کوردستان ئاستی بەرهەمهێنان کەم دەکەنەوە

ڕووداو – ستراتفۆر*

سەرەڕای سەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەناردەکردنی نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ، دابەزینی نرخی نەوت ڕێگەی نەدا داهاتی نەوت شانبەشانی هەناردەکردنی نەوت بەرزببێتەوە.

ئەگەرچی ڕەوشی دارایی هەرێمی کوردستان بەهۆی لاوازبوونییەوە ناسەقامگیرە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان پێدانی بڕە پارەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی خستووەتە ئەولەویەتی خۆیەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ دابەزینی بەهای نەوت ڕێژەی بەرهەمهێنانیش دانەبەزێت. لەگەڵ ئەمەشدا پێناچێ بتوانێت بەم زووانە هەموو قەرزەکانی خۆی بەو کۆمپانیایانە بداتەوە.

لەگەڵ بەردەوامیی گوشارە ئابوورییەکان، هەولێر هەوڵ دەدات زیاتر لە ئەنقەرە نزیک ببێتەوە، لە کاتێکدا ژێرخانی ئابووریی تورکیا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت نەوت هەناردە بکات.

چاوەڕێ دەکرێت هەتا داهاتوویەکی نادیاریش بەشێکی زۆری ئەم هەڕەشە یاساییانە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بمێننەوە.

**شرۆڤە:**

دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا زیانی گەورەی بە ئابووری هەرێمی کوردستان گەیاندووە. لە مانگی حوزەیرانی 2015ەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی بەسەربەخۆ لە بەغدا نەوت هەناردە بکات، بەڵام ئەگەر نرخی نەوت هەر ئاوا بە نزمی بمێنێتەوە، ئەوە هەولێریش ناچار دەبێت زیاتر پشت بە پشتگیری و هاوکاریی بیانی ببەستێ، بەبێ ئەوەی ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە چەندە لە داهاتی ئەم نەوتە دەگەڕێتەوە ناو سندووقی داهاتی هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە تورکیا دەبەستێ بۆ ئەوەی بەردەوامی بە هەناردەکردنی نەوت و غازی خۆی بدات، لە کاتێکدا نەیتوانیوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دابڕانە ئابوورییەی خۆی لەگەڵ عێراق و کاریگەریی ئەم زیانە ئابوورییە لەسەر وورەی هێزەکانی پێشمەرگە بکات کە لە دژی داعش دەجەنگن.

تەنانەت ئەگەر نرخی نەوت هێندە بەرزببێتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت پێویستی خەرجییەکانی خۆی پێ دابین بکات و 14 ملیار دۆلار قەرزەکەی پێبداتەوە کە 4 ملیاریان قەرزی کۆمپانیاکانی نەوتە، هێشتاش ژمارەیەک تەحەددیاتی یاسایی لەبەردەمیدا دەمێننەوە. تائێستا بەغدا سەرکەوتوو نەبووە لەوەی بە بیانوو و ئیدیعای یاسایی کڕیارەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان پەشیمان بکاتەوە و ڕازییان بکات بەوەی نەوتی کوردستان نەکڕن، بەڵام فرۆشتنی نەوتی کەرکووک کە دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمە فیدراڵە کوردییەکەوە، دەکرێت کێشەی یاسایی دیکە لە بەغداوە تووشی هەولێر بکات. ئەم تەحەددیانە زیاتر پاڵ بە هەولێرەوە دەنێن بۆ ئەوەی خۆی لە ئەنقەرە نزیکتر بکاتەوە و لە هەرێمی کوردستانیشدا ڕۆڵێکی بەرچاوتر بە ئەنقەرە بدات.

### وشکبوونی داراییەکی ناسەقامگیر

نیگەرانییە داراییەکانی هەرێمی کوردستان زۆرن و ڕووشیان لە زیاتربوونە. هۆکاری سەرەکیی ئەم نیگەرانییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورستان دەیەوێت لە ڕێگەی دامەزراندنەوە پشتگیری لە خەڵک و دانیشتووانی خۆی بکات. حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە نزیکەی 800 ملیۆن دۆلار دەداتە مووچەخۆرەکانی. ئێستا کێشەیان بۆ دروستبووە و نازانن چۆن مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە و فەرمانبەرانیان بدەن. بەشێوەیەکی گشتی بڕی خەرجییەکانی حکومەت مانگانە خۆی لە 1 بۆ 1.1 ملیار دۆلار دەدات کە ساڵانە دەکاتە نزیکەی 14 ملیار دۆلار.

ڕێگەیەک بۆ دانی ئەم تێچوونانە وەرگرتنی پشتگیری و یارمەتییە لە بەغدا، لە نیوەی یەکەمی 2015دا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بەغدا کرد، بۆ ئەوەی بەغدا ئەو پارەیە بدات. لە بەرامبەریشدا هەولێر ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە هەناردە بکات، لەوێش کۆمپانیای نەوتی عێراقی (سۆمۆ) نەوتەکە بە کڕیارە بیانییەکان دەفرۆشێت و لە کۆی بودجەی ساڵانەی عێراق 17%ی بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت کە نزیکەی 1.1 ملیار دۆلاری دەکرد و پێویستییەکانی حکومەتی هەرێمی پڕدەکردەوە. بەڵام ڕێککەوتنەکە هەر لە یەکەم مانگی جێبەجێکردنیدا هەڵوەشایەوە، لە کاتێکدا هەولێر تەنیا 145 هەزار بەرمیلی هەناردە کردبوو و بەغداش تەنیا 208 ملیۆن دۆلاری بۆ هەرێمی کوردستان نارد. بەڵام هەولێر دیسانیش توانی بەپێی ڕێککەوتنەکە بڕوات، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی هەولێر 550 هەزار بەرمیلەکە دەبووایە لەسەر ئاستی تێکڕای هەناردەکردنی ساڵانە هەژمار بکرێت نەک مانگانە. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی پاردا حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا گواستنەوەی نەوتەکەی لە ڕێگەی سۆمۆوە بۆ بازاڕە جیهانییەکان ڕابگرێت.

لەو ماوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەیەکی ئەوتۆی نەبووە و خۆی نەوتی خۆی هەناردە کردووە. هەڕەشەکانی بەغداش بۆ تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی لە دژی، نەیتوانی وابکات کوردستان کڕیاری نەوتی دەست نەکەوێت. لە مانگی ئەیلولی 2015ەوە تێکڕای هەناردەکردنی ڕۆژانەی نەوتی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 600 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. لە نێوان تشرینی دووەمی 2015 بۆ 17ی کانوونی دووەمی 2016، نزیکەی 43%ی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە بۆ کڕیارە ئەوروپییەکان و بە تایبەتیش 27%ی بۆ ئیتاڵیا چووە، 17%یشی بۆ کەشتییەکانی سەر کەنارئاوەکانی قوبرس گوازراوەتەوە، پێدەچێت بۆ شوێنی دیکە لە ئەوروپا گوازرابێتەوە.

هەولێر ڕایگەیاندووە لە ساڵی 2016شدا بەردەوام دەبێت لە فرۆشتنی نەوت، بەڵام ئەگەر سەرکەوتنەکانی لە بواری فرۆشتنی نەوتدا بەردەوامیش بن، دیسانیش پارەکەی بەس نییە بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕبکەنەوە. لە ساڵی 2015دا تێکڕای داهاتی مانگانەی نەوتی کوردستان لە نێوان 361 بۆ 406 ملیۆن دۆلار بووە، بەمەش هەرێمی کوردستان تووشی کورتهێنانێک بووە کە وای کردووە نەتوانێت مووچەی چوار مانگی ڕابردوو بدات. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە سلێمانی و ناوچەکانی دیکە کە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەمن، خەڵک پەنا بۆ خۆپیشاندان ببەن.

لەگەڵ نەهاتنی پارە لە بەغداوە، تاکە ڕێگە کە لەبەردەم هەولێر مابێتەوە ئەوەیە بە نەوت بۆشایی نێوان داهات و خەرجییەکان پڕبکاتەوە. داهاتی نەوت 90%ی بودجەی هەرێمی کوردستان دابین دەکات.

هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی هەناردەکردنی نەوت بەردەوام دەبێت و ئەگەر مومکین بێت زیاتریشی بکەن، ئەمەشی خستووەتە ئەولەویەتەکانی خۆیەوە.

بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بە بەردەوامی پارەی کۆمپانیاکانی نەوت بدات کە لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی ئەم بوارە بەردەوام بێت. بەڵام لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت بۆ 30 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، لە باشترین حاڵەتدا بەشێوەی پچڕ پچڕ بووە، لە خراپترین حاڵەتیشدا وەکوو 8 مانگی یەکەمی 2015 هیچ پارەیەکی بە کۆمپانیاکان نەداوە.

ئەگەر حکومەتی هەرێم بیەوێت باڵانسێک لە بودجەکەی خۆیدا دروست بکات و قەرزەکانیشی بە کۆمپانیا بیانییەکان بداتەوە، ئەوە نرخی نەوت پێویستە بگاتەوە 60 بۆ 70 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، یانیش ئەوەتا بە خێرایی ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکاتەوە.

### پارەی کۆمپانیاکان زیانی بە پەیوەندییەکانی گەیاندووە

کارکردن لە هەرێمی کوردستان کارێکی ئاسان نییە بۆ کۆمپانیا بیانییەکان. ماوەیەکی زۆرە پەیوەندییەکانی هەولێر لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، هۆی ئەمەش بۆ هەوڵەکانی بەغدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. بۆ ئەم مەبەستەش بەغدا هەڕەشەی کردووە کە هەر کۆمپانیایەک لە هەرێمی کوردستان کار بکات، لە بەغدا دەخرێتە لیستی ڕەشەوە، هەروەها دان بەو گرێبەستانەدا نانێت کە هەولێر واژۆی کردوون.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاردانەوەی ئەم هەڵوێستەی بەغدادا دەیەوێت خۆی وەکوو هاوبەشێکی سەرنجڕاکێشتر و سەقامگیرتر دەربخات، بۆ ئەم مەبەستەش لە گرێبەستەکاندا دەستئاوەڵاییەکی زۆری لە پشکی نەوتی بەرهەمهاتوودا پیشانداوە.

کوردستان هەروەها جەخت لەسەر چاکبوونی باری جیۆلۆجی خۆیشی دەکاتەوە کە لە هەندێک شوێندا دەرهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت تەنیا 10 دۆلاری تێدەچێ.

ئەگەرچی هەندێک کۆمپانیای سەرەکیی نەوت وەکوو (Exxonmobil) هەندێک کاری گەڕانی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە، بەڵام سەرکەوتووترین کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت کۆمپانیا بچووکەکان بوون کە بەشێوەیەکی تایبەتی تەرکیزی کارکردنیان لەسەر هەرێمی کوردستانە. ئەم کۆمپانیایانەش بریتین لە (DNO)ی نەرویجی، (Genel Energy)ی تورکی و (Gulf Keystone Petroleum)ی بەریتانی. ئەم کۆمپانیایانە سێ کێڵگە لە کۆی چوار کێڵگە سەرەکییەکەی نەوتی هەرێمی کوردستان هەڵدەسووڕێنن، واتە کێڵگەکانی تاوکێ، تەقتەق و شێخان.

ئەم سێ کێڵگەیە ڕۆژانە نزیکەی 300 هەزار بەرمیل نەوتیان لێ دەردەهێنرێت کە هەمووی هەناردە دەکرێت و دەفرۆشرێ.

هەولێر بڕێکی زۆر پارەی ئەم کۆمپانیایانە قەرزدارە، نزیکەی 992 ملیۆن دۆلاری DNO و 378 ملیۆن دۆلاری Genel Energy، 283 ملیۆن دۆلاری Gulf Keystone Petroleum قەرزدارە.

هەرکام لەم ژمارانە پێشاندەری داهاتی نەوتە کە هەولێر دەبووایە لە چوارچێوەی دابەشکردنی بەرهەمدا بە کۆمپانیاکانی بدات، ئەمانەش بۆ ئەو کاتە دەگەڕێنەوە کە هەولێر هەوڵی دا لەگەڵ سۆمۆ کاربکات. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی سێپتەمبەرەوە، واتە ئەو کاتەی خۆی دەستی بە هەناردەکردنی نەوت کردووە، توانیویەتی مانگانە پارەی کۆمپانیاکان بدات. ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان قورساییەکی زۆری دارایی لەسەرە، بەڵام پێدانەوەی قەرزی کۆمپانیاکانی خستووەتە ئەولەویەتی کاری خۆیەوە. لە کۆتاییەکانی 2015دا چالاکیی کۆمپانیاکان ڕووی لە دابەزین کرد، ئەمەش وایکرد تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوت ڕوو لە کزی بێت. هەر سێ کۆمپانیای Genel Energy، DNO و Gulf Keystone Petroleum ڕایانگەیاندووە کە بە بودجەی 2016ی خۆیاندا دەچنەوە، ئەگەر هەولێر نەتوانێت بە بەردەوامی پارەکەی ئەوان بدات. ئەم هەنگاوە دەکرێت ڕێژەی بەرهەمهێنان دابەزێنێت و ڕێژەی داهاتی هەرێمی کوردستان هێندەی دیکەش کەم بکاتەوە.

هەرچەندە حکومەتی کوردستان لە چوار مانگی ڕابردوودا بەڵێنەکانی خۆی بردووەتە سەر، بەڵام Genel Energy ڕێژەی بەرهەمهێنانی خۆی کەم کردووەتەوە، واتە لە بری ئەوەی وەکوو ساڵی پار ڕۆژانە 84 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمبهێنێت، ئەمساڵ ڕۆژانە 60 بۆ 70 هەزار بەرمیل بەرهەمدێنێ. هەڵبەت ئاستی دەرهێنانی نەوتی ئەم کۆمپانیایە پێشتریش دەستی بە کزبوون کردووە، ئەمەش دەکرێت ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی کە ئەو کێڵگەیەی ئەوان کاری تێدا دەکەن، توانستی ئەوەی نییە ڕێژەی بەرهەمهێنانی تێدا بەرز بکرێتەوە.

Genel Energy هاوبەشێکی سەرەکیی کوردستانە لە هەردوو کێڵگەی تاوکێ و تەقتەق، هەر بۆیەش دەشێت بڕی بەرهەمهێنانی نەوت لەم دوو کێڵگەیە بۆ نزیکی 60 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزێت. چاوەڕێ دەکرێت کێڵگە نەوتییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی هەمان کێشە ببنەوە و لە نێوان ئێستا و ناوەڕاستی 2017دا نەتوانن ڕێژەی دەرهێنانی نەوت لە ئاستێکی بەرزدا ڕابگرن.

هەرچەندە لەم ماوەیەی دواییدا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پارەی کۆمپانیاکان بدات، بەڵام دیسانیش ئەگەری ئەوە هەیە هەولێر ڕووبەڕووی سکاڵای یاسایی ببێتەوە ئەگەر نەتوانێت هەنگاوی گرنگ لە دانەوەی قەرزەکانی بهاوێژێت. ماوەیەک لەمەوبەر هەولێر هەر بە هەمان هۆکار لەلایەن دانا غازەوە بانگهێشتی دادگا کرابوو، لە کاتێکدا ئەم کۆمپانیایە یەکێک لە یەکەمین ئەو کۆمپانیا بیانیانە بوو کە هاتە کوردستان. دانا غاز ژمارەیەک سکاڵای لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرزکردووەتەوە و ئیدیعای ئەوە دەکات کە کوردستان 2 ملیار دۆلار پارەی ئەم کۆمپانیایە قەرزدارە.

دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە لەندەن لە بەرژەوەندیی دانا غاز بڕیاری دا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت لە دوو دۆسیەی جیاوازدا 100 ملیۆن دۆلار و 1.98 ملیار دۆلار بە دانا غاز بدات.

بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری یەکەمیان دانا غاز ڕووی لە دادگای باڵای ئینگلتەرا کرد و ئەو دادگایەش بەرگریکردنەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە نایاسایی لەقەڵەم دا و بڕیاری دا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە قەرزەکانی بداتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارەکەی ڕەتکردووەتەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە جێبەجێکردنی بڕیاری دادگاکە دەکەوێتە سەر شانی تورکیا، لەبەر ئەوەی تورکیا ڕێگەی سەرەکیی نەوتی هەرێمی کوردستانە و داهاتی هەرێمیش لەم وڵاتە دادەنرێت.

کێشەی دانا غاز و وەبەرهێنەرەکانی ئێستا و هەمیش بۆ وەبەرهێنەرەکانی داهاتوو خاڵێکی گرنگە.

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین خاڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیا بیانییەکان پەیوەندی بە مەرجەکانی باج و سوودەکانی ناو گرێبەستەکانەوە هەیە. بەڵام ئەگەر کۆمپانیاکانی دیکەش شوێن کۆمپانیای دانا غاز بکەون و حکومەتی هەرێمی کوردستان رابکێشنە بەردەم دادگا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی قەرزەکانیان وەربگرنەوە، ئەوە وەبەرهێنەرەکان چیدی حەز ناکەن لە هەرێمی کوردستان کاری دەرهێنانی نەوت بکەن.


هەولێر دەیەوێت بە زووترین کات کێشەکەی لەگەڵ دانا غاز چارەسەر بکات و دەست بە دانەوەی قەرزی کۆمپانیاکانی دیکە بکات، بەڵام هەولێر بۆ ئەم مەبەستە پێویستی بە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و وەرگرتنی پشتیوانیی دارایی گەورەی بیانی هەیە. لەدەستدانی متمانە دەکرێت زیانی گەورە و بەرفراوان بە ئاواتەکانی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت و دەکرێت ببێتە هۆکاری ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان پرۆژەکانیان لەو هەرێمە بکشێننەوە. بۆ نموونە Genel Energy لەسەر خەتە بۆ ئەوەی ببێتە پاڵپشتیکاری سەرەکیی دارایی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا ئەم کۆمپانیایە بڕیارە بۆڕی غازی سروشتیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا دروست بکات. ئەم بۆڕییە ساڵانە لە نێوان 10 بۆ 20 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی بۆ تورکیا ڕەوانە دەکات.

ئەم گرێبەستە سوودێکی زۆری بۆ Genel Energy تێدایە، هەڵبەت ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت گەرەنتی ئەوە بکات کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک پارەی مانگانەی ئەم کۆمپانیایە بدات. ئەم گرێبەستە بۆ سەرکردەکانی کوردیش گرنگە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی دیکە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا دروست دەکات. وەکوو دیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان نفووزێکی کەمی لە تورکیا هەیە، بگرە زۆریش پشتی بە تورکیا بەستووە، بەڵام ئەم هێڵە گەورەیەی غازی سروشتی دەتوانێت جۆرێک لە دەسەڵات و دارایی بۆ هەرێمی کوردستان بگەڕێنێتەوە، بە تایبەتیش لەکاتێکدا تورکیا متمانەی بە ڕووسیا نەماوە کە پێشتر هاوبەشێکی گەورەی تورکیا بوو لە بواری وزەدا.

| ژ | کێڵگە | کۆمپانیا | بڕی بەرهەم |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | خورمەڵە | Kar Oil and Gas | 275,117 |
| 2 | تاوکێ | DNO | 135,385 |
| 3 | تەقتەق | TTOPCO (Genel Enerdy& Addax Petroleunm) | 121,336 |
| 4 | شێخان | Gulf Keystone Petroleum | 29,464 |
| 5 | هەولێر | Oryx Petroleum | 4,567 |
| 6 | گەرمیان | Western Zagros | 2,808 |
| 7 | سەرسەنگ | HKN Energy | 2,787 |
| 8 | ئاکرێ بیجیل | MOL Group | 1,171 |
| 9 | خەڵکان | Gas Plus Khalakan | 105 |


تێبینی: بڕی بەرهەم بە پێی بەرمیل لە ڕۆژدا هەژمارکراوە.

### هەناردەکردنی ڕاستەوخۆی نەوتی هەرێمی کوردستان




### هەناردەکردنی نەوت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەندەری جیهانەوە

2016/1/17 – 2015/11/1




*ستراتفۆرد کۆمپانیایەکی شرۆڤەکار و ڕاوێژکاری بواری هەواڵگریی جیۆپۆلیتیکییە، کە شرۆڤە و پێشبینی ستراتیژی پێشکەش بە تاکە کەسەکان و ڕێکخراوەکان دەکات. کۆمپانیاکە لە ساڵی 1996 لەلایەن نووسەر جۆرج فریدمان دامەزراوە.

بواری سەرەکیی کارکردنی ئەم کۆمپانیایە شیکردنەوەی گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکان و کاریگەرییان لەسەر وڵات و هەرێمە جیاجیاکانە.

## شەماڵ تازەگەری دەکات



**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەند شەماڵ محەممەد ئەلبوومێکی گۆرانی تۆمار کردووە و چاوەڕێی ئاساییبوونەوەی بارودۆخی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی بڵاوی بکاتەوە. شەماڵ بە (رووداو)ی راگەیاند، بەرهەمەکەی بەنێوی گەوهەرێیە و لە حەوت تراک پێکهاتووە، هۆنراوە و میلۆدییەکان تێکەڵەیەکن لە فۆلکلۆر و نوێ. شەماڵ گوتی "بە گشتی هەوڵم داوە لەم ئەلبوومەدا لەڕووی ریتم و موزیکەوە تازەگەرییەک بکەم کە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێ و ئەوەی نوێ گوێی لێ بگرێ". شەماڵ دوو لە گۆرانییەکانی کلیپ کردووە، وا بڕیارە بەرهەمێکی دیکەشی لەلایەن دەزگای خاکەوە بۆ کلیپ بکرێت. دواتر لەگەڵ ئەلبوومەکەی بڵاویان دەکاتەوە.

### هونەرمەندی گۆرانیبێژ هەڤاڵ ئیبراهیم بۆ (رووداو):

# پێمخۆشە لەگەڵ بڵند ئیبراهیم گۆرانی بڵێم

دوای دەرکەوتنی هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم لە گۆرانییەکی هاوبەشدا لەگەڵ هونەرمەندان عەدنان کەریم، کەویار و کەژێ هاوتا ئەسـعەد کە هەریەکەیان خەڵکی شارێکی کوردستانە، هەڤاڵ ئیبراهیم خۆشـحاڵە کە لەگەڵ عەدنـان کەریم گۆرانی گوتووە و دەڵێت "بەشـداریکردنی عەدنان کەریم لە گۆرانیی برایەتی، زیاتر هانیداین بۆ ئیشەکە".

هەڤاڵ ئیبراهیم لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسـی وردەکاری گۆرانیـی برایەتی و ئەلبوومـە نوێیەکەی و ژیانی خۆی دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو - سلێمانی



کێشە لە نێوان من و نازداردا دروست نەبووە

**رووداو: لـە مـاوەی رابـردوودا لەگـەڵ هونەرمەنـدان عەدنان کەریـم و کەژێ و کەویار گۆرانییەکتـان بەنێـوی برایەتی بڵاوکـردەوە، وەکو ئاگادارین خۆت سەرپەرشـتی ئەو کارەت کردووە، مەبەستت لە تۆمارکردنی ئەو گۆرانییە لەم کاتەدا چی بوو؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** راسـتە خۆم سەرپەرشتیم کـرد، مەبەسـتی گۆرانییەکـەش هـەر لـە وشـەکانییەوە دیارە کـە لەهەموو کاتێک زیاتر پێویسـتە لایەنەکان دەسـتی یەکتـر بگرن بۆ پێکەوەژیان و باشـترکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان.

**رووداو: لـە کەیەوە سـەرقاڵی ئەو بەرهەمە بوون؟**

**هەڤـاڵ ئیبراهیم:** نزیکەی شـەش مانگ بوو بیرۆکەکە هەبوو، مـاوەی دوو مانگیش کارمان تێـدا کرد، بەڵام لـەڕووی ماددییـەوە توانامان نەبوو، دواتر لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە پشتگیری کراین و لە هەولێر تۆمارمان کرد.

**رووداو: دەستنیشانکردنی هونەرمەندەکان بۆ گۆرانیی برایەتی لەسەر چ بنەمایەک بوو؟**

**هەڤـاڵ ئیبراهیـم:** پێمـان بـاش بـوو هەر هونەرمەندێک نوێنەرایەتی پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان بکات.

**رووداو: کێ ئەو هونەرمەندانەی دەستنیشان کرد؟**

**هەڤـاڵ ئیبراهیم:** خۆم کەویارم دیاری کرد و موزیسیانەکانی هاوڕێشم مامۆستا عەدنان کەریم و و کەژێیان دیاری کرد.

**رووداو: رازیبوونـی عەدنـان کەریـم بـۆ بەرهەمەکە تا چەند لای ئێوە گرنگ بوو؟**

**هەڤـاڵ ئیبراهیم:** بەڕاسـتی زۆر گرنگ بوو، وای لێکردین پرۆژەکەمان باشتر بێت و زیاتریش هانیداین.

**رووداو: ئەوەنـدەی بزانیـن سـەرقاڵی ئەلبوومێکی نوێیت، کارەکانی لە چ قۆناغێکدایە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** ئەلبوومەکە چواردە گۆرانی هەمەجۆرە لە نیشتمانی و خۆشەویستی. پێنج لە گۆرانییەکانم بە شێوەزاری سۆرانی گوتووە. ئێستا سەرقاڵی پەیداکردنی سپۆنسەرم، رەنگە دوو گۆرانیشی کلیپ بکەم.

**رووداو: بۆچی چواردە گۆرانی، زۆر نییە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** راستە زۆرە، بەڵام دوو ساڵە

### دوو مانگ سەرقاڵی گۆرانی برایەتی بووین

خەریکی ئەو ئەلبوومەم و پێشتر هەشت گۆرانیم ئامـادە بـوو، دواتر بەهۆی شـەڕی داعشـەوە رامگرت و پاشانیش شەش گۆرانی دیکەم تۆمار کرد.

**رووداو: گۆرانییە سۆرانییەکانت چ جۆرێکن؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** گۆرانییەکی مامۆستا حەسەن زیرەکم گوتووەتەوە بەنێوی غەریب ماوم، لەگەڵ گۆرانی مەیلەنگێنەی مامۆستا ئەحمەد شەماڵ، سێ گۆرانییەکەی دیکەش گۆرانی هەڵپەڕکێن.

**رووداو: بەرهەمەکان لە کوێ تۆمارکراون؟**

**هەڤـاڵ ئیبراهیـم:** هەموویـان لەلایـەن موزیسیانی کورد و لە ستۆدیۆکانی کوردستانیش تۆمارکراون، چونکە ئێستا موزیسیانی باشمان هەیە و باشتریشە ئەو پارەیەی بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبـووم هـەر لە کوردسـتان خـەرج بکرێت و ئەوەش دەبێتە پشتگیری بۆ موزیسیانەکان.

### لەگەڵ بڵند ئیبراهیم رکابەر نین و پەیوەندیمان زۆر خۆشە

**رووداو: لـەو ئەلبوومـەدا گۆرانی هاوبەشـت نییە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** نەخێر، بەڵام گۆرانی برایەتی بە کەمێک گۆڕانکاری لە موزیک دەیخەمەوە نێو ئەلبوومەکە.

**رووداو: دەگوترێت لەم ماوەیەدا قسەت لەگەڵ هونەرمەنـد زیـاد ئەسـعەد کـردووە و داوای کارێکی نوێت لێکردووە، راستە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** راسـتە قسەمان کردووە، بەڵام باسی بەرهەممان نەکردووە، هەرچەندە لـە مێژە حـەز دەکەم کارێکی لـێ وەربگرم، چونکە سەرسامم بە ئیشەکانی.

**رووداو: دەڵێـن لە دهۆک رکابەرایەتییەکی توندتان لەگەڵ هونەرمەند بڵند ئیبراهیم هەیە، وایە؟**

**هەڤـاڵ ئیبراهیـم:** نەخێـر هیچ شـتێکی وا نییە و ئەسـڵەن زۆر هاوڕێین، هەر کاتێک بڵند بێتە هەولێر دێتـە لام و منیش بڕۆمەوە دهۆک سەردانی دەکەم و هاتوچۆی خێزانیشمان هەیە.

**رووداو: ئـەی بۆچـی گۆرانییەکـی هاوبەش پێکەوە نالێن؟**

**هەڤـاڵ ئیبراهیـم:** ئێمـە سـاڵی 2000 گۆرانییەکی هاوبەشـمان لەسەر شەهید لەگەڵ بڵنـد و کاروان کامیل گوت، ئەگەر لەگەڵ بڵند پرۆژەی دیکەش بێتە پێشەوە زۆرم پێخۆشە.

**رووداو: قسـەیەک هەیـە کـە لەگـەڵ نازدار لەسەر گۆرانی ئەی فەلەک بووە بە کێشەتان؟**

**هەڤـاڵ ئیبراهیـم:** هیـچ کێشـەمان نەبـووە، چونکە هەردووکمان گوتوومانە و گۆرانییەکەش فۆلکلۆر بووە.

**رووداو: دەگوترێ لە دهۆک بەشـداری ئاهەنگی خێزانی دەکەیت، راستە؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** بەڵێ لە هەولێر و دهۆکیش

### ناچارم ئاهەنگی خێزانی بکەم

بەشـداری دەکـەم و مەجبووریـن، چونکـە لـەڕووی ماددیـەوە قازانـج دەکەیـن، ئەوەش بـۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەلبـووم و کلیپ خەرج دەکەین.

**رووداو: خەڵـک زۆر داوات لێدەکـەن بـۆ ئاهەنگەکان؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** باشە، بەڵام منیش ئامێری دەنگ و موزیسیانی باش دەبەم.

**رووداو: نیازت نییە کۆنسێرت بکەیت؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** هیوادارم دوای بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکە لە هەر سـێ شـارەکە کۆنسـێرت بکـەم، سـەرەتا بەنیـازم لـە سـلێمانییەوە دەستپێبکەم، چونکە دەزانم خەڵکی سلێمانی حەزیـان لـە بەرهەمەکانمە و دەمەوێ ئیشـی جوانیان پێشـکەش بکەم، ئەوان رێز لە هونەر دەگرن.

**رووداو: دەڵێن هەتا ئێسـتا سینگڵی و ژنت نەهێناوە، بۆچی؟**

**هەڤاڵ ئیبراهیم:** ژیانم ناجێگیرە و بەردەوام دەگەڕێم، ژنهێنانیش قسمەتە، تاوەکو ئێستاش ئەو کەسـەی خۆم دەمەوێت، نەمدۆزیوەتەوە، چونکە دەبێت کەسـێک بێت تەحەمولم بکات و لەگەڵم بژی.

**رووداو: لە چ روویەکەوە تەحەمولت بکات؟**

**هەڤـاڵ ئیبراهیم:** لەبەرئـەوەی هونەرمەندم و زۆرجـار کاتـی من بـۆ خەڵـک و هاوڕێیە و زۆرجاریش خەریکی ئیشم.

## موعینی کوردی چیدی بە کوردی گۆرانی ناڵێت

### ماجید بۆ (رووداو):

# لەمەودوا تەنیا بە فارسی گۆرانی دەڵێم



هونەرمەنـد ماجیـد کـە بـە ماجیـد موعیـن ناسـراوە و هەندێکجاریش بە موعینی کوردی ناوی دەبرێت بەهۆی ئەوەی چەند گۆرانییەکی موعین ئەسفەهانی بە کوردی گوتووەتەوە، بڕیاری داوە چیدی گۆرانی بە کوردی نەڵێت. ماجید دەڵێت هەر دوای بڕیارەکەی چەند کۆمپانیایەکی هونەری کە خاوەنەکانیان فارسن، پەیوەندییان پێوەکردووە بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ بکەن.

ماجیـد، کوڕی مـەلا ئەحمـەدی قازییـە، تەمەنی 33 سـاڵە، ماوەی 10 سـاڵە نیشـتەجێی سـوێدە. سـاڵی 2009 یەکەمین ئەلبوومی گۆرانـی بڵاوکردووەتـەوە و ئێسـتا خاوەنی دوو ئەلبـووم و چەند گۆرانییەکی سـینگڵە. بەڵام لە رۆژەکانی کۆتایی ساڵی رابردوودا و بەشـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بڕیاری دا چیدی گۆرانی کوردی نەڵێت. لـەم هەڤپەیڤینەدا لەگـەڵ (رووداو) ماجید هۆکاری ئەو بڕیارە لەناکاوەی روون دەکاتەوە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

**رووداو: چۆن بوو ئەو بڕیارە لەناکاوەت دا کە چیدی گۆرانی کوردی نەڵێی؟**

**ماجیـد:** بە گشـتی لـە کوردسـتان هونەر نەبووەتە پیشـە، بـە تایبەتـی گۆرانیگوتن. ئێسـتاش بەهۆی ئەو قەیرانـەوە بارودۆخەکە لەبار نییـە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەم. ئێسـتا لەو بارودۆخەدا تەنیا دەبێت گۆرانی نیشتیمانی بڵێی.

### هونەرمەند دەبێت بزانێت گۆرانی بۆ کێ دەڵێت

**رووداو: پێشـتر بیرۆکەی وازهێنانت هەبوو، یان لە ناکاو ئەو بڕیارەت دا؟**

### 80 %ی بەرهەمەکانم بەشێوەی کۆپی فرۆشراون

**ماجید:** پێشـتریش بیرم لـەوە کردبووەوە، بـەڵام دوودڵ بووم لە بڕیـاردان، بەڵام دواجار بڕیـاری خۆمـم دا. لەمەودوا تەنیا بە فارسـی گۆرانی دەڵێم.

**رووداو: ئەوە بڕیاری کۆتاییە؟**

**ماجیـد:** بەو قەناعەتەی ئێسـتامەوە بەڵێ 100% گۆرانی کوردی ناڵێمەوە.

**رووداو: ئـەی بەشـداری کۆنسـێرت و ئاهەنگەکان دەکەیت؟**

**ماجید:** رەنگە ئاهەنگی تایبەت.

**رووداو: لە کاتی وازهێنانت چەند گۆرانیت بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەن؟**

**ماجیـد:** زیاتر لە 22 گۆرانیـم هەبوون کە تەنیا تۆمارکردنیان مابوو.

### چەند کۆمپانیایەکی ئێرانی ئامادەن گرێبەستم لەگەڵ بکەن

**رووداو: پرۆژەی داهاتووت چییە؟**

**ماجید:** لەمەودوا بە زمانی فارسـی گۆرانی دەڵـێـم، چونکـە هونەرمەنـد دەبێـت بزانێت گۆرانی بـۆ کێ دەڵێت، ئـاگادارم ئەو کاتەی قەیرانی دارایی نەبوو، بەرهەمەکانی پێشـترم 125 هەزار سـیدییان لێ فرۆشراوە و 80%یان بەشێوەی کۆپی فرۆشـراون، ئێ باشە ئەگەر هەر بە کۆپیـش بێت با 50%ی کۆپی بووایە،

### 22 گۆرانی کوردیم ئامادە بوون

چونکە دواجار هونەریش پیشە و بازرگانییە.

**رووداو: گوتـت بـە زمانی فارسـی گۆرانی دەڵێی، هیچ پرۆژەیەکت بەدەستەوەیە؟**

**ماجیـد:** چەنـد کۆمپانیایەکـی ئێرانی لە ئەڵمانیا و ئەمەریکا کە تەلەفزیۆنیشیان هەیە، ئامادەن گرێبەستم لەگەڵ بکەن. ئەوان سەرەتا گۆرانـی سـینگڵم بۆ تۆمار دەکـەن، دواتر لە تەلەفزیۆنەکانـی خۆیـان بـڵاوی دەکەنـەوە، پاشانیش کۆنسێرتم بۆ ساز دەکەن.

**رووداو: ئێستا هیچ پرۆژەیەکت هەیە؟**

**ماجید:** ئێسـتا لە سوید سـەرقاڵی چەند کارێکـی تایبەتی خۆمـم و لە داهاتـوودا کار لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە دەکەم.

**رووداو: دوای ئەو بڕیارەت، بەلاتەوە ئاساییە بەرهەمەکانی پێشـترت لە رادیۆ و تیڤییەکان پەخش بکرێن؟**

**ماجید:** بەڵێ ئەو بەرهەمانە بوونەتە موڵکی خەڵک و مافی منی بەسەرەوە نەماوە.

**رووداو: بـۆ وازهێنانـت، هاوڕێکانـت پەیوەندییان پێوە کردوویت؟**

**ماجیـد:** چەند هونەرمەندێـک پەیوەندییان کـردووە کە بۆچی وازم هێنـاوە، بەڵام رەنگە هەندێکیشـیان پێیان خۆش بێت، لەبەرئەوەی لە گۆڕەپانەکە دوور دەکەوینەوە.

**رووداو: ئەی هەوادارانت؟**

**ماجیـد:** لەلایەن ئەوانـەوە پەیامی زۆرم بۆ هاتووە کە پێیان ناخۆشە و داوا دەکەن دەست بە گۆرانی کوردی بکەمەوە.

**رووداو: ئەی رای کەسوکارت؟**

**ماجید:** بەلایانەوە ئاسایی بوو.

**رووداو: چی بە هەوادارانت دەڵێیت؟**

**ماجید:** داوای لێبووردنیان لێدەکەم.

**رووداو: پێشـتر بەنیازبوویـت لەگـەڵ هونەرمەنـدی فـارس موعیـن ئەسـفەهانی گۆرانییەک بڵێین، ئەو پرۆژەیە چی بەسەرهات؟**

**ماجید:** ئەو پرۆژەیە هەرماوە، بەڵام پێویستی بە نزیکەی 20 هەزار دۆلارە و ئەگەر سپۆنسەر هەبێت زۆرم پێ باشە بیکەین، پرۆژەکەش بەو شێوەیەیە من بە فارسی و موعینیش بە کوردی گۆرانی دەڵێت. راستییەکەی گۆرانیگوتن لەگەڵ ئـەو هونەرمەندە گەورەیـە کارێکی گرنگە کە ئەزموونێکی 35 ساڵەی لە گۆرانیگوتندا هەیە.



## تەرمی 7 کۆچبەری کورد لە دوورگەیەکی یۆنان دۆزرانەوە

**ڕووداو- هەولێر**

نەزهەت حوسێن، بەرپرسی بەشی پەنابەران و ڕەوەندی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە دوورگەی لیرۆس لە یۆنان، تەرمی 7 کۆچبەری کورد دۆزراونەتەوە کە ڕۆژی لە 2016/1/22 لە ئاوی ئیجەدا خنکان". گوتیشی "ئەو 7 تەرمە لەسەر خەرجی نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەهێنرێنەوە هەرێمی کوردستان". ڕووداو ناوی ئەو حەوت کەسەی دەستکەوتووە ئەوانیش بریتین لە: لینا تاریق، سەهرە ڕەسوڵ نەبی، شلێر ئەنوەر خدر، سۆلین گەیلان ئەنوەر، ئەلەند سیروان، فریشتە سیروان و مەیار قەیس.

# سوێد و فینلاند 100 هەزار کۆچبەر دیپۆرت دەکەنەوە



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

کۆڕەوی کۆچبەر بۆ وڵاتانی ئەورووپا سەرئەنجام یەکێتیی ئەورووپای ناچار کرد داوا لە ئەندامانی بکات سڵ لە دیپۆرتکردنەوەی بەزۆری کۆچبەران نەکەنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی مەرجی پێدانی مافی مانەوەیان نییە. لەو چوارچێوەیەشدا حکومەتەکانی سوێد و فینلاند بڕیاریان داوە نزیکەی 100 هەزار کۆچبەر دیپۆرت بکەنەوە.

بەپێی ڕاگەیاندنەکانی دامەزراوەی کۆچی وڵاتانی ئەورووپی و زانیارییەکانی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، ژمارەی کۆچبەران لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ریکۆردی شکاندووە و تەنیا لە وڵاتێکی وەکو سوێد 163 هەزار کەس داوای مافی پەنابەرییان کردووە.

بەبڕوای لێکۆڵینڤانان، کۆچی بەلێشاوی کۆچبەران بۆ وڵاتانی ئەوروپا کە ڕێژەی ئاسایی تێپەڕاندووە، لە ئایندەدا کاریگەریی لەسەر ئابووری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە دەبێت، بۆیە ئێستا چەند وڵاتێکی ئەورووپی بە جددی بەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێن بۆ دەرکردنی ئەو کۆچبەرانە. هەنگاوی یەکەمی ئەم پرۆسەیەش لە سوێد و فینلاندەوە دەستی پێکردووە و چاوەڕوان دەکرێت ئەڵمانیا، نەمسا و دانیمارکیش هەمان هەنگاو بنێن.

وەزیرانی ناوخۆی هەردوو وڵاتە دیارەکەی بواری دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ (سوێد و فینلاند)، ناردنەوەی نزیکەی 100 هەزار کۆچبەریان ڕاگەیاندووە.

ئەندێرش ئیگمان، وەزیری ناوخۆی سوێد ڕایگەیاند "لە کۆی 163 هەزار کۆچبەر کە داوای مافی پەنابەرێتییان لە سوێد کردووە، نزیکەی 80 هەزاریان بەدەرن لە مەرجەکانی پەنابەرێتی و دەیانگەڕێنینەوە".

گەورە بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆی فینلاندیش ڕایگەیاندووە کە بۆ ناردنەوەی 20 هەزار کۆچبەر لە بڕیاری کۆتایی نزیکبوونەتەوە. بایفی نیریج کە بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆی فینلاندە، بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی گوت "زۆربەی ئەوانەی دەریاندەکەین عێراقین".

بەرپرسانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆی سوێد و فینلاند دەڵێن قۆناغی یەکەمی گەڕاندنەوە لەوانەوە دەستپێدەکات کە بە خواستی خۆیان دەگەڕێنەوە.

شوکری دەمیر، کارمەندێکی کوردی دەزگای کۆچی سوێد بە (ڕووداو)ی گوت "خەڵکی ناوچە ئارامەکانی عێراق کە ڕەنگە کوردستانیش بەشێک بێت لێی، بەر هەنگاوی یەکەمی گەڕاندنەوە دەکەون".

بەڵام ئەم هەنگاوانە چالاکوانە ئەورووپاییەکانیان نیگەران کردووە. یۆهانا سڤانسۆن، ڕۆژنامەنووس و چالاکڤانی مافی مرۆڤە دەڵێت "ئەوە کۆتایی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤە لەو دوو وڵاتەدا، چونکە بەپێی ڕێککەوتننامە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ، ئەوان مافی ژیانیان لە هەر وڵاتێک هەیە".

بەڵام شوکری دەمیر، کارمەندەکەی دامەزراوەی کۆچی سوید دەڵێت "تەنیا 11%ی ئەوانەی هاتوونەتە سوێد مەرجەکانی پەنابەرێتییان تێدایە، گەڕان بەدوای ژیانێکی خۆشدا، ناچێتە خانەی ئەوەی کە هەڕەشە لەسەر ژیان هەبێ".

### گیرفانیان بە تاڵدەکەنەوە

حکومەتەکانی ئەورووپا وەکو جاران بە

### چالاکڤانێکی سوێدی:
### ئەمە سەرەتای مەرگی دیموکراسییە لە ئەوروپا

ڕوویەکی گەشەوە پێشوازی لە کۆچبەران ناکەن، ئەوان هەر بەشی ئەوەندە خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکەن کە ناچار بە گەڕاندنەوەیان بکات. تەنانەت وڵاتێکی وەکو دانیمارک گیرفانی کۆچبەران بەتاڵ دەکاتەوە.

کۆپنهاگن بوێر بوو لە بەیاساییکردنی پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی سامانی تاکە کەسیی کۆچبەران، ئەوەش بە بڕیارێک کە دەوڵەت بتوانێت سوود لە سامانە کەسییەکان وەربگرێت.

پێشتریش سوێد و بەریتانیا هەمان کاریان کردووە و سوودیان لە پارەی گیرفانی کۆچبەر وەرگرتووە. بۆ نموونە ئەو سامانەی لای کۆچبەر هەبووە، هەژمار کراوە و دابەشی کاتەکان کراوە و ئیدی لەو ماوەیە، کۆچبەر بۆی نەبووە سوود لە خزمەتگوزارییە خۆراییەکانی دەوڵەت وەربگرێت. بەڵام ئەوەی ئێستا دانیمارک دەیکات، لەوەش توندترە و پارەکە ڕاستەوخۆ لە کۆچبەر وەردەگرێ.

ئەیاد ئەلنعێمی کە پەنابەرێکی عەرەبە، لە دانیمارکەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆچبەر هەبووە کە گەیشتووەتە دانیمارک زیاتر لە 50 هەزار یورۆی لە گیرفاندا بووە". ئەو کە وەک خۆبەخش پێشوازی لە کۆچبەران کردووە و ئێستا کارمەندی یەکێک لە کەمپەکانی ئەو وڵاتەیە، دەڵێت "ناکرێت دەوڵەت ئەم سامانەی کۆچبەران هەژمار نەکات".

یۆهانا سڤانسۆن کە خۆی ڕۆژنامەنووسی فریلانسە و دەیان ڕاپۆرتی لەسەر ڕەوشی پەنابەران بڵاوکردووەتەوە، دەڵێت: "دروستکردنی گوشار بۆ سەر کۆچبەران و قورسکردنی ژیانیان، بەشێکە لە پرۆسەی ڕەتکردنەوەی کۆچبەر". بەڵام دەشڵێت "دەوڵەت بۆی هەیە سوود لە داهاتە کەسییەکان وەربگرێت، چونکە بەشێکە لە پرۆسەی ئابووری و گەشەپێدان".

سوید ئێستا بەرنامەی هەیە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری (OECD) پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریی بچووک بۆ پەنابەران ڕێکبخات، سەرکەوتنی پرۆگرامەکە ڕەنگە ببێتە یەکێک لە مەرجەکانی وەرگرتنی پەنابەر. ئەمەش وەک کارمەندەکەی دامەزراوەی کۆچ باسی دەکات، لە شێوازی مافی مانەوەدا بەهۆی کارەوە، دەکرێت ڕێخۆشکەر بێت بۆ مانەوە، بەڵام لەسەر حیسابی خۆت".

زۆر لەو وڵاتانەی وەک ترانزێت سوودیان لێ وەرگیراوە، بوونەتە سەر ئێشە بۆ وڵاتە ئەورووپییەکان، لەوانەش تورکیا و یۆنان و ڕووسیا. ئێستا هەریەک لە فینلاند و نەرویج بەرنامەی ئەوەیان هەیە، بە سوودوەرگرتن لە وڵاتانی دووەم کە مەبەست لە ڕووسیایە، کۆچبەران دیپۆرت بکەنەوە. چونکە زۆربەیان لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بەڕێگەی ئاوی بۆ فینلاند و ڕێگەی پاسکیل بۆ نەرویج لە ڕووسیاوە هاتوون. بەڵام ڕووسیا ئامادە نییە وەریانبگرێتەوە.

## کورد قاچاخچی و ئەفغانی ڕێبەر و تورک تەتەرن

# کۆچ قاچاخچێتی دەکاتە بزنسێکی فرەنەتەوەیی

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ئەستەمە زەحمەتییەکانی ڕێگەی کۆچ بەرەو ئەورووپا لەبیر گۆران حاجی، تەمەن 24 ساڵ بچنەوە کە هەرچی نەهامەتیی ئەو ڕێگەیەیە بۆ قاچاخچییەکان دەگێڕێتەوە "قەت ئەو ساتانە لەبیر ناکەم، بەدرێژایی ڕێگا لەدەست قاچاخچییەکان داد و بێدادمان بوو.. تەنیا لەبەرئەوەی ئافرەتمان لەگەڵ بوو، کاتەکەیان درێژ دەکردەوە و گێچەڵیان بە ئافرەتەکان دەکرد".

شاڵاوی کۆچ بەرەو ئەورووپا، زانیاریی لەبارەی قاچاخچییەکان کردووەتە بابەتێکی گەرم. هەندێک لەوانە بوونەتە هۆی مردنی دەیان کەس. (ڕووداو) لەم ڕاپۆرتەدا لەسەر زاری کۆچبەران و قاچاخچییە کۆنەکانەوە، هەندێ چیرۆکی شاراوەی ئەو کەسابەتە ئاشکرا دەکات کە وەکوو بزنسێکی فرەنەتەوەیی لێهاتووە.

### دابەشکردنی ئەرک

ئێستا کۆچکردن ڕێچکەی ئاسایی خۆی گرتووە، قاچاخچییەکان وەکو سەرکردەیەک ڕەفتار دەکەن و فەرمان شۆڕدەکەنەوە بۆ ڕێبەر و تەتەرەکان. تەتەر لە خوارەوەی هەرەمەکەیە و خۆشیان قوربانیی دەستی قاچاخچییەکانن.

بەختیار ڕەسوڵ کە پێشتر قاچاخچی بووە و ئێستا وازی هێناوە، چەندین نهێنی لەبارەی ڕێگەی کۆچەوە باس دەکات و دەڵێت "قاچاخچییەکان تەنیا سەرۆکایەتی دەکەن و ئێستا زۆربەیان کوردی باشوورن. بەپێی پلەبەندی، قاچاخچی، پاشان ڕێبەر، دواتر تەتەر ڕێگە ئاوییەکان ئیدارە دەکەن".

تەتەرەکان کە بوونەتە هۆکاری خنکانی سەتان کۆچبەر، بەختیار ڕەسوڵ زانیاری لەبارەیانەوە دەدات و دەڵێت "تەتەر گوندنشینانی سەر ڕێگای کۆچن، بەشێکی زۆریان پێشتر ماسیگر بوون، زۆربەشیان کەسانی ڕاکردوو لە یاسان و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن". گوتیشی "ئەوان کە قورسترین ڕێگاکان ئیدارە دەکەن، کەمترین پشکی پارەکانیان بەردەکەوێت".

ئەو ناوچانەی تەتەر کۆچبەرەکانی تێدا وەردەگرێت، ناوچەی سەربازی و قەدەغەکراون. بەختیار دەڵێت "لەکاتی گەڕانەوەی کۆچبەر تەواوی تۆڕە قاچاخچییەکە ئاشکرا دەبن، بۆیە بە زەبری لێدان و هەڕەشە و تەنانەت کوشتن، کۆچبەران سواری بەلەم دەکرێن". بە گوتەی بەختیار "تەتەرەکان دوای بەکارهێنانی کۆکایین و حەشیشە دەست بە لێخوڕینی بەلەمەکان دەکەن".

کاتێک کۆچبەر دەگاتە لای تەتەر، ئیدی گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوە نییە. ئارام کە خەڵکی باشووری کوردستانە، باسی چۆنیەتی پەڕاندنەوەیان لە دەریا دەکات و دەڵێت "یەک مانگ لە تورکیا چاوەڕێم کرد، قاچاخچییەکم دۆزییەوە و ڕێککەوتین کە بە بەلەم بە 22 هەزار دۆلار بمپەڕێننەوە بۆ یۆنان، بەڵام دواتر بە چووپ پەڕاندیانینەوە".

گوتیشی "هەڕەشەی کوشتنی هاوژینەکەم و دوو منداڵەکەیان لێکردم ئەگەر ڕابکەین، یان قبوڵی ئەو ڕێگایە نەکەم".

بە گوتەی بەختیار، تەتەرەکان کە قورسترین ئەرکی پەڕاندنەوەی پەنابەرانیان لەسەر شانە، بۆ هەر نەفەرێک 100 تاوەکو 200 دۆلار وەردەگرن. لەبەرئەوەی کاری تەتەرەکان زۆر سەلامەت نییە و ڕەنگە بخنکێن یان بگیرێن، بۆیە کەسوکاریان پێشەکی پارەی ڕێگاکە لە کۆچبەرەکە وەردەگرن.

### کورد بازاڕەکەیان کۆنترۆڵ کردووە

بەشێکی زۆر لەو قاچاخچیانەی ئێستا کۆنترۆڵی بازاڕی ناوچەی ئاکسەرای ئیستەنبوڵ و ئیزمیریان کردووە، کوردن و خەڵکی باشووری کوردستانن. وەک بەختیار دەڵێت "بەشێکی زۆریان ئەوانەن کە پێشتر لە کۆچ فەشەلیان هێناوە، دوای مانەوەیەکی زۆر لە تورکیا بوونەتە قاچاخچی".

تازەکانیش وەک (دەڵاڵ) کە بەپێی قسەی ئەم قاچاخچییە کوردە "لیڤڵێکی نزمترە لە قاچاخچیی سەرۆککار"، کار دەکەن و لە چایخانە و دیسکۆکاندا دەسووڕێنەوە، بەشێکیان ئۆفیسیان هەیە و لەگەڵ کوردستان لە پەیوەندیدان.

دوای ئەویش ڕێبەرەکان دێن کە ئەوان زیاتر ڕێگە وشکانییەکانی بەڵکان و سلۆڤینیا و بولگاریا و یۆنان ئیدارە دەکەن و لە نێویاندا عەرەب هەیە، بەڵام زۆربەیان ئەفغانین.

سامان هیوا لە کەمپی تورکۆ لە فینلاند باسی هەڵسوکەوتی ڕێبەر و قاچاخچییەکان دەکات و دەڵێ "قاچاخچییەکان زۆر بێویژدان بوون. ئەشکەنجە و دەستدرێژی و خواردنی ماددەی هۆشبەر کاری ڕۆژانەیان بوو".

سامان دەڵێت ئەوان نەک تەنیا بەرامبەر کۆچبەران، بەڵکو بەرامبەر یەکدیش زۆر بێویژدان بوون "جگە لە لێدان و ئەشکەنجە، لە شەڕی خۆیاندا لەسەر کچ و پارە، یەکدییان کوشتووە".

پێشتر ڕووداو لە زاری ڕێکخراوی ئیلیکترا کەیسی 100 کچی هەڵدایەوە کە لەلایەن قاچاخچییەکانەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر. گۆران حاجی لە سوێد ئاگاداری یەکێک لەو کەیسانەیە و دەڵێت "قەت هاوار و گریانی ئەو دوو خوشکە لەیاد ناکەم کە قاچاخچییەکان بە ئاشکرا لە جەنگەڵەکانی ڕێگا لە بولگاریا پەلاماریان دان".

### لە دەرگای لۆرییەوە بۆ بەرتیل

بە تێپەڕبوونی کات قاچاخچێتی و ڕێگەکانی پەڕینەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بەختیار کە کۆنە قاچاخچییە، باسی سەردەمی خۆی دەکات و دەڵێت "لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکاندا، قاچاخچیانی دەرگای لۆرییەکان باشترین کاریان هەبوو، ئەوان کۆنترۆڵی شوێنی ئەو لۆریانەیان کردبوو کە لە سنووری وڵاتانی نێوان یۆنان، ئیتاڵیا، فەرەنسا و بەریتانیا هاتوچۆیان دەکرد. کاریان تەنیا کردنەوەی دەرگاکە و داخستنی بوو دوای ئەوەی نەفەرەکە خۆی تێ فڕێ دەدا، لە بەرامبەریشدا نزیکەی 1000 یورۆیان وەردەگرت".

بەڵام ئێستا کارەکە گۆڕاوە. بەختیار دەڵێت "پێدانی بەرتیل بە پۆلیسەکانی سنووری نێوان بولگاریا و هەنگاریا و کرواتیا و چەند وڵاتێکی دیکە، لەو کارە ناسراوانەن کە قاچاخچیی کورد توانیویانە کۆنترۆڵی بکەن. 5 — 8 هەزار دۆلاریش هەقدەستی هەر کەسێکە".

دۆزینەوەی ڕێگەی تازە

جۆرێکی دیکە لە ڕێگاکانی قاچاخ کە تازەترینیانە، بڕینی وڵاتانی سۆڤێتی پێشوو و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپایە. لەم ڕێگەیە کورد زیاتر ڕۆڵی دەڵاڵیان هەیە و قاچاخچییە ڕووس و ئەفغانەکان کۆنترۆڵیان کردووە. قاچاخچییەکی ئەفغانی دەڵێت "کورد لێرە ئەزموونیان کەمە".

مورتەزا کە قاچاخچییەکی ئەفغانییە، سەرپەرشتی گرووپێک دەکات کە هەشتیان کوردن و کاریان تەنیا دۆزینەوەی نەفەرە. ئەو دەڵێت "کۆچبەر دەبەمە پۆڵۆنیا و پاشان بۆ لاتیڤیا و لە ئیستۆنیاوە دەیانبەمە فینلاند".

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، زەحمەتبوونی ڕێگا ئاوییەکانی نێوان تورکیا و یۆنان، شاڵاوی کۆچی نایاسایی بەو ڕێگەیەدا زیاد کردووە.

سوفیان سەبری کە کوردێکی نیشتەجێی بەغدایە و بەو ڕێگەیەدا چووەتە ڕووسیا، دەڵێت "دوای ئەوەی لە فینلاند دەستگیرکرام، هەوڵی نەرویجم دا و بە پایسکیل گەیشتمە ئەو وڵاتە".

هاتوچۆکردن بە پایسکیل لە نەرویجەوە بۆ ڕووسیا بۆ کڕینی سەوزە و میوەی هەرزان، هەروەها لە هێلسینکی بۆ تالین بۆ کڕینی خواردنەوە کحولییە هەرزانەکان، نەریتێکی باوی خەڵکی ئەو دوو ناوچەیەیە. قاچاخچییەکان ئێستا سوود لەو ڕێگەیە وەردەگرن. مورتەزا دەڵێت "ڕێگای پایسکیل لە باکووری نەرویج و ڕێگای ئاوی لە هێلسنکی و تالین کەمتر کۆنترۆڵ دەکرێن". پێدەچێت ئەمەیان ڕێگەیەکی نوێ و جیاوازی بردنی کۆچبەر بێت.



چەند کۆچبەرێک لە تورکیا لە چاوەڕووانی پەڕینەوەدا بەرەو ئەورووپا


CIHAN CITY
www.cihancity.com
جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی گراوە و داخراو.
* ڕووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk
powder
حليب


+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333
DANIA CITY
better life style
daniacity
info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد


divan
erbil
Viva L'Italia!
Enjoy the special italian menu prepared by
Chef Giancarlo Gottardo
at Divan Erbil between 13-25 January.
LVX
Preferred
CHOPIN
Gulan Street
Erbil, Kurdistan Region of Iraq
T:+964 66 210 5000 F:+964 66 210 5001
info.erbil@divan.com
www.divan.com
Divan.Hotel.Erbil
/DivanHotelErbil

ڕووداو ژنان

ژمارە (394) دووشەممە 2016/2/1

MAGAZHIN

"ژن" کێبڕکێ بۆ ژنان دەکات

ڕووداو– سلێمانی

ئاڵا لەتیف، سەرنووسەری گۆڤاری ژن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، گۆڤارەکەیان لە ڕۆژی 8ی مارس، پێشبڕکێیەک بۆ باشترین ڕاپۆرت لەسەر ڕەوشی ژنان ساز دەکات و سێ باشترین ڕاپۆرتیش خەڵات دەکات. ئاڵا گوتی "بەلامانەوە گرنگە سێ ڕاپۆرتەکە زیاتر لەم بوارانە بن، ڕاپۆرتێکی بنکۆڵکاری کە زانیاری نوێ لەسەر کەیسێکی کوشتن یاخود تاوانکاری بەرامبەر ژنان ئاشکرا بکات، ڕاپۆرتێک لەسەر کەیسی ژنانی ئێزدی، ستۆری ژنێکی سەرکەوتوو کە وێڕای ئاستەنگەکان ئەزموونێکی سەرکەوتووی پێشکەشکردووە"، بە گوتەی ناوبراو، بۆ بەشداربوون لەپێشبڕکێیەکەدا دەبێت ئەو بابەتانە لە ئەمڕۆ 2016/2/1 تا 2016/3/1 لە کەناڵێکی ڕاگەیاندن بڵاوکرابێتەوە".

## 55 ژن لە ساڵی ڕابردوودا کوژراون

# 198 ژن سووتاون و 125یش خۆیان سووتاندووە



ڕووداو — هەولێر

بە بەراوردکردنی ئاماری ساڵی ڕابردوو لەگەڵ ئاماری ساڵی پێشتردا دەردەکەوێت ڕەوشی ژن لە هەرێمی کوردستان جێی ئومێدی باشبوون نییە و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی ڕوویان لە هەڵکشان کردووە.

بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان 55 ژن کوژراون. ئەم ژمارەیەش بەراورد بە ساڵی 2014 زیادی کردووە کە 35 حاڵەتی کوشتن هەبووە.

زۆرترین تاوانەکانی کوشتن لە شاری هەولێر بووە کە 20 تاوان بووە، دوای ئەویش لە دهۆک 13 حاڵەت، سلێمانی 9، گەرمیان 7، ڕاپەڕین 3 و سۆران 3 تاوانی کوشتنی ژنانیان تێدا تۆمار کراوە.

لە خۆکوشتنی ژنانیشدا هەر هەولێر لە پێشەوەیە و ساڵی ڕابردوو 64 ژن خۆیان کوشتووە کە بەوشێوەیە بووە: (23 ژن لە هەولێر، 17 لە سلێمانی، 12 لە دهۆک، 5 لە گەرمیان، 4 لە ڕاپەڕین و 3 لە سۆران). بەڵام لە ساڵی 2014دا 47 ژن خۆیان کوشتبوو.

### 125 ژن خۆیان سووتاندووە

ئاماری سووتانی ژنان لە ساڵی ڕابردوودا بەراورد بە ساڵی 2014 تەنیا یەک حاڵەت زیادی کردووە و 198 ژن سووتاون، بەڵام ئاماری خۆسووتاندن زیادی کردووە.

بەپێی ئەو ئامارە کە تایبەت دراوەتە (ڕووداو)، ساڵی ڕابردوو 125 ژن خۆیان سووتاندووە. زۆرترین حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنانیش لە شاری هەولێر تۆمار کراوە کە 52 حاڵەت بووە، لە شوێنەکانی دیکەش بەو شێوەیە بووە: (سلێمانی 27، دهۆک 19، گەرمیان 14، ڕاپەڕین 9 و سۆران 4) حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنانیان تێدا تۆمارکراوە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە لە ساڵی 2014دا 97 حاڵەتی خۆسووتاندنی ژنان تۆمار کراوە.

### سکاڵا زیادی کردووە

بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ساڵی ڕابردوو 7336 ژن لە نووسینگەکانی سەر بەو بەڕێوەبەرایەتییە سکاڵایان تۆمار کردووە. زۆرترین سکاڵا لە سنووری پارێزگای هەولێر تۆمار کراوە کە 2796 سکاڵا بووە. هەروەها لە سلێمانی 1999 سکاڵا، لە دهۆک 1154 سکاڵا، لە گەرمیان 771 سکاڵا، لە ڕاپەڕین 523 سکاڵا و لە سۆرانیش 193 سکاڵا تۆمار کراون.

بەراورد بە ساڵی 2014 کە 6673 سکاڵا تۆمار کرابوون، دەردەکەوێت ساڵی ڕابردوو ژمارەی سکاڵاکان 763 سکاڵا زیادی کردووە.

ساڵانە ژمارەی سکاڵاکان زیاد دەکەن، بۆ ئەمەش هەمیشە دوو بۆچوون هەیە، بۆچوونێک ئەوەیە زۆربوونی ژمارەی سکاڵا ئاماژەیە بۆ زیادبوونی توندوتیژیی دژی ژنان. بۆچوونێکیش دەڵێت نیشانەی هۆشیاربوونەوەی ژنانە کە لە جیاتی خۆلەناوبردن و بێدەنگی، سکاڵا تۆمار دەکەن.

ئەمەل کاکەیی، بەڕێوەبەری پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان، سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی سکاڵاکان گوتی "سکاڵاکان تەنیا ژنان نایکەن، بەڵکو پیاوان لە دژی ژنان و باوک لە دژی کوڕ یاخود کوڕ لە دژی باوک تۆماری دەکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئافرەتانیش زیاتر هۆشیار بوونەتەوە و لە کاتی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەریان پەنا بۆ تۆمارکردنی سکاڵا دەبەن".

### توندوتیژیی جێندەری کەمی کردووە

جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو کە هەمیشە توندوتیژی بەرەو هەڵکشان بووە، ساڵی ڕابردوو ئەم جۆرەی توندتیژی بەرامبەر ژنان ڕووی لە کەمی کردووە و 124 حاڵەت تۆمار کراوە. وەک ساڵانی ڕابردوو زۆرترین حاڵەتی توندوتیژی جێندەری لە سنووری پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە کە 43 حاڵەت بووە، لە دهۆکیش 43 حاڵەت تۆمار کراوە، لە شوێنەکانی دیکەش بەو جۆرە بووە: گەرمیان 16، هەولێر 10، سۆران 6 و ڕاپەڕین 6 حاڵەتی توندوتیژی تێدا تۆمار کراوە.

لەساڵی 2014دا 144 حاڵەتی توندوتیژی تۆمار کراوە، بەمەشدا دەردەکەوێت ساڵی ڕابردوو 20 حاڵەتی توندوتیژی کەمی کردووە. ئەمەل لەبارەی کەمبوونەوەی ئەو ئامارە گوتی "ئەوە ڕادەی بەرزبوونەوەی هۆشیاریی کۆمەڵگە نیشان دەدات".

سەبارەت بەوەی زۆرترین حاڵەتی توندوتیژی لە شاری هەولێر تۆمار کراوە، ئەمەل گوتی کە کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان تەنیا ئەرکی دەزگاکەی ئەوان نییە، بەڵکو کاری هەموو وەزارەت و دەزگاکانی دیکە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە.

سەبارەت بەوەی پارێزگای هەولێر لە زۆربەی حاڵەتەکانی توندوتیژیدا لەپێشەوەیە، ناوبراو گوتی "هەولێر پارێزگایەکی گەورەیە و ئاساییە توندوتیژی لەوێ بەراورد بە شوێنەکانی دیکە زیاتر بێ".

بەپێی پێشبینی سەرکردە سیاسییەکان بێت، ئەمساڵیش بۆ هەرێمی کوردستان ساڵێکی سەخت دەبێت. ئەمەل لەو باوەڕەدایە بۆ ژنانیش سەخت دەبێت و گوتی "ئەگەر ئەمساڵیش دۆخەکە هاوشێوەی ساڵانی پێشتر بێت، بێگومان توندوتیژییەکانیش زیاتر دەبن".

| ئاماری ساڵی 2014 | هەولێر | دهۆک | سۆران | گەرمیان | ڕاپەڕین | سلێمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوشتن | 16 | 5 | 5 | 1 | 5 | 3 | 35 |
| خۆکوشتن | 16 | 9 | 3 | 3 | 5 | 11 | 47 |
| سووتان | 73 | 13 | 30 | 20 | 29 | 32 | 197 |
| خۆسووتاندن | 31 | 21 | 3 | 11 | 13 | 18 | 97 |
| سکاڵا | 2461 | 1686 | 189 | 900 | 367 | 1070 | 6673 |
| توندوتیژی سێکسی | 15 | 32 | 3 | 10 | 18 | 66 | 144 |

| ئاماری ساڵی 2015 | هەولێر | دهۆک | سۆران | گەرمیان | ڕاپەڕین | سلێمانی | کۆی گشتی | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوشتن | 20 | 13 | 9 | 7 | 3 | 3 | 55 | +20 |
| خۆکوشتن | 23 | 12 | 17 | 5 | 4 | 3 | 64 | +17 |
| سووتان | 68 | 39 | 38 | 19 | 20 | 14 | 198 | +1 |
| خۆسووتاندن | 52 | 19 | 27 | 14 | 9 | 4 | 125 | +28 |
| سکاڵا | 2796 | 1999 | 1154 | 771 | 523 | 193 | 7436 | +763 |
| توندوتیژی سێکسی | 10 | 43 | 43 | 16 | 6 | 6 | 124 | −20 |

# بەر لە خۆسووتاندنی داوای لێبووردنی کرد



پشتیوان جەمال
ڕووداو– سلێمانی

"داوای لێبووردنتان لێدەکەم، هیچ کێشەم لەگەڵ کەسدا نییە، هەر خۆم بێ تاقەتم، بۆیە خۆم دەکوژم". ئەوە دوا پەیامی هێڤیی تەمەن 18 ساڵ بوو کە پێش خۆسووتاندنی جێیهێشتووە.

هێڤی دانا کچە قوتابییەکی پۆلی شەشی ئامادەیی بوو، کاژێر 12ی نیوەڕۆی ڕۆژی 2016/1/11 لە گەرماوی ماڵی خۆیاندا لە گەڕەکی کانی گۆمەی شاری سلێمانی، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. هێڤی ماوەی شەش ڕۆژ لەژێر چاودێریی چڕی پزیشکەکاندا بوو، بۆ ئەوەی گیانی لە مردن ڕزگار بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕێژەی سووتانەکەی 60% بوو، هەر لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

دانا محەممەد، باوکی هێڤی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کچەکەی تا کاژێر 11ی پێشنیوەڕۆ سەرقاڵی وانەکانی قوتابخانەی بووە. لە کاتی ڕووداوەکەشدا تەنیا دایکی هێڤی و منداڵێکی دیکەیان لە ماڵەوە بوون و هیچ کارێکی وای نەکردووە تاوەکو ئەوان هەست بەوە بکەن کە خۆی دەسووتێنێ.

دانا گوتی "هێڤی لەگەڵ دایکی لە مەتبەخ بوون و دوای نانخواردن بە دایکی گوتبوو دەچمە حەمام خۆم دەشۆم، بەڵام دەبەیەک نەوتی لەژێر قادرمەکان کە دەکەوێتە پشتەوەی مەتبەخەکە، بردووەتە حەمام و کردوویەتی بە سەریدا و خۆی سووتاندووە".

بە گوتەی باوکی، دوای ئەوەی هێڤی ئاگری لەخۆی بەرداوە، هاواری کردووە و دایکیشی یەکەمین کەس بووە گەیشتووەتە سەری "دایکی هەوڵی دابوو بیکوژێنێتەوە، بەڵام نەیتوانیوە ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، دواتر دراوسێیەکمان فریای کەوتووە و ئاگرەکەی کوژاندووەتەوە".

هێڤی نامەیەکی جێهێشتووە وماڵئاوایی لە کەسوکاری کردووە، بەوەش هیچ گومانێکی لەلای کەسوکارەکەی نەهێشتووەتەوە کە کەسێک دەستی لە ڕووداوەکە یان هاندانیدا هەبووبێت بۆ ئەو کارە، بەڵام هەموویانی وێڵی وەڵامی ئەو پرسیارە کردووە کە بۆچی خۆی سووتاندووە؟، چونکە وەکو باوکی باسی کرد، کچەکەی هیچ کێشەیەکی نەبووە تاوەکو هانی بدات خۆی بسووتێنێ. دانا گوتی "هێڤی کێشەی نەبوو، ئازادییەکی تەواویشی لە خوێندن و چوونە دەرەوە و پۆشینی جلوبەرگ هەبوو. شەوی پێش ڕووداوەکەش قسەم لەگەڵ کرد، هەستم نەکرد هیچ کێشەیەکی هەبێت".

بە گوتەی باوکی، کچەکەی لەو ماوەیەی لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، بەهۆی سەختیی سووتاوییەکەیەوە هیچ قسەیەکی نەکردووە، لە کاتی قسەکانیشیدا پەنجەی بۆ ژووری نووستنی کچەکەی ڕاکێشا وەکو ئاماژەدانێک بەوەی هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین کردووە و گوتی "لە هیچ شتێکی کەم نەبوو".

هێڤی ڕۆژێک پێش تەوابوونی دوایین تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەمی خوێندنی ئەمساڵ خۆی سووتاند، بە گوتەی مامۆستایەکی قوتابخانەکەشی، خۆسووتاندنەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە خوێندنەوە نەبووە و گوتی "ئەگەر لەبەر تاقیکردنەوە خۆی سووتاندبێت، هێشتا تاقیکردنەوەکان تەواو نەبوون و ئەوەندەی لە نێو مامۆستاکانیشدا باس کراوە، ئاستی ئەو قوتابییە لە قوتابخانە باش بووە".

ئەو کچە یەکەمین ساڵی بووە لەو خوێندنگەیە بخوێنێ و وەکو ئەو مامۆستایەی گوتی ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی دارایی و پشووەکانەوە بەگشتی دەوام ئەوەندە نەکراوە "ڕەنگە تا وەرزی یەکەم زیاتر لە دوو مانگ ئەو کچە لای ئێمە خوێندکار بووبێت، لەو ماوەیەشدا هیچ هەڵەیەکی لە قوتابخانە نەبووە، بۆیە لەوە دڵنیاین خۆسووتاندنەکەی پەیوەندی بە خوێندنەوە نییە".

یەکێک لە هاوڕێکانی هێڤی کە لە قوتابخانە و گەڕەکەکەیاندا ناسیویەتی و ئەمساڵیش بە پاسێک هاتوچۆیان کردووە، گوتی "ماوەی زیاتر لە مانگێک بوو کە دەهاتە نێو پاسەکەوە هەستمان دەکرد بێدەنگە و لێشمان دەپرسی کێشەت چییە؟ دەیگوت هیچ نییە، لە نێو قوتابخانەشدا لە کاتی پشوودا کە قوتابیان دەهاتنە دەرەوە، ئەو زیاتر لە پۆلدا دەمایەوە".

هاوڕێیەکی دیکەشی کە لە نەخۆشخانە سەردانی هێڤی کردووە، بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە "هێڤی لە سەرییەوە تا ناوقەدی سووتابوو، بەڵام بەشی خوارەوەی جەستەی نەسووتابوو".

وەکو ئەو هاوڕێیەی باسی کرد، لە دوای ڕووداوەکەوە ئەو قوتابیانەی لەگەڵ هێڤی بوون، لەبەر یادگارییەکانیان لەگەڵ ئەو هاوڕێیەیاندا ناتوانن بڕۆنەوە نێو پۆلەکەیان، بۆیە ئێستا ئەو پۆلەیان داخستووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، ساڵی ڕابردوو 28 ژن لە سنووری پارێزگای سلێمانی خۆیان سووتاندووە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کچە ڕێژەی 60%ی جەستەی سووتاوە و لەلایەن تیمەکانی بەڵگە و تاوانیشەوە بەراوردی نامە و نووسینەکانی دیکەی ئەو کچە کراوە و دەرکەوتووە دەستوخەتی خۆیەتی "لە نامەکەدا نووسیویەتی، داوای لێبووردنتان لێدەکەم خۆم بێتاقەتم و هیچ کێشەیەکم لەگەڵ کەس نییە".



## زاوا خەزووری خۆی کوشت

**ڕووداو- سۆران**

ڕائید سەعدون نەبی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2016/1/28 لە گەڕەکی بەختیاری، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، زاوایەک بە چەقۆ خەزوری خۆی کوشتووە کە تەمەنی 63 ساڵ بووە و گوتی "دوای گەیاندنی ئەو پیاوە بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە و پاشانیش لەسەر سکاڵای هاوژینی کوژراو، زاواکەیان دەستگیرکراوە". ناوبراو گوتیشی "هەر لەسەر ئەو ڕووداوە جگە لە زاواکەی، بە بڕیاری دادوەر برای زاوا و کوڕی کوژراوەکەش دەستگیرکرابوون، بەڵام ڕۆژی 2016/1/31 کوڕەکەی ئازادکرا و ئێستا تەنیا زاوا و برای زاواکە بەندکراون".

# قەرزەکەی نەدایەوە و کوشتیشی



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

کاسبکارێک لە کاتی داواکردنەوەی قەرز لە هاوڕێکەی، دەبێتە دەمەقاڵەی و بەو هۆیەوە هاوڕێکەی دەیکوژێ، برایەکی بکوژەکە دەڵێت یاسا هەرچییەک بڵێت ئەوان ئامادەن.

ئەم ڕووداوە شەوی 2016/1/22 لە نزیک گوندی چاوگی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە نێوان (محەممەد.ل)ی تەمەن 24 ساڵ و (ک. جەمال)ی تەمەنی 19 ساڵ ڕوویداوە، محەممەد کە قەرزی لەلای (ک) بووە، داوای قەرزەکەی خۆی کردووەتەوە، بەڵام لەلایەن (ک)ەوە کوژراوە.

نەقیب بارزان عوسمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو شەوە بکوژ و کوژراوەکە کە هاوڕێی یەکتر بوون، دوای گەڕانەوەیان لە پێشانگای ئۆتۆمبێل، بەمەبەستی پیاسەکردن ڕوویان کردووەتە ناوچەی ملەکەوە.

بارزان گوتی "بەهۆی مامەڵەی نێوانیانەوە، بکوژ 2300 دۆلاری کوژراوەکە قەرزدار بووە، ئەو شەوەش لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا محەممەد داوای قەرزەکەی کردووەتەوە، بەڵام بووەتە دەمەقاڵێیان، پاشان بکوژەکە هاوڕێکەی لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزاندووە و دوو گوللەی پێوە ناوە و کوشتوویەتی". بە گوتەی پۆلیس، بکوژ بەرنامەی کوشتنی محەممەدی نەبووە و هەر لەسەر ئەو دەمەقاڵەیەی لەو کاتەدا دروستبووە کوشتوویەتی.

محەممەد کە وایەرمەن بووە، باوکی کچێکی تەمەنی شەش مانگە. ماڵیشیان لە نزیک ماڵی باوکی بووە. جگە لە وایەرمەنی، جاروباریش مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی کردووە.

کەسوکاری محەممەد نایانەوێ هیچ لەبارەی ڕووداوەکەوە بڵێن، بەڵام دراوسێیەکیان کە ئاگاداری ڕووداوەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت محەممەد نانی ئێوارەی لە ماڵی باوکی خواردووە و کاژێر حەوتی ئێوارە چووەتە پێشانگای ئۆتۆمبێل. دوای ماوەیەک ژنەکەی تەلەفۆنی بۆ دەکات، بەڵام پەیوەندییەکە بەردەست نابێت، بۆیە پەیوەندی بە ماڵی باوکی محەممەدەوە دەکات، ئەوانیش تا درەنگ چاوەڕێ دەکەن، بەڵام محەممەد هیچ هەواڵێکی نابێت، دواتر هێزە ئەمنییەکان ئاگادار دەکەنەوە.

(ک) کە تۆمەتبارە بە کوشتنی محەممەد، پۆلیسە. ماڵی باوکی (ک)یش وەکوو ماڵی باوکی محەممەد قەرەباڵغ بوو، خزم و کەسەکانی کۆبووبوونەوە بۆ ئەوەی چارەیەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە.

پێشنیوەڕۆی 2016/1/23 پۆلیسی هەڵەبجە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دەستگیرکردنی بکوژی محەممەدیان ڕاگەیاند، بەڵام کەسوکاری (ک) تاوەکو دوای کۆنگرەکەی پۆلیس نەیانزانی کە (ک) بکوژەکە بووە.

غێدان جەمال، برای (ک) بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی دوای ڕووداوەکە و پاش نوێژی عەسر، هاوڕێیەکم لە مزگەوت پێیگوتم تەرمی گەنجێک دۆزراوەتەوە، من ئاگادار نەبووم کە براکەم ئەو کارەی کردووە و گوتم خوای گەورە تا ئێوارە بکوژەکەی بدۆزرێتەوە، تەنانەت ئێوارەکەشی لە ماڵەوە لەبەر کوشتنی ئەو گەنجە نانم بۆ نەخورا".

بە گوتەی غێدان، شەوی 23ی مانگ برایەکیان سەردانی کردووە و پێیگوتووە "دەڵێن (ک) بەتۆمەتی کوشتنی ئەو گەنجە دەستگیرکراوە، ئێمەش کە دەستمان بە بەدواداچوون کرد، زانیمان هەواڵەکە ڕاستە".

ئەو ڕووداوە ماڵی باوکی (ک)ی بێتاقەت کردووە و وەکو براکەی گوتی "ڕووداوەکە بۆ ئێمە زۆر چاوەڕواننەکراو بوو، چونکە لە بنەماڵەی ئێمەدا تا ئێستا هیچ کەسێک کاری لەو شێوەیەی نەکردووە".

دەربارەی هەڵوێستی ماڵی باوکی کوژراوەکەش، غێدان گوتی "ماڵی کوژراوەکە زۆر باشن، ئێستاش دۆسیەکە لە دادگایە و ئێمەش لەبەردەم دادگا و خێزانی کوژراوەکەدا ملمان لە موو باریکترە، چونکە براکەمان تاوانبارە".

**ڕوونکردنەوە:** لە ژمارەی پێشتری (ڕووداو)دا و لە کورتە هەواڵێکی پەیوەست بەم ڕووداوەدا، بە هەڵە لەسەر زاری نەقیب بارزان عوسمان، گوتەبێژی پۆلیس بڵاوکرایەوە کە کوژراوەکە قەرزداری بکوژ بووە، بەڵام لە ڕاستیدا بە پێچەوانەیە. بەپێویستمان زانی ئەو هەڵەیە ڕاست بکەینەوە.



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## فەیسبووک خستییە زیندانەوە

کچێک سکاڵای لەسەر کوڕێک هەبوو کە ئەکاونتێکی فەیسبووکی بەناوی ئەو کردبووەوە و زۆربەی وێنەکانی کچەکە و خێزانی کچەکەی تێدا بڵاوکردبووەوە، بەڵام ئەو وێنانە چۆن کەوتبوونە دەستی کوڕەکە؟

کچەکە گێڕایەوە کە لە مۆڵێک کاری دەکرد، کارمەندێکی مۆڵەکە خۆی لێ نزیک دەکاتەوە، دوای ماوەیەک گفتوگۆ، کوڕەکە پێیدەڵێت کە زۆر سەرسامە بە کەسایەتیی ئەو و دەیەوێ ببێتە هاوژینی. کوڕەکە داوای چەند وێنەیەک لە کچەکە دەکات بۆ ئەوەی بە خێزانەکەی نیشان بدات. کچەکەش لە نیازپاکیی خۆی ئەلبوومێک لە وێنەکانی خۆی و خێزانەکەی دەداتێ.

بەڵام کچەکە هەرزوو پەشیمان دەبێتەوە و بە کوڕەکە دەڵێت شووت پێناکەم، کەچی کوڕەکە وازی لێ ناهێنێ و بەردەوام لێی دەپاڕێتەوە کە شووی پێ بکات، ئەگەرنا هۆکارەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڵام کچەکە هیچی پێ ناڵێت. کوڕەکە کاتێک دەزانێت پاڕانەوە سوودی نییە، دەکەوێتە هەڕەشەکردن لە کچەکە. هەرچەندە کچەکە هەڕەشەکان بە جددی وەرناگرێ، بەڵام ئەو نامە هەڕەشەئامێزانەی لە کوڕەکەوە بۆی هاتوون، لای خۆی دەیانپارێزێت.

ڕۆژێکیان کارمەندێکی مۆڵەکە مۆبایلەکەی دەردێنێ و ئەکاونتێکی فەیسبوک پێشانی کچەکە دەدات و لێی دەپرسێ ئەوە ئەکاونتی تۆیە؟ کچەکە واقی وڕدەمێنێ و یەکسەر خەیاڵی بۆ ئەو کوڕە دەچێت کاتێک بە نیەتێکی پاکەوە ئەلبوومێکی وێنەی تەسلیم کردووە، بەڵام ئەو سەرجەم وێنەکانی لە ئەکاونتێکدا بەناوی کچەکەوە بڵاوکردووەتەوە.

کچەکە سکاڵای لەسەر کوڕەکە تۆمار کرد، بە تۆمەتی ئەوەی هەڕەشەی لێکردووە و لە فەیسبووک ئەکاونتێکی ساختەی بەناوی ئەوەوە کردووەتەوە و گوایە بەو هۆیەوە ئابڕووی چووە. دۆسیەکەی ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەر بەپێی ماددەی دوو لە یاسای ژمارە شەشی ساڵی 2008ی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، بڕیاری دەستگیرکردنی کوڕەکەی دەرکرد.

تۆمەتبار دەستگیرکرا و سەرەتا لە لێکۆڵینەوەدا نکۆڵی لەوە کرد کە هەڕەشەی لە کچەکە کردبێ و ئەکاونتی بەناوی ئەوەوە کردبێتەوە. تەنانەت گوتی دوای ئەوەی پەیوەندیمان نەما، هەموو وێنەکانم بۆ کچەکە گەڕاندەوە. کاتێک ئەو نامانەی نیشاندران کە بۆ کچەکەی ناردبوو، چیدی نەیتوانی نکۆڵی بکات، بەڵام بۆ ئەکاونتەکە هەر نکۆڵی دەکرد. لەگەڵ دەستگیرکردنی کوڕەکە، ئەکاونتەکەش داخرا و چیدی نەکرایەوە، بۆیە گومانەکانی زیاتر لەسەر تۆخ بوونەوە. ئەو گەنجە دوای دادگاییکردنی، سزای شەش مانگ بەندکردنی بەسەردا سەپێنرا.

لە ماددە دووی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردندا هاتووە: سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ و بە بژاردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە، هەر کەسێک بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی (مۆبایل)، ئامێری پەیوەندیی بەتەل یان بێ تەل، ئینتەرنێت و پۆستی ئەلیکترۆنی بەکاربهێنێ، ئەویش لە ڕێگای هەڕەشە، تۆمەت هەڵبەستن، جنێودان، بڵاوکردنەوەی هەواڵی جۆراوجۆر کە ترسی لێ بکەوێتەوە. دزەپێکردنی گفتوگۆکان، وێنەی جێگیر یان جوڵاو، کورتەنامە کە دژی ڕەفتار و ڕەوشتی گشتی بێت. یان وێنەگرتنی بێ مۆڵەت و بێ ڕەزامەندی، یان دانە پاڵی بارێکی وا کە ئابڕووبەر بێت. بڵاوکردنەوەی زانیاریی پەیوەندیدار بە نهێنیی ژیانی تایبەتی یان خێزانیی تاکەکان کە ببێتە هۆی زیان پێگەیاندنیان.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# شاگرد کوژرا و وەستاش بریندار کرا

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**


وەستا (ک) دوای تەواوبوونی کارەکەیان لەگەڵ شاگردەکەی سواری ئۆتۆمبێل دەبێت بۆ ئەوەی شاگردەکەی بگەیەنێتەوە ماڵەوە، بەڵام بەرلەوەی بگەن، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە تەقەیان لێدەکرێ. وەستاکە بریندار دەبێت و شاگردەکەشی دەکوژرێ.

ڕووداوەکە کاژێر 10ی شەوی 2016/1/24 لە گەڕەکی قرگەی شاری سلێمانی ڕوویداوە. لەو ڕووداوەدا گەنجێکی تەمەن 17 ساڵ بەنێوی محەممەد سیروان کوژرا و کەسێکیش بەناوی (ک)، تەمەن 23 ساڵ کە ڕۆنگۆڕ و پەنچەرچییە، بریندار بووە. پۆلیس تەقەکەرەکانی نەدۆزیوەتەوە، بۆیە هێشتا هۆکاری ڕووداوەکەی بۆ ڕوون نەبووەتەوە.

شڤان عەبدوڵڵا، پوورزای وەستا (ک) کە ئەویش هەر شاگردی خۆیەتی، تاوەکو نیو کاژێر پێش ڕووداوەکە لەلای ئەو بووە، ئەو دەڵێت "دوای ئەوەی ڕۆیشتمەوە، پاش پێنج خولەک وەستاکەم پەیوەندیی پێوە کردم و گوتی با بڕۆین بۆ نانخواردن، منیش داوای لێبووردنم کرد و گوتم ناتوانم، چونکە دەبێت بەیانی زوو بێمەوە بۆ ئیش".

وەکو شڤان باسی کرد، وەستاکەی ویستبووی محەممەد بگەیەنێتەوە ماڵەوە، بەڵام لە ڕێگەدا تەقەیان لێکردوون و گوتی "تا ئێستاش کەس نازانێت تەقەکەرەکان کێن، وەستاکەشمان کێشە و دوژمنایەتی لەگەڵ کەسدا نییە".

بەپێی قسەکانی شڤان، وەستاکەی سێ فیشەک بەر سینگ و فیشەکێکیش بەر پشتی کەوتووە، دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە هۆشی هاتووەتەوە بەر. شڤان گوتی "وەستاکەم پێیگوتین ئۆتۆمبێلێک هاتووەتە تەنیشتم و تەقەی کردووە".



محەممەد سیروان مستەفا

محەممەد سیروان مستەفا، خوێندکاری قۆناغی یەکەمی پەیمانگەی مەحوی بۆ زانستە ئیسلامییەکان بووە. باوکی محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت، لەڕێگەی زاوایەکیانەوە ناسراوییان لەگەڵ ماڵی ئەو وەستایەدا هەبووە و هەر بەو هۆیەشەوە محەممەد لە کاتی پشووی هاویندا لای ئەو کاری کردووە.

سیروان گوتی "ئەو شەوە کوڕەکەم پێیگوتم باوکە دەچم سەردانێکی وەستا (ک) دەکەم. دواتر وەستاکەی ویستوویەتی محەممەد بگەیەنێتەوە ماڵەوە، بەڵام لە ڕێگادا تەقەیان لێکردوون".

ماڵی باوکی محەممەد لەڕێگەی ناسیاوێکیانەوە ئاگادار کراونەتەوە کە کوڕەکەیان لە نەخۆشخانەیە. سیروان گوتی "ئێمە نازانین محەممەد لە شوێنی ڕووداوەکە یاخود لە نەخۆشخانە مردووە، بەڵام کاتێک ئەو خزمەمان پەیوەندیی پێوە کردین، گوتی تەقەیان لێکراوە و وەرن بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن، کاتێک چووینە ئەوێ تەرمەکەی بەڕێکرابوو بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی، ئیدی لەوێ زانیمان محەممەد تەواو بووە".

باوکی محەممەد بەدووری زانی کە کوڕەکەی و (ک) هیچ کێشەیەکیان هەبووبێ، بۆیە هەردوولا سەریان لە ڕووداوەکە سوڕماوە و نازانن کێ و بۆچی تەقەیان لێکردوون. سیروان گوتی "براکانی وەستاکە سەردانیان کردین و گوتیان نە ئێمە و نە براکەمان کێشەمان لەگەڵ کەسدا نییە. بۆیە ئێمە هیچ کێشەمان لەگەڵ بنەماڵەی وەستاکە نییە و هەموو شتێکمان بۆ یاسا جێهێشتووە".

گوتیشی "ئەگەر ئەو وەستایە کێشەیەکی هەبووایە، شەوانە تاوەکو کاژێر 11ی شەو لە دووکانەکەی نەدەمایەوە".

محەممەد کە قوتابی ناوەندی بووە، لە پشووی هاویندا دەچووە لای ئەو وەستایە بۆ کارکردن، بەمەش هاوڕێیەتییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەبووە و زوو زوو سەردانی وەستاکەی دەکرد. سیروان گوتی "کوڕەکەم لەگەڵ ئەو وەستایە زۆر تەبابوون، کوڕەکەم قەت باسی نەکردووە کە ئەو وەستایە کێشەی هەبووبێ".

محەممەد دوای تەواوکردنی قۆناغی نۆی بنەڕەتی، لە پەیمانگەی کۆمپیوتەر وەردەگیرێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی مەیلی بەلای ئایندا زۆر بووە، واز لە پەیمانگەی کۆمپیوتەر دەهێنێ و دەچێتە پەیمانگەی مەحوی بۆ زانستە ئیسلامییەکان، ئەمساڵیش یەکەمی ساڵی خوێندنی بووە لەو پەیمانگایە.

هاوسێیەکی ماڵی محەممەد زۆر پەسنی ئەو خێزانە و کوڕەکەیانی دا و گوتی "ماڵی باوکی خێزانێکی بێ کێشەن و کوڕەکەشیان کەسێکی باش بوو".

تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە تەقەکەرەکان دەستگیر نەکراون و پۆلیسی سلێمانی دەستیان بە لێکۆڵینەوە بۆ دۆزینەوەی تاوانباران کردووە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەگوتەی شۆفێرەکە تەقەکەرەکان لە ئۆتۆمبێلێکی ڕەنگ سپیدا بوون کە تابلۆیەکی باریکی ڕەشی پێوەبووە، بەڵام هۆکاری تەقەکردنەکە نازانن".

ژیان لەژێر دەسەڵاتی داعشدا لە ڕەققە

# شەریعەت بخوێنە و 400 دۆلار وەربگرە

## داعشی بیانی لەنێو ماڵی کورد نیشتەجێکراون



ڕووداو– فڕێن پۆلیسی

ماوەیەکی زۆر بوو لە وڵات دوور بووم، دەبووایە لە کاتی گەڕانەوەمدا مێشکی خۆم لەگەڵ شوێنێکی تەواو جیاوازدا بگونجێنم کە ئەویش ڕەققەیە.

بەر لە گەڕانەوەم لە تورکیاوە بۆ ڕەققە، دەستم بە هێشتنەوەی ریشم کرد. خۆشبەختانە داعش هێشتا داوای لە دانیشتووانی ڕەققە نەکردووە سمێڵیان بتراشن، هەر بۆیەش هەوڵم دا سمێڵی خۆم لەگەڵ سمێڵی خەڵکی ئاسایی شارەکەدا بگونجێنم، بەڵام دیسانیش تەواو لەو مۆدێلە ناچم کە بە مۆدێلی ڕەققەیی ناوی دەرکردووە.

لە ڕەققە ژمارەیەک کۆدی ڕەفتارکردن هەیە کە دەبێت بەردەوام لەبەرچاوت بن، ئەگەرنا لەژێر دەسەڵاتی داعشدا سەلامەت نابیت. بۆ نموونە ئەگەر هیچ پەروەردەیەکت لە شەرعدا نییە، دەبێت هەرچی زووە خۆت فێر بکەیت، ئەگەرنا ناچار دەکرێیت وانەی شەریعەت لەو مامۆستایانەی داعش وەربگریت کە بەم دواییە لە نێو مزگەوتەکاندا دانراون.

ئەبوو فاتیمە، یەکێک لە وانەبێژەکانی داعش لە یەکێک لە وانەکاندا دەیگوت "سمێڵتان بتراشن و لێگەڕێن با ریشتان درێژ ببێتەوە. ئەمە حەدیسی سەحیحە". لەکاتی قسەکردنیشدا دەمی وەها لە مایکرۆفۆنەکە نزیک کردبووەوە، دەتگوت ئێستا دەچێتە ناو دەمیەوە. وانەکان بە شەهادەت هێنان دەستپێدەکەن و بە ڕوونکردنەوەی وردەکاریی تەفسیری داعش بۆ ئاینی ئیسلام کۆتاییان دێت.

بەشداربووانی ئەو وانانە زۆرتر ئەو مێرمندالانەن کە لە کێڵگەی خێزانەکانیان کار دەکەن، یان لە شوێنە پیسەکاندا سەرقاڵی کارکردنن. لای ئەوان بوون بە ئەندامی داعش، هیوای دەرچوونە لەو ڕەوشە سەختەی تێیدا دەژین. هەندێک لە کەسە پێگەیشتووەکانیش بۆ ئەو 400 دۆلارە بەشداری وانەکان دەکەن کە داعش لە کۆتایی خولەکاندا دەیداتە بەشداربووان. هەندێکیش وەکوو تەواوکردنی سزا بەشداری دەکەن.

سەرەتا ژمارەی بەشداربووان زۆر کەم بوو، زیاتر ئەو کەسانە بوون کە بە "سەرپێچیکار" ناویان دەبردرا، لەوانەش جگەرەکێشەکان، یان ئەوانەی بەر لە کاتی نوێژ دوکانەکانیان دانەدەخست، بەڵام هێندەی نەبرد وانەکان بوونە ناچاری و دەبووایە هەموو کەسێک تێیاندا بەشداربێت، وەکوو بڵێی داعش کەڵکی لە هەموو دەرفەتێک وەردەگرت بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆژیای خۆی بەسەر دانیشتووانی ڕەققەدا بسەپێنێ.

وانەکانی شەریعەت دوایین نموونەی ئەو سزایانەن کە داعش بۆ دانیشتووانی داناوە. پێشتر و لە هاویندا سزاکە زیاتر هەڵکەندنی خەندەق بە دەوری شاردا بوو کە کارێکی پڕ مەترسی بوو، چونکە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەو شوێنانە بەهۆی بۆردومانەوە کوژران.

قورسی و سووکیی سزاکانی داعش پەیوەندی بە میزاجی ئەو کەسەوە هەیە کە سزاکە دادەنێت، بۆ نموونە ئەبوو فاتیمە ڕۆژێک کە زۆر تووڕە بوو، دەیگوت "سوێند بە گەورەیی خودا، هیچ جگەرەکێشێک لە تاقیکردنەوەکانی من دەرناچێت و ڕێگەش نادەم پارەی موجاهیدین وەربگرن".

حەمدان گەنجێکی سوورییە کە وازی لە سوپای سووریا هێناوە و ئێستا لە ڕەققە دەژی، ریشە درێژ و شانەنەکراوەکەی هەڵخەڵەتێنەرە، چونکە زوو زوو سووکایەتی بە داعش دەکات. هاوڕێیەکی کۆنی ئەو بەناوی خەلیل کە دەرچووی زانکۆی حەلەبە، ویستی ئێمە بە یەکدی بناسێنێ، هەر بۆیەش هەردووکمانی بانگهێشتی ماڵەکەی خۆی کرد.

لە تاریکیدا دانیشتبووین و جگەرەمان دەکێشا. خەلیل لە هاوڕێکەی پرسی: باشە تۆ لێرە هەست بە بەختەوەری دەکەیت؟ حەمدان گوتی: نەخێر. بەڵام ئێرە زێدی منە. ئەوە داعشە کە دەبێت لێرە بڕوات.

ئێستا ئەستەمە دوو سووری بدۆزیتەوە کە تەنانەت لەسەر ناوەڕۆکی دەستەواژە بنەڕەتییەکانی دیاریکردنی شوناسی سووریا کۆک بن. لای هەندێکیان سووریا چوارچێوەیەکی سیاسییە و لەلایەن هێزە کۆلۆنیاڵەکانەوە دروستکراوە، بۆیەش سنوورەکانی دەبێت لەسەر نەخشە بسڕدرێتەوە. هەر لێکدانەوەکانی ئیسلام ژمارەیەکی زۆر ململانێی ئایدیۆلۆژی دروستکردووە، ئەمە جگە لەوەی "عەرەبچێتی" کە ماوەیەکی زۆر دروشمی حکومەتەکەی ئەسەد بووە، کورد و ئاشوورییەکان و ئەوانی دیکە نیگەران دەکات.

کرۆکی کێشەی حەمدان و خەلیل پەیوەندی بە مامەڵەی خراپی داعش لەگەڵ هاووڵاتیانی مەدەنی هەیە، بەتایبەتیش کوردی ناوچەکە. حەمدان بە پەرۆش بوو بۆ هاوڕێ کوردەکانی کە هەموو ژیانی خۆیان لە ڕەققە بردبووە سەر، بەڵام دواتر لەلایەن داعشەوە ناچارکران شارەکە جێبهێڵن. کەچی خەلیل بەرگری لە بڕیارەکەی داعش دەکرد و بیانووی ئەمنی بۆ دەهێنایەوە.

چەکدارانی داعش گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەسەر دیمۆگرافیای ڕەققەدا هێناوە. ئەویش بەهۆی نیشتەجێکردنی ژمارەیەکی زۆر چەکداری بیانی لە شارەکەدا.

داعش سەرەتا تەنیا دەستی بەسەر خانووی بەرپرسانی حکومیدا دەگرت، دواتر پڕۆژە بیناسازییەکانی حکومەتی داگیرکرد. لەگەڵ هاتنی چەکداری بیانیی نوێ، کێشەی نیشتەجێکردن گەورەتر دەبوو. بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئەو چەکدارانەی زگورتی بوون، ناچار دەکران ژن بێنن.

یەکێک لە ناسیاوەکانم بە ناوی فەهد، ماوەیەکی کەمە خانووی دەستکەوتووە. فەهد کە ئێستا بە ئەبوو شتێک ناوی دەبەن، دوای مەشقی سەربازی و بەشداری لە شەڕی کۆبانێ، ژنی هێنا، بۆیە دەبووایە خانووی بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ئەمیرەکەی خۆی قسەی کردبوو، ئەویش خانووی یەکێک لەو کوردانەی پێدا کە هاوینی 2015 ڕەققەی جێهێشتبوو.

پێشتر کورد و عەرەب پێکەوە لە ڕقة دەژیان، بەڵام لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان داعش و یەپەگە، کورد ناچارکران شارەکە چۆڵ بکەن. داعش لە وەرزی هاویندا لە ڕێگەی بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە فەرمانی پێکردن شارەکە جێبهێڵن و بچنە پالمیرا یان ڕوو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەپەگە بکەن. داعش کوردی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە زانیاری بە یەپەگە دەدەن.

سەرەتا بەڵێنیان بە کورد دا موڵک و ماڵیان لە ڕەققە پارێزراو بێت، بەڵام ئەم بەڵێنە تەنیا سێ ڕۆژ بڕی کرد.

دوای دەرکردنی کورد، داعش هەوڵی دا خەڵکانی دیکە بۆ ڕەققە ڕابکێشێت، بۆ ئەم مەبەستەش وێنە و دیمەنەکانی قەیرانی کۆچبەرانی سووری دەقۆستەوە، لە چەندین ڤیدیۆ و فیلمی کورتی پڕوپاگەندەییدا بانگهێشتی سوننەکانی دەکرد بێن و لە ڕەققە بژین. لە هەمانکاتدا دەرچوون لە ڕەققە بەبێ نووسراوی سەرکردەکانی داعش قەدەغە کرا، ئەوەی کە پێشتریش دەرچووبوو، دەست بەسەر ماڵ و موڵکیدا گیرا و بەسەر چەکدارانی ڕێکخراوەکەدا دابەشکران.

بیانووی داعش بۆ داگیرکردنی موڵک و ماڵی خەڵک ئەوەیە کە ئەوانە پێشتر موڵکی ڕژێم بوون، ئێستاش داعش دەسەڵاتدارە، هەر بۆیە دەبنە موڵکی داعش.

ناوبانگی ڕەققە تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە ئەم شارە دڵی تیرۆری جیهانی و پایتەختی دیفاکتۆی خەلافەتەکەی داعشە، بەڵکو ڕێژەی زۆری توندوتیژییەکانی داعش لەم شارەدا وای کردووە ناوی لەنێو خەلافەتدا بڕوات.

داعش هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی هەرچۆنێک بێت ئەم شارە لە جیهان دابپڕێت، هەر بۆیەش خەڵکی ڕەققە مافی ئەوەیان نییە لە ماڵەکانی خۆیاندا خاوەنی سیگناڵی وای فای بن، لە 18ی تشرینی دووەمەوە ئینتەرنێتی سەتەلایتیش قەدەغەکرا، قاوەخانەکانی ئینتەرنێت داخران، ئەگەر یەکێک بیەوێت دیسان قاوەخانە بکاتەوە، دەبێت مۆڵەت لە دەزگای هەواڵگریی داعش وەربگرێت.

بەڵام بەدەر لەو ئازارە زۆرەی داعش تووشی دانیشتووانی ئەم شارەی کردووە، بۆردومانەکانی هاوپەیمانان و ڕووسیا بە دیوێکی دیکەدا خەڵکی شارەکەی هەراسان کردووە.

"ئێرە ڕەققەیە"، بێژەری ڕادیۆی بەیان، ڕادیۆکەی داعش، بە پۆزەوە هاوار دەکات "بۆ کوێرایی چاوی سەلیبییەکان، موجاهیدین لە ژێرزەمینەکاندا خۆیان شاردبووەوە، یان لە نێو خەڵکی ئاساییدا بڵاوەیان پێکرابوو!". دواتریش دەستی کرد بە ستایشی عەبدولحەمید ئەباعود، پلاندارێژەری هێرشەکانی 13ی نۆڤەمبەری پاریس. بێژەرەکە دەینەڕاند "سوێند بە خوا تۆڵەی ئەم هێرشانەیان لێ دەکەینەوە، لەناو وڵاتەکانی خۆیاندا هێرش دەکەینە سەریان".

# کورد و "ڕێکخستنەوە گەورەکە"ی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

پۆڵ ئیدۆن

کاتێک داعش لە هاوینی 2014دا هێرشی کردە سەر ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای عێراق، بەشێوەیەکی سیمبوڵی سنوورەکانی سایکس پیکۆی هەڵوەشاندنەوە، واتە ئەو هێڵەی سنووری دەوڵەت- نەتەوەی عێراق و سووریای دیاری دەکرد. داعش ناوچە عەرەبیە سوننەنشینەکانی عێراق و سووریای پێکەوە بەستەوە. ئەگەرچی مەرج نییە خەڵکی ئەو ناوچانە لایەنگری داعش بن، بەڵام خەڵکی هەردوولا حکومەتەکانی خۆیان وەکوو نوێنەری شیعەمەزهەبی سەرکوتکەری سوننە دەبینن.

ماوەیەکی زۆرە ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە واقعبینانە نەبووە و مەحکومە بە هەڵوەشانەوە. بۆ نموونە لە عێراق شەڕە تایفییەکانی پاش 2003 دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون کە ئەم وڵاتە وەکوو قەوارەیەکی یەکگرتوو هیچ مانای نییە، لەبەر ئەوەی لەم وڵاتەدا عەرەبە سوننە و شیعەکان و کورد، بەبێ هیچ شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش، لەناو یەک قەوارەدا پێکەوە لکێنراون.

پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیس، شارەزای ڕەوشی سووریایە، هەر بۆیە تێڕوانین و زانیارییەکانی لەسەر ئەم قەیرانەی ئێستا بە هەند وەردەگیرێت و وەکوو سەرچاوە بەکاردەهێنرێن. پرۆفیسۆر لاندیس تیۆری خۆی هەیە و هەوڵ دەدات لەڕێی ئەم تیۆرەوە ڕووداوەکانی ناوچەکە ڕوون بکاتەوە کە ئەو بە "ڕێکخستنەوەی گەورە" ناوی دەبات.

لە ئەورووپاش چەندین جار لە ماوەی سەت ساڵی ڕابردوودا ناکۆکی و پێکدادانی ئێتنیکی گەیشتووەتە ئاستێک کە ناچار بوون سنوورەکان لەسەر بنەمای یەکانگیریی ئێتنیکی و نەتەوەیی ڕێکبخەنەوە. بۆیە تیۆرەکەی لاندیس بۆ عێراق و سووریا، جێی سەرنجە.

لاندیس لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی ئینگلیزیی ماڵپەڕی (ڕووداو)دا دەڵێت "سنووەکانی ئەورووپا کە لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس دانرابوون، بە شێوەیەکی گشتی وەکوو خۆیان مانەوە، بەڵام ئەوە خەڵک بوون کە گۆڕانیان تێدا کرا بۆ ئەوەی لەگەڵ سنوورەکاندا بگونجێن".

لاندیس بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە چەندین نموونە دەهێنێتەوە "لە پۆڵەندای پێش جەنگی دووەمی جیهانیدا 64%ی دانیشتووان بە ڕەچەڵەک پۆڵەندی بوون، بەڵام دوای ئەم جەنگە نزیکەی 100%ی دانیشتووانی ئەم وڵاتە پۆڵەندی بوون. بە هەمانشێوە چیکۆسلۆڤاکیای پێشووش لە کەمینەکان بەتاڵ کرایەوە کە بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی 32%ی دانیشتووانی ئەو وڵاتەیان پێکدەهێنا. بۆ نموونە جووەکانی ئەورووپا لەناوبران و هتد".

"دەستەواژەی ڕێکخستنەوەی مەزن بژاری زۆرت دەخاتە بەردەم. یەکێک لەو بژارانەش ئەوەیە کە زۆرینەی ئێتنیکی و ئاینیی کەمینەکان بسڕدرێنەوە. دیارە ئەمە مۆدێلە ئەورووپییەکەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئەم مۆدێلەمان بینیوە، بۆ نموونە لە دژی مەسیحییەکانی ئەم ناوچەیە، لە ساڵی 1914دا مەسیحییەکان 20%ی دانیشتووانی تورکیایان پێکدەهێنا، بەڵام لە 1923دا هیچ مەسیحییەک لە تورکیا نەما. لە عێراق هەمان شت بەسەر جووەکاندا هات و وەدەرنران. گومان دەکرێت ئەم ڕەوتە لە داهاتووشدا بەردەوام بێت."

کورد کە دەوڵەتی پێ ڕەوا نەبینراوە، ماوەی چەندین دەیەیە تووشی سەرکوتکردنێکی دڕندانە هاتووە. لاندیس پێیوایە "ڕەنگە عێراق چانسی ئەوەی هەبووبێت کە بتوانێ شوناسێکی هاوبەش پێکبهێنێ، بەڵام شێوازی مامەڵەکردنی سەدام حوسێن هەرجۆرە دەرفەتێکی لەمجۆرەی نەهێشت. لە سووریاش، ئەگەرچی بەو ئاستە لە دڕندەیی مامەڵەیان نەکرد، بەڵام سیاسەتی نکۆڵیکردنیان گرتەبەر. ساڵی 1947 نوێنەرێکی ئەمریکی لەگەڵ دەسەڵاتدارە خێڵەکییەکەی سووریا کۆدەبێتەوە، نوێنەرە ئەمریکییەکە نیگەرانی بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیستی لەناو کوردی سووریا بووە. سەرکردە سوورییەکە بە ڕاوەشاندنی پەنجەی ئەم ئەگەرەی ڕەتکردبووەوە و گوتبووی: نیگەرانی کورد مەبە، ئەوان کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگین. نزیکەی 15 هۆزی کورد هەبوون کە لە تورکیا دەژیان، بەڵام دەسەڵاتەکەی ئەتاتورک و شوێنگرەوەکانی ڕاویان ناون، لەبەرئەوەی یاخی بوون و تورکەکانیش فەرمانی کوشتنیان بۆ هەموویان دەرکردووە، هەر بۆیە ئەگەر لێرەش واز نەهێنن، ئێمەش دەریاندەکەینەوە سەر سنوورەکان بۆ ئەوەی لەوێ لە سێدارەیان بدەن".

لاندیس لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت "سوورییەکان بەم شێوازە کوردیان کۆنترۆڵ کردووە، ئەمەشیان کردووە بۆ ئەوەی کورد بە تەواوەتی وابەستەی دیمەشق بێت، ئەو دەسەڵاتدارەی سووریا بەم شێوازە پەیوەندیی نێوان حکومەتی سووریا و کوردی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا باس کردووە. ئەوان بەچاوی سووک و لە ڕوانگەیەکی نەتەوەپەرستانەوە سەیری کوردیان کردووە، پەتی سێدارەش هەموو کات لە دیوی پشتەوەی پەیوەندییەکانیان بە کوردەوە ئامادە بووە و هەتا ئێستاش هەر بەو شێوازە ماوەتەوە، کوردیش ڕقی لەمەیە و ئیدی ماندوو بووە".

بەبۆچوونی جۆشوا لاندیس، ئەو ڕەوشەی ئێستا دەرفەتێکی مێژوویی بە کورد داوە، لەبەر ئەوەی "سووریا، وەکوو عێراق، بۆ ماوەی چەندین دەیەی داهاتوو بە چۆکدا هاتووە، ئەمەش دەرگای سەربەخۆیی لەسەر کورد دەکاتەوە، کوردیش لەمە تێگەیشتووە و سوود لەو هەلانە وەردەگرێت کە ڕەوشەکە بۆ سەربەخۆیی ڕەخساندوونی، بۆ ئەم مەبەستەش کارتەکانی بەردەستیان زۆر بە باشی بەکارهێناوە".

لاندیس کە سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردی باشوور بڕیارێکی زۆر حەکیمانەیان داوە کاتێک پەیوەندیی بازرگانیی خۆیان لەگەڵ تورکیادا توندوتۆڵ دەکەن. بەڕای ئەو داهاتووی ئۆتۆنۆمیی کوردی ڕۆژئاوا و مافی بڕیاردانی چارەنووسی کوردستان بەستراوەتەوە بە پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ تورکیا.


سەبارەت بە کوردی ڕۆژئاوا و پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا، لاندیس پێیوایە کوردی سووریا ئەو پشتیوانییەی لە تورکیا دەستیان دەکەوێت، لە سووریا بۆیان ڕێکناکەوێت، لەبەر ئەوەی تورکیا ئابوورییەکی باشی هەیە و بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی سووریاش هەر بازرگانەکانی تورکیا دەبێت قۆڵی لێهەڵماڵن و یارمەتییەکانیان پێشکەش بە سووریا بکەن. سووریا شکاوە و هیچ پارەیەکی بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی بیخاتە ناو گەشەپێدانی ئەو ناوچانە. جیا لەمە بە درێژایی سنوورەکان شاری گەورەی تورکیا هەن، هەر بۆیەش ئاساییە هەموو کەسێک بیەوێت منداڵەکانی خۆی بنێرێتە قوتابخانەکانی تورکیا، لەوێش تورکی فێر دەبن و ڕەنگە عەرەبییەکەیان بیربچێتەوە بێ ئەوەی کوردییان لەبیر ببردرێتەوە. ئەمە هەنگاوێکە کە ڕەنگە کورد بە سەربەخۆیی نەگەیەنێت، بەڵام جۆرێکی بەرچاو لە ئۆتۆنۆمییان بۆ دەستەبەر دەکات.

پرۆفیسۆرەکەی زانکۆی ئۆکلاهۆما ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش تا ڕادەیەکی زۆر یەکانگیرن (چونکە بەشی هەرە زۆریان سوننەن)، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ڕێکخراوێکی وەکوو داعش حوکمڕانی ئەو ناوچانە دەکات کە لەڕاستیدا سروشتی ڕێکخراوەکە بووە بە هۆکاری لاوازبوونی ڕێکخراوەکەش، لەبەر ئەوەی "داعش ڕێکخراوێکی ئەوەندە گەمژەیە کە جگە لە لەناوچوون هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، لە کاتێکدا ئەم ڕێکخراوە دوژمنایەتی هەموو هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان دەکات."

ژمارەیەکی زۆر لەو هێزانەی لەدژی داعش دەجەنگن، بە نیازی ئەوەشن بە گوێرەی سنوورە نێودەوڵەتییە کۆنەکان دەوڵەت-نەتەوەی عێراق و سووریا بپارێزن، بەڵام ئەمریکا لە هەمانکاتدا دەیەوێت هێز و دەسەڵات لەو ناوچانەدا دابەش بکرێت. بە بۆچوونی لاندیس "ئەمە سەرناگرێت، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ مۆدێلێکی سەرکەوتووی دابەشکردنی دەسەڵات لەئارادا نییە کە وەکوو نموونە بۆ لاساییکردنەوە لەبەرچاو بگیرێت. کە دەبینی لە عێراق سنوورەکان بە پارێزراوی ماونەتەوە، هۆیەکەی ئەوەیە سوننە گورزی قورسیان لێدراوە، شیعەکانی عێراق دەتوانن ئەمە بکەن، چونکە هەم ئەمریکا و هەمیش ئێران دەیانەوێت عێراق بپارێزن و شیعەکانیش 60%ی دانیشتووان پێکدێنن. بەڵام لە سووریا ڕەوشەکە ئاڵۆزترە، لە لایەکەوە بەشار ئەسەد لەلایەن ڕووسەکانەوە پشتگیری دەکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە لە ناوخۆدا دیمەشق پشتگیری کەمینەی لەگەڵە. ڕەنگە ئەسەد پێویستی بە ڕاکێشانی هەندێک لە سوننەکان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت جارێکی دیکە حوکمی وڵات بکات."

هەفتەی پێشوو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای ڕێکخستنەوەیەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کرد و سایکس پیکۆی بە ڕێکخستنێکی سەرکوتگەرانە ناوبرد، بە تایبەتیش کە بۆ کورد تەنیا نادادپەروەریی بەدواوە بووە. ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت، ئەوە بێگومان سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانیان بەسەردا دێت. بەڵام جیاوازییە بنچینەییەکە ئەوەیە کوردستان، بە پێچەوانەی داعش، دەتوانێت پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ دراوسێکاندا هەبێت و بۆیان بسەلمێنێ کە کوردستانێکی سەربەخۆ مەترسی نییە بۆ سەر هیچ کەسێک. پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیس پێیوایە پرۆسەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی سەختە، بەڵام لە هەمانکاتدا پێشبینی ئەوەش دەکات کە "ئەمە پەیوەستە بە پەیوەندیی نێوان کوردستان و دراوسێکانی، بەڵام سەربەخۆیی کوردستان درەنگ یان زوو هەر بەدی دێت".

# ستراتیژی چین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا



ڕووداو – Foreign Policy

دوای دەیەیەک دوورەپەرێزی لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چین وا خەریکە وردە وردە لە کێشەکانی ئەم ناوچەیە و لە هەمووشی گرنگتر، نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیکتر دەبێتەوە.

چین دەیزانی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای 2016دا بۆنی خێریان لێ نایەت، بە تایبەتیش لە کاتێکدا زی جین پینگ، سەرۆک کۆماری چین، بە نیاز بوو گەشتەکەی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێبکات کە دەکرا ئەنجامی زۆر گەورەی لێ بکەوێتەوە. لە سێدارەدانی شێخ نەمر ئەلنەمر، کەسایەتی ئاینیی شیعەکانی سعودیە و دواتریش پچڕانی پەیوەندییەکانی ئێران و زۆربەی وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە گەشتەکەی جین پینگی ئاڵۆز کرد.

پلانی پێشوەختی گەشتەکە هەر یەک لە وڵاتانی میسر، سعودیە و ئیماراتی عەرەبی لەخۆگرتبوو کە هەموویان وڵاتانی سوننە مەزهەبن. بەڵام سەردانیکردنی وڵاتانی سوننی لەو ساتەوەختە پڕکێشەیەی نێوان شیعە و سوننەدا دەکرا ئەو مانایە بگەیەنێت کە چین لایەنگریی یەکێک لە باڵەکانی ئیسلام دەکات. ئەمەش دەکرا بەو مانایە لێکبدرێتەوە کە پەکین وازی لە سیاسەتی دوورەپەرێزی لە بەرامبەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوە.

بەڵام دواخستنی گەشتەکە بۆ جاری دووەم لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا دەکرا ئەنجامی دیکەی بەدواوە بێت. چین پێشتر و لە ئاداری 2015دا گەشتێکی هاوشێوەی هەڵوەشاندبووەوە، دوای ئەوەی هاوپەیمانیی عەرەبی بە سەرکردایەتی سعودیە هەڵمەتێکی سەربازییان لە دژی چەکدارانی شیعە مەزهەبی حووسی لە یەمەن دەستپێکردبوو. جین پینگ لە کاتی دەستبەکاربوونی وەکوو سەرۆک کۆمار سەردانی هەموو ناوچەکانی کردووە، تەنیا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێت. ئەمە بۆ لی کیکیانگ، سەرۆک وەزیرانی چینیش بە هەمانشێوەیە. دواخستنێکی دیکەی گەشتەکە دەکرا وەها لێکبدرێتەوە کە سیاسەتی دەرەوەی چین بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەوە ئاراستە دەکرێ، بەڵام سەرۆک کۆماری چین، بڕیاری دا ئەم قەیرانە وەکوو دەرفەتێک بەکاربهێنێ بۆ لادانی پەردە لەسەر ستراتیژی نوێی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەپێی ئەم سیاسەتە پەکین چیدی لە پەراوێزی کێشەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

ئەم هەوڵەی چین چەند هەفتەیەک بەر لە کوژرانی ئەلنەمر دەستی پێکردبوو، کاتێک هەم وەلید موعەلیم، وەزیری دەرەوەی سووریا و هەمیش سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانیی سووریا بانگهێشتی پەکین کرابوون بۆ ئەوەی لەسەر قەیرانی سووریا بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بگەن. چین بەم هەنگاوە وازی لە سیاسەتە کۆنەکەی خۆی بۆ پشتگیری بێ ئەملاوئەولا لە بەشار ئەسەد هێنا. لەلایەکی دیکەوە دوای سووتاندنی باڵیۆزخانەی سعودیە لە تاران، جێگری وەزیری دەرەوەی چین سەردانی تاران و ڕیازی کرد و داوای لە هەردوو لایەن کرد ڕەوشەکە هێور بکەنەوە.

زی جین پینگ، هەروەها بڕیاری دا گۆڕانکارییەک لە بەرنامەی گەشتەکەیدا بکات و لەبری ئیماراتی عەرەبی سەردانێکی چاوەڕواننەکراوی تاران بکات، بەمەش بووە یەکەم سەرۆکی بیانی کە دوای هەڵگیرانی سزا ئەتۆمییەکان سەردانی ئێران بکات، بەڵام سەرۆکی چین سعودیەکانیشی بێبەش نەکرد، دوای ئەوەی پشتگیری وڵاتەکەی بۆ سەرورەریی یەمەن و دەسەڵاتی دانپێدانراوی یەمەن ڕاگەیاند کە ڕیازیش پشتگیریی لێدەکات.

ئەگەرچی دیوێکی ئەم هەوڵانەی چین بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە: چین باش دەزانێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لەوە گرنگترە هەروا بە ئاسانی ڕادەستی هێزەکانی دیکەی بکات. پەکین چەند مانگێکە تێگەیشتووە لەوەی ئەمریکا چیدی ئەو بایەخە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نادات کە لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا دابووی، لەبەر ئەوەی ئەمساڵ ساڵی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمریکایە، هەروەها بەرهەمهێنانی نەوتی ناوخۆیی ئەمریکاش بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە و پەیوەندیی واشنتن بە ڕیاز و تارانەوە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بووە کە ڕێگە بە ئەمریکا بدات ناوبژیوانێکی ڕاستگۆ بێ.

لەلایەکی دیکەوە، ڕووسیاش ئیدی وەکوو ناوبژیوانێکی کارا ناتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت، لەبەر ئەوەی بە پشتگیریکردنی لە حکومەتی ئەسەد ڕاستەوخۆ پاڵپشتی لە باڵی شیعەی موسڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. پەکین بە نیازە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە بەهۆی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ڕووسیاوە دروستبووە و باڵانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگەڕێنێتەوە. ژمارەیەک هۆکاریش هەن کە هانی چین دەدەن بۆ ئەوەی توانای دیپلۆماتیکیی خۆی بخاتەگەڕ بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی نێوان جیهانی شیعە و سوننە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

یەکەم: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی بایەخێکی ئابووریی گەورەی بۆ چین هەیە، بە تایبەتیش لەڕووی دابینکردنی سەرچاوەی وزەی پێویست بۆ هەڵسووڕاندنی ئابووریی چین، لە کاتێکدا کەنداوی عەرەبی نیوەی وزەی پێویستی چین دابین دەکات. حاڵی حازر وڵاتە پیشەسازییەکان نەوت و غازێکی هەرزانیان دەستدەکەوێت، بەڵام گرژبوونەوەی ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت ئەم ڕەوتە پێچەوانە بکاتەوە، ئەمەش دەکرێت گورزێکی کوشندە لە ئابووری و پیشەسازیی چین بدات.

دووەم: گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتیش ئەگەر جەنگی نێوان ئێران و سعودیەی لێبکەوێتەوە، دەکرێت زیانێکی بەرچاو بە پرۆژەی دروستکردنی ڕێگەی ئاوریشمی دەریایی بگەیەنێت کە بە گەورەترین پرۆژەی بازرگانی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەقەڵەم دەدرێت و ئابووری و بازرگانیی چین بە ئاسیای ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و ناوەڕاستی ئەورووپاوە دەبەستێتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە ئویگورەکانی هەرێمی شنجاک ڕوویان لە ڕێکخراوی داعش کردووە و ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری بۆ چین دروست کردووە کە لە داهاتوودا دەشێت بەربەست بۆ پرۆژەی ڕێگای ئاوریشمی دەریایی و وشکانی دروست بکەن.

حکومەتی چین بەشی ئەوەندە لە سیاسەتی ناوچەکە دەزانێت کە خۆی تووشی ئەو خەیاڵە نەکات بەوەی دەتوانێت شەڕی خوێناوی و مێژوویی نێوان شیعە و سوننە ببڕێنێتەوە. هەروەها ئاگاداری ئەوەش هەن کە ئەوان وەکوو دەوڵەتێکی سێکولار ناتوانن بەرەو ڕەگە ئاینییەکانی ئەم قەیرانە قووڵ ببنەوە، بەڵام چین دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ نموونە پەکین دەتوانێت ئەو بۆشاییە دیپلۆماتیکیە پڕ بکاتەوە کە لە نێوان ڕیاز و تاراندا دروستبووە، هەروەها لە توانایدایە بە هۆی کەمەربەندی دەریایی و وشکانیی ئاوریشم پرۆژە و بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان لایەنە شیعە و سوننەکاندا بێنێتە ئاراوە. هێڵی غازی نێوان پاکستان و ئێران نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەم هەواڵانە، هەروەها دروستکردنی بەندەری گوادەر لەسەر کەناراوەکانی دەریای عەرەبی، یانیش ئەو ڕێگە ئاسنینەی بە ناو وڵاتانی سوننە مەزهەبی وەکوو کازاخستان، ئۆزبەکستان و تورکمەنستاندا، هەرێمی شنجاک لە چین بە تارانەوە دەبەستێتەوە.

بەڵام پەکین دەبێت باڵانسێک دروستبکات لە نێوان ئەو هەوڵانەی سەرەوە و ئەو دەستپێشخەرییانەی لە وڵاتە سوننەکان داویەتی. لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ڕابردوودا، پەرلەمانی چین یاسای دژە تیرۆری پەسەند کرد کە ڕێگە بە سوپای چین دەدات لەسەر ڕەزامەندی و داواکاریی وڵاتی پەیوەندیدار، لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی ڕێکخراوە توندڕەوەکاندا بەشداریی بکات و لە هەندێک حاڵەتیشدا ڕۆڵی هێزی ئاشتیپارێز بگێڕێت.

چین هەروەها دەتوانێت لە دانانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمیدا یارمەتی وڵاتانی سوننەی ناوچەکە بدات، بە تایبەتیش وەکوو وەڵامدانەوەیەک بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕێگەی پێداوە.

پێناچێت هەموو ئەوانەی لە کۆشکی سپین بەم هەنگاوانەی چین دڵخۆش بن، بەڵام ئەگەر واقیعبین بن، واشنتن دەبێت پێشوازی لەو هەنگاوە بکات، لەبەر ئەوەی گرژی و پێکدادانەکانی ناوچەکە هەتا دێت زیاتر دەبێت و ئیدارەی ئۆباماش لە دوایین ساڵی دەسەڵاتی خۆیدا، سیاسەتی گۆشەگیریی هەڵبژاردووە.

سەردەمێک وینستن چێرچل گوتی "باجی بەرپرسیارێتی گەورەیە"، چین بەرەو گەورەیی هەنگاو دەنێت، ئێستاش کاتی ئەوەیە بزانین ئاخۆ پەکین ئامادەیە باجی ئەم گەورەییەی خۆی بدات و بەرپرسیارێتی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئەستۆ بگرێ؟

# شەش بژارەی خراپ لەبەردەم سووریا

ڕووداو — The Washington Quarterly

هەم سووریا و هەمیش سیاسەتی ئەمریکا گەیشتوونەتە دووڕیانێک، لە کاتێکدا جەنگی سووریا چارەکە ملیۆنێک مرۆڤی تێدا کوژراوە و نیوەی دانیشتووانی ئەم وڵاتەشی ئاوارە کردووە، باڵانسی هێز لە نێوان هێزەکانی حکومەتی سووریا و گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆن وای کردووە هیچ لایەنێکی هاوکێشەکە نەتوانێ بەسەر لایەنی بەرامبەردا زاڵ بێت و جەنگی ناوخۆیی بە بارێکدا بخات.

حکومەتەکەی بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریا، لەلایەن ڕووسیا، ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانییەوە پشتگیریی گەورەی لێدەکرێت، هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی سووریاش بەسەر چەندین گرووپی هاوسەنگ لەڕووی هێزەوە دابەش بووە کە هەندێکجار ئەوەندەی سەرقاڵی شەڕ لە دژی یەکدین، ئەوەندە ڕووبەڕووی هێزەکانی ئەسەد نابنەوە.

قەیرانی سووریا سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشی تووشی قەیران کردووە. لەدوای هێرشەکانی پاریس و سان بێرنادینۆ، خەڵکانێکی زۆر ڕەخنە لە ئیدارەی کۆشکی سپی دەگرن کە نەیتوانیوە ستراتیژێکی تۆکمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش دابڕێژێ. پێدەچێت ئۆباما دەستی لە قەیرانی سووریا شۆردبێ، بەڵام کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا کە ڕەخنە لە واشنتن دەگرن، خۆیشیان نەچوونەتە ناو وردەکاریی ئەو پلانەی خۆیان بۆ کۆتاییهێنان بەو قەیرانە هەیانە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە بژارەکانی بەردەم ئەمریکا بۆ قەیرانی سووریا چین؟ بەڵام بەرلەوەی ئەم پرسیارە وەڵام بدرێتەوە، دەبێت بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەو بژارانە لەبەرچاو بگیرێن.

قەیرانی سووریا لە سێ ڕووەوە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دروست دەکات:

**یەکەم:** ڕێکخراوێکی وەکوو داعش کە لەم قەیرانەدا لەدایک بووە، چیدی تەنیا مەترسی نییە بۆ سەر سووریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام مەترسییەکی جددییە بۆ سەر هەموو جیهان.

**دووەم:** قەیرانی سووریا سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێکداوە. لەوانەش ئاگری دژایەتی و جەنگی نێوان سعودیە و ئێرانی خۆش کردووە، لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا گرژییەکی زۆری لەنێوان دانیشتووانی شیعە و سوننەدا ناوەتەوە.

**سێیەم:** ئەمریکا بەرژەوەندییەکی مرۆییشی لە چارەسەری قەیرانی سووریادا هەیە، واتە ڕێگە لە ئاوارەبوون و کوژرانی زیاتری خەڵکی سووریا دەگرێت، لە کاتێکدا قەیرانی کۆچبەرانی سووریا هەموو وڵاتانی ناوچەکە و ئەورووپاشی ڕووبەڕووی تەنگژەی قورس کردووەتەوە.

## بژارەی یەکەم: وازهێنان لە سووریا

ئەمریکا دەتوانێت پشت لە سووریا بکات، واتە کۆتایی بە هێرشە ئاسمانییەکان، ناوبژیوانیی لایەنەکان و ڕاهێنانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بهێنێت. ئەگەرچی ئەم بژارە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتکارانەوە پشتگیری لێدەکرێت، بەڵام باجی قورسی بەدواوەیە، ئەو باجەش تەنیا باجێکی مرۆیی نییە و پەیوەندی بە ئاوارەبوونی خەڵکانێکی زۆری دیکەوە نییە. گەورەترین مەترسی لێرەدا ئەوەیە قەیرانەکە و ڕادیکاڵیزم لە دوورمەودادا لە ڕێگەی ئەم کۆچبەرانەوە بڵاوبێتەوە. ڕەوشی سەختی ئەم کۆچبەرانە لە وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت لە وڵاتانی ڕۆژئاواییش دەشێت ببێتە زەمینەیەک بۆ ئەوەی ڕێکخراوە توندڕەوەکان خۆیان لەو کۆچبەرانە نزیک بکەنەوە. ئەم بژارە هەروەها دەشێت ململانێی نێوان لایەنە ناکۆکەکان قووڵتر بکاتەوە و جەنگی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەی لێبکەوێتەوە.

## بژارەی دووەم: دەستتێوەردانی بەرفراوان

هەم ژمارەی چەکدارانی داعش و هەمیش توانای سەربازیی حکومەتی سووریا لەوەی سەدام حوسێن لە 2003 کەمترە. حکومەتی ئەسەد لە جەنگی سووریادا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە لایەنگرەکانی خۆی لەناو عەلەوییەکاندا بەستووە و مەزندەش دەکرێت ژمارەی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش تەنیا 50 هەزار کەس بێت. ئەم ژمارەیەش بۆ هێزێکی وەکوو هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی ژمارەیەکی کەمە. دەستتێوەردانێکی بەرفراوان دەتوانێت کۆتایی بە داعش و ڕژێمی بەشار ئەسەدیش بهێنێ، بەڵام ئەزموونەکانی پێشتر پێماندەڵێت ئەم سەرکەوتنە کاتی دەبێت، لەبەر ئەوەی چاوەڕێ دەکرێت لەلایەکەوە دژایەتی هێزە بیانییەکان لە سووریا تەشەنە بکات و لەلایەکی دیکەشەوە لێبووردەیی نێوان هێزە سوورییەکان بەرامبەر بە یەکدی کەمتر بێت.

جیا لەمە ئەو حکومەتەش کە دوای ڕووخاندنی حکومەتی ئەسەد و تێکشکانی داعش دێتە سەرکار، دیسان پێویستی بە هاوکاریی سەربازیی بەرفراوانی هێزەکانی هاوپەیمانان دەبێت، لەبەر ئەوەی پاشماوەکانی ئەسەد و داعش و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی دیکە جارێکی دیکە ئەو حکومەتە نوێیە و هێزەکانی هاوپەیمانان دەکەنەوە ئامانج و لاوازیی حکومەتە نوێیەکەی سووریا دەکرێت زەمینەی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی بسازێنێ.



## بژارەی سێیەم: هاوکاریی هاوپەیمانەکان و هێزە لۆکاڵییەکان لە عێراق و سووریا

ئەم بژارەیە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا کاریشی پێکراوە، یارمەتیدانی هێزە لۆکاڵییەکانی عێراق و سووریا بووە لە دژی چەکدارانی داعش و حکومەتی سووریا. یەکێک لە بژارەکانیش بەکارهێنانی هێرشی ئاسمانی بووە لەلایەن هاوپەیمانانەوە، ئەم بژارە ئەگەرچی لەم ماوەیەدا توانیویەتی داعش و گرووپە توندڕەوەکان لاواز بکات، بەڵام لە دوورمەودادا تەنیا ماوەی جەنگەکە درێژ دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی لە پاڵ هێرشە ئاسمانییەکاندا دەبێت هێزێکی وشکانی بەهێزیش هەبێت بتوانێ ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکات کە داعش لە ترسی هێرشە ئاسمانییەکان چۆڵیان دەکات، بەڵام هێزەکانی سووریا نە توانای ئەوەیان هەیە ئەو پشتیوانە زەمینییە بن بۆ هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان و نە خولیای ئەوەشیان هەیە بەشێوەیەکی بەربڵاو و لەسەر ئاستی هەموو سووریا پشتگیری هێزەکانی هاوپەیمانان بکەن. هیچکام لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووری هەڵگری ئەجێندایەکی سەرتاسەریی نیشتمانی بۆ هەموو سووریا نییە، بەڵکو زیاتر لەسەر بنەمایەکی ئێتنیکی، ئاینی یانیش تایفی کاردەکەن.

## بژارەی چوارەم: کارکردن لەگەڵ حکومەتی بەشار ئەسەد

لەسەر کاغەز، حکومەتی بەشار ئەسەد دەتوانێت ئەڵتەرناتیڤێکی باش بێت بۆ ڕێکخراوی وەکوو داعش و بەرەی نوسرە. حکومەتەکانی ئەسەدی باوک و ئەسەدی کوڕ مێژوویەکی درێژیان لە سەرکوتی هاووڵاتیانی سووریادا هەیە، بەڵام بەشار ئەسەد سیاسەتکارێکی پراگماتیستە و دەشێت ڕازی بێت بەوەی ژمارەیەک لە مەرجەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا قبووڵ بکات و بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی سووریا سوودی لێ وەربگیرێت.

بەڵام ئەم هەنگاوە بە توندی لەلایەن تورکیا و سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداوی عەرەبییەوە دژایەتی دەکرێت. سعودییەکان حکومەتی ئەسەد وەکوو هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەی تاران دەبینن، هەر بۆیەش پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەسەد دەکرێت وەکوو لێدانی خەنجەرێک لە پشتەوە لێکبدەنەوە.

ئەم سیاسەتە دەکرێت سوننەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە دژی ئەمریکا هان بدات و ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوە سوننەکان دەکرێت ئەمە بقۆزنەوە و زیاتر لە جاران ئەمریکا بکەنە ئامانجی هێرشەکانیان.

## بژارەی پێنجەم: پێکهێنانی ناوچەی ئارام و دژە فڕین

پێکهێنانی ناوچەی دژە فڕین کە پێشنیازی تورکیا، هیلاری کلینتن و جۆن مەککەینیشە، دەکرێت وەکو بژارێک لەبەرچاو بگیرێت. بەڵام ئەم سیاسەتە مەترسی و تێچوونی درێژخایەنی زۆری بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانان بەدواوەیە.

یەکەم شت ئەم ناوچەیە دەبێت بە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانان بپارێزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت هێزی ئاسمانیی سووریا تێکبشکێنرێت، بۆ ئەوەی چیدی توانای دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ناوچەی ئارامی نەبێت، بەڵام هێزی ئاسمانیی ڕووسیا مەترسییەکی زیاتر لەسەر ئەو ناوچەیە دروست دەکات، بۆیەش ئەمریکا دەبێت گەرەنتی ئەوە بکات کە فڕۆکە ڕووسییەکان بۆردومانی ئەو ناوچەیە ناکەن، بە تایبەتیش ئەگەر چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ئەم ناوچەیەیان وەکوو بەرەی پشتەوەی جەنگ بەکارهێنا. جیا لەمە ئەمریکا دەبێت دڵنیا بێتەوە لەوەی هێزەکانی داعش و حکومەتی سووریا ناتوانن بێنە ناو ناوچە ئارامەکەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت هێزێکی وشکانیی بەهێز هەبێت کە ڕێگری لە هاتنە ناوەوەی ئەو دوو هێزە بکات.

## بژاری شەشەم: کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی و جەنگەکان:

ئەم بژارە چەند هەنگاوێکی گەورە لەخۆدەگرێت.

**یەکەم:** یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی کە میوانداریی کۆچبەرانی سووری دەکەن، بە تایبەتیش وڵاتانی وەکوو لوبنان و ئوردن کە لەڕووی داراییەوە هێندە دەوڵەمەند نین.

**دووەم:** کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی کەمپەکانی کۆچبەران بۆ ئەوەی هێزە ڕادیکاڵەکان دزە نەکەنە ناویان.

**سێیەم:** بەردەوامیدان بە هێرشە ئاسمانییەکان بۆ کەمکردنەوەی توانای سەربازی و لۆجستیکی هێزە توندڕەوەکانی ناو سووریا.

**چوارەم:** هانی وڵاتانی سوننەنشینی ناوچەکە بدرێت کار لەسەر پێکهێنانی گوتارێکی دیکەی ئاینی بکەن کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گوتاری توندڕەوانەی داعش و قاعیدەدا هەبێت.

**پێنجەم:** وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هان بدرێن سیاسەتێکی بنیاتنەرتر لە سووریا پەیڕەو بکەن، هەروەها گوشارەکان بۆ سەر ئێرانیش چڕ بکرێنەوە بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆی لە سووریا لەگەڵ سیاسەتی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا ڕێکبخاتەوە. ئەگەرچی تێچوون و هەوڵی کەمتری هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەوێت، بەڵام ناتوانێت چارەسەری قەیرانی سووریا بکات، تەنیا لەو ئاستەی ئێستایدا ڕایدەگرێت. واتە ڕێگە بە ئەسەد و داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە دەدات بەردەوام بن لە کارە توندوتیژەکانی خۆیان.

**شەشەم:** بڕبڕەی پشتی هەموو بژارەکانی دیکەیە، بەو مانایەی ئەمریکا و هاوپەیمانان هەر بژارێکی دیکە وەکوو ستراتیژی خۆیان هەڵبژێرن، سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی قەیرانی سووریا بەشێکی سەرەکی ستراتیژەکە دەبێ.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕۆژی جیهانیی شێرپەنجەدا

# وەزارەتی تەندروستی چیدی ناتوانێ دەرمان بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بکڕێت

## گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی:

## تەنیا پشت بەو بڕە دەرمانە دەبەستین کە لە کۆگاکاندا ماوە

سەروەر سالار

ڕووداو- سلێمانی

بەرپرسێکی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی نەمانی پارە لە بانکەکاندا، توانای کڕینی دەرمانی دژە شێرپەنجەیان نەماوە و تەنیا پشت بەو بڕە دەرمانە دەبەستن کە لە کۆگاکاندا هەیە.

چواری شوباتی هەموو ساڵێک لەسەر ئاستی جیهان وەک ڕۆژی جیهانیی شێرپەنجە دیاری کراوە، لەو ڕۆژەدا هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە دەربارەی نەخۆشییەکە سازدەدرێ و پلانیش دانراوە تاوەکو 4ی شوباتی 2020 ڕادەی مردن بەو نەخۆشییە زۆر لە ئێستا کەمتر بکرێتەوە، بەڵام قەیرانە داراییەکەی باشووری کوردستان نەک کوردستان هاوتەریب لەگەڵ ئەو پلانە ناباتە پێشەوە، بەڵکو مەترسیی هەیە ئەو خزمەتەش بەرەو پاش ببات کە ئێستا هەیە.

### نیوەی خەڵک تووشی شێرپەنجە دەبن

بەپێی لێکدانەوەکانی کۆمەڵەی توێژینەوەی شێرپەنجە لە بەریتانیا، نیوەی خەڵک (54%ی پیاوان و 48%ی خانمان) لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا تووشی شێرپەنجە دەبن. بۆیە ئێستا ئەم نەخۆشیە بووەتە جێی سەرنجی نێوەندە جیهانییەکان. ئەمساڵ لە کۆڕبەندی داڤۆسیشدا پانێلێکی پرۆگرامەکە بریتی بوو لە باسی شێرپەنجە کە لەلایەن جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بەڕێوەبرا.

باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نێوەڕاستی مانگی رابردوو ڕایگەیاند، پرۆژەیەکی نوێیان بۆ چارەسەر و بنبڕکردنی نەخۆشی شێرپەنجە دەستپێکردووە، بۆ سەرپەرشتی پرۆژەکەش، ئۆباما جێگرەکەی خۆی جۆ بایدن-ی دیاری کرد. ئەو گوتی پێویستە هەوڵ بدرێ ئەمریکا بکرێت بەو وڵاتەی کە چارەسەری یەکجاری و بنبڕکردنی نەخۆشی شێرپەنجەی تێدا دەکرێت.

### سێلفی بەبێ قژ

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا و لە ڕۆژی جیهانیی شێرپەنجەدا، وەک پیشاندانی هاوسۆزی بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی شێرپەنجەوە موویان وەریوە، خەڵکی سەریان دەتاشن و بەبێ قژ سێلفی دەگرن و پشتیوانی بۆ تووشبووەکان دەردەبڕن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە هاشتاگی #NoHairSelfie وێنەکان بڵاودەکەنەوە. بەڵام لە کوردستان هێشتا ئەم نەریتە نەبووەتە کولتوور.

لە سەرەتاوە کە قەیرانی دارایی سەری هەڵدا، پلانی حکومەت وەها بوو کە خزمەتە بنچینەییەکانی وەک سێکتەری تەندروستی کاریگەرییان لەسەر دەرنەکەوێت، بەڵام قەیرانەکە لەو پلانە بەهێزتر بوو، بە دانپێدانانی بەرپرسانی تەندروستیش، پرۆسەی سکهەڵگوشین کەرتی تەندروستیشی گرتووەتەوە.

د.خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبارەی ئەو بەشانەی خزمەتە تەندروستییەکان کە قەیرانی دارایی تاوەکو ئێستا کاری لێکردوون بە (ڕووداو)ی گوت "ڕاوەستانی نەشتەرگەریی ئێواران، واتە خزمەتەکانی سیستمی نیمچە تایبەت، پشکنینەکانی ئێواران وەک سیتی سکان و لەرەلەری موگناتیسی، هەندێک جۆری دەرمان، پاککردنەوەی نەخۆشخانەکان وەک جاران نییە و هەروەها دەرماڵەکانی ئێشکگری بە کادیرە پزیشکییەکان نادرێ".

### ناتوانن دەرمانی شێرپەنجە بکڕن

گوتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت ئێستا ئەوان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دەرمانی دژە شێرپەنجە، تەنیا پشت بەو بڕە دەرمانە دەبەستن کە لە کۆگاکادا ماونەتەوە و ناتوانن دەرمانی نوێ بکڕن "ئێستا توانای کڕینی دەرمان نەماوە بەهۆی نەمانی پارە لە بانکەکاندا".

بەشێکی بەرچاوی ئەو تووشبووانەی شێرپەنجە کە لە کوردستان چارەسەر دەکرێن، دانیشتووانی باشوور و نێوەڕاستی عێراقن، کەچی حکومەتی بەغدا نەک بەشی ئەوان نانێرێت، بەڵکو نیوەی پێداویستی کوردستانیش دەنێرێ "بەغدا کەمتر لە 50%ی پێداویستییەکانی چارەسەری شێرپەنجەمان بۆ دەنێرێت" د.خاڵس وای گوت.

لەبارەی ئەوەی دەرمانی نێو کۆگاکانی کوردستان بەشی چەندەی تووشبووانی شێرپەنجە لە کوردستان دەکات، د.خاڵس بە (ڕووداو)ی گوت "دڵنیا نیم، ڕەنگە بەشی چەند مانگێک بکات".

### تیشکەکەی سلێمانی بەرناکەوێت

بنەما سەرەکییەکانی چارەسەری شێرپەنجە بریتین لە (دەرمان، تیشک و نەشتەرگەری). بە گوتەی پزیشکانی پسپۆڕ، 70%ی حاڵەتەکانی شێرپەنجە پێویستیان بە چارەسەر بە تیشک دەبێت.

د.کارزان مارف موراد، بەڕێوەبەری سەنتەری ژیانەوە بۆ چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک کە نێوەندێکی پسپۆڕیی پزیشکیی حکومییە، دەڵێت تەنیا لە سلێمانی بەشێوەیەکی کردەیی و بەردەوام چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک دەکرێ. "بە واقیعی و ئیشکردن تەنیا سلێمانی لە هەرێمی کوردستاندا 2 ئامێری هەیە کە ئەمە بەشی سلێمانی خۆی ناکات بە تەنیا، بەڵام ئێستا 35%ی نەخۆشەکانمان لە هەولێر و دهۆک و کەرکووکەوە دێن".

لە هەولێریش ئامێری چارەسەر بە تیشک هەیە، بەڵام بە گوتەی د.کارزان نەخۆشەکانی ئەوێ بە ناچاری ڕێگەیەکی زۆر دەبڕن تاوەکو بگەنە نێوەندەکەی سلێمانی "ئەوەی هەولێر زۆربەی کات لەکارکەوتووە بەپێی گوتەی نەخۆش و پزیشکانی ئەوێ".

ساڵی 2015 لە سەنتەری ژیانەوە 1155 کەس چارەسەری بە تیشکیان بۆ کراوە، لە ساڵی 2014دا 1151 کەس هەمان چارەسەریان بۆ کراوە.

### شێرپەنجەی مەمک هەر لە ڕیزی پێشەوەدایە

بەپێی ئامارێکی فەرمی کە (ڕووداو) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی وەریگرتووە، ساڵی ڕابردوو لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا 1602 حاڵەتی شێرپەنجە تۆمارکراون و 201 کەسیش بەهۆی شێرپەنجەوە مردوون.

لەنێو جۆرەکانی شێرپەنجە لە سلێمانی، شێرپەنجەی مەمک پشکی شێری بەردەکەوێت، بەوەی لە ساڵی 2015 دا 310 حاڵەت تۆمارکراون، بەوەش بە تێکڕا ڕۆژانە نزیکەی یەک کەس تووشی شێرپەنجەی مەمک بووە.

ڕیزبەندی جۆرەکانی شێرپەنجە لە سلێمانی بەمجۆرەیە (مەمک، سی، خوێن، لیمف، مێشک، ڕیخۆڵە ئەستوورە، پرۆستات، گەدە، میزڵدان، ڕێکە و قورگ).



منداڵێکی تووشبوو بە شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی هیوای سلێمانی (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# سەوزە و میوە ڕەنگ سوورەکان لەبیر مەکە

ڕووداو- DW

ڕەنگە سرووشتییەکان لە میوە و سەوزەکاندا ڕەنگدەرەوەی ناخیانن، واتە میوەیەکی ڕەنگ سوور ماددەگەلی دژە شێرپەنجەی جیاواز لە یەکێکی ڕەنگ زەرد، یان وەنەوشەیی تێدایە.

یەکێک لە پلانە ژیرانەکانی ئامادەکردنی سفرە و خوان ئەوەیە ڕەنگی جیاوازی لەسەربن تاوەکو ژەمێکی زیاتر تەواوکار فەراهەم بکەی، تۆیش لە بری ئەوەی چوار میوەی زەرد (پرتەقاڵ، لالەنگی، نارنج و لیمۆ) بخۆی، باشترە هەر پارچەیەک و لە ڕەنگێک هەڵبگری، بۆ نموونە (پرتەقاڵێکی زەرد، گێلاسێکی سوور، ترێی ڕەش و بیبەرێکی سەوز) تاوەکو جەستەت لە هەموو ڕەگەزە بەسوودەکان بەهرەمەند بێت.

بەڵام بەرلەوەی سوودی هەر خۆراکێک بخوێننەوە، بزانن کە خواردنەکان نابنە جێگرەوەی دەرمان بۆ ئەو کەسانەی نەخۆشن، بەڵکو دەکرێ وەک بابەتێکی تەواوکاری و لەگەڵ دەرمانەکان بخورێن. لێرەدا باسی پێنج سەوزە و میوەی ڕەنگ سوورتان بۆ دەکەین:



### 1 - گێلاس:

لە گێلاسدا ڕەگەزی دژە ئۆکسێنی "لانپۆسیانین" هەیە کە بەوە ناسراوە تایبەتمەندیی دژە ئازار و دژە هەوکردنی هەیە. ئەو تایبەتمەندییەش گرنگە بۆ ڕێگری لە گەشەی خانە شێرپەنجەییەکان، هەروەک ڕۆڵیشی هەیە لە ڕێکخستنی گوشاری خوێن و ئاستی شەکری خوێن.

جگە لەوانە ئەو مادە دژە ئۆکسێنانەی لە گێلاسدا هەن، ڕۆڵیان هەیە لە دابەزاندنی ئاستی ترشی یوریک لە خوێندا، ئەوەش گرنگە بۆ ئەوانەی تووشی نەخۆشیی دەردەشا (دائولملوک) بوون یان لە مەترسی تووشبووندان. جگە لە دژە ئۆکسێنەکان، گێلاس بڕێکی زۆر ڤیتامین C و پۆتاسیۆم و ریشاڵی خۆراکیی تێدایە.

بوونی ماددەکانی وەک فلاڤیونۆید و ئایزۆکەیرسترین لە نێو گێلاسدا، دەبێتە لەمپەر لەبەردەم پیربوونی پێشوەختەدا.



### 2 - تووی سوور:

وەک دەزانن تووی سوور لە پایزاندا پێدەگات. سوودەکانی ئەوەندە زۆرن داواتان لێدەکەین هەندێکی لێ وشک بکەن یان ببەستن تاوەکو لە هەموو وەرزەکاندا لە بەردەستتان بێ.

توو لە لیستی سەرەوەی ئەو لیستە خۆراکییەدایە کە پڕن لە ڕەگەزی دژە ئۆکسێن. هەندێک توێژینەوە دەریانخستووە ڕەگەزە دژە ئۆکسێنەکانی نێو تووی سوور، لە دژی خانە شێرپەنجەییەکان دەجەنگن، هەروەک بۆ ڕاماڵینی بەکتریاکان لەسەر ڕووپۆشی ناوەوەی میزڵدان و بۆرییەکانی میز گرنگە. ئەو خانمانەی زۆر تووشی هەوکردنی میزڵدان دەبن، با زوو زوو شەربەتی سروشتیی توو بخۆنەوە.

### 3 - چەوەندەر:

چەوەندەر پڕە لە فۆلیک ئەسید و ریشاڵە خۆراکییەکان. ڕەنگی سووری چەوەندەر بەهۆی ماددەی "بیتانین"ەوەیە کە بۆ بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی جەستە زۆر گرنگە. چەوەندەر وزە بە لەش دەدات و گوشاری خوێن دادەبەزێنێ و ئازاری جومگەکانیش هەندێک سووک دەکات. شارستانێتییە کۆنەکان لە جێی "ڤیاگرا"ی ئێستا بۆ بەهێزکردنی توانای سێکس بەکاریان هێناوە.



### 4 - بیبەری سوور:

بیبەر ماددەی "کاپسایسین"ی تێدایە کە بەوە ناسراوە بەرگری لە تەندروستیی بۆڕییەکانی خوێن دەکات. تامە تیژەکەی بیبەر بەهۆی ئەم ماددەوەیە. ئێستە دەرکەوتووە ئەم ماددەیە هانی مێشک دەدات ماددەگەلێک دەربدات کە هەستی برسێتی کەمدەکەنەوە. تاوەکوو بیبەرەکە تیژتر بێت، ئەوە بڕێکی زۆرتر لەو مادە بەسوودەی تێدایە. جگە لەوانە کاپسایسین بۆ ئازاری جومگەکان بەسوودە. بیبەری سوور وەها ناسراوە کە هەستی خۆشحاڵی دروست دەکات ئەویش چونکە هانی دەردانی هۆرمۆنی ئیندۆرفین دەدات لە جەستەدا.



### 5 - تەماتە:

تەماتە بە هەردوو ڤیتامینی C و Aی دەوڵەمەندە، ئەوە جگە لە پۆتاسیۆم و ریشاڵە خۆراکییەکان. ئەوانە هەموو لەلایەک و ماددەی بەسوودی "لایکۆپین" لە لایەکی دیکە.

لایکۆپین ئەو ماددە بەسوودەیە کە ڕەنگی سوور بە تەماتە دەبەخشێت، دژە ئۆکسێنێکی بەهێزە و دژی خانە شێرپەنجەییەکان و نەخۆشییەکانی دڵە. هەروەک دژایەتی پیربوونی پێشوەختەش دەکات. لایکۆپین هەروەها یارمەتی دابەزاندنی چەوریی زیانبەخشی خوێن دەدات و هەندێک سەرچاوە دەڵێن بۆ چاویش بەسوودە.



# وەرزش باشترین چارەسەری ئازاری پشتە

ڕووداو- DW

پەیمانگەی ڕۆبەرت کوخی ئەڵمانی دەڵێت 85%ی خەڵکی ئەڵمانیا بەدەست ئازاری پشتەوە گیرۆدەن. ڕاپۆرتی پەیمانگەکە دەڵێ ئازاری پشت ژن و پیاو نازانێ و هەمووان لە مەترسی تووشبووندان بەو ژانە.

پشتئێشە هۆکارێکی گرنگی کەمبوونەوەی توانای کارکردن و بەرهەمدارییە و ئەگەر چارە نەکرێت، ئەوە تاکی تووشبوو ڕادەی سەرکەوتنی لە کار و پیشەیدا کەمترە.

سروشتی ژیانی ئەم چەرخە ڕێگەخۆشکەرە بۆ تووشبوون بە پشتئێشە، چونکە مرۆڤی ئێستا زۆرتر دادەنیشن لەنێو ئۆتۆمبێل،ماڵەوە و شوێنی کار، بە پێچەوانەوە کەمتریش وەرزش و چالاکیی جەستەییان هەیە بەراورد بە مرۆڤی سەردەمەکانی پێشوو.

پزیشکان دەڵێن ئەگەر کەسی تووشبوو زانستییانە چارەسەر بکرێ و بەپێی ڕێنماییەکانی پزیشک وەرزش و چارەسەری فیزیایی بکات، پشتئێشە بەزۆری لە ماوەی شەش هەفتەدا چاک دەبێتەوە.

پزیشکەکان دەڵێن دەبوو کات بقۆزیتەوە بۆ جووڵان و وەرزش و ماوەی زۆر درێژ لەسەریەک لەسەر کورسی کار یان کوشنی ئۆتۆمبێلەکەت نەمێنیتەوە و ماوە ماوە بڕێک وەربگری.

"80%ی ئەوانەی نەشتەرگەریی دیسکەکانی پشت (ئینزیلاق) یان بۆکراوە، دووبارە دوای نەشتەرگەرییەکە ئازاریان بۆ دێتەوە" ئەمە گوتەی دکتۆر مارتن ماریانفوشە کە زیاتر لە 12 هەزار نەشتەرگەریی دیسکەکانی پشتی کردووە. کەواتە خۆپارێزی لە تووشبوون باشترین ڕێگەچارەیە و لەم بارەشدا وەرزش پێشەنگی وەرگرتووە و زۆرتر پەسەند دەکرێت لەلایەن پزیشکانەوە بۆ ئازاری پشت.



ژمـاره (394) دووشـەممە 2016/2/1

# دڵی تاڵەبانی نهێنییەکی تێدایە



**چۆمان مەحموود/ رووداو- هەولێر**

خانمە هونەرمەندی کورد شـەهێن تاڵەبانی دەڵێت نهێنییەکی زۆر گەورەی لە دڵدایە و ترسـی هەیە لەگەڵ خۆیدا بیباتە ژێر گڵ. شـەهێن تاڵەبانی باسـی کارە هونەرەکانی خۆی کرد و بە (رووداو)ی گوت "چەند کارێکم بە دەستەوەیە کە هۆنراوەکانیانم هەڵبژاردووە، ئاوازدانەر بورهان موفتی زادە ئاوازی بۆ داناون و ئێستا چاوەڕێی سپۆنسەرێک دەکەم بۆ ئەوەی کلیپیان بۆ بکەم، چونکە بەبڕوای من گۆرانی ئەگەر کلیپی بۆ نەکەیت، رەنگە بەباشی نەچێتە نێو خەڵکەوە".

شتێک بەردەوام ئازاری شەهێن دەدات، تاڵەبانی باسی ئەو شتە دەکات و دەڵێ "نهێنییەکی زۆر گەورە لە دڵمدایە، هیوادارم پێش ئەوەی بمرم بگەمە ئەو قەناعەتەی کە بتوانم بیدرکێنم و بەو ئازارەوە نەچمە ژێر گڵ، چونکە ئەو نهێنییە بەردەوام ئازارم دەدات".

# کۆمسای حەزی لە نمایشکارییە



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

کۆمسـای، خانمە گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردسـتان دەڵێت لە پـاڵ گۆرانیگوتن، حەز دەکات وەک نمایشـکارێکی جلوبەرگ کار بکات. کۆمسای بە (رووداو)ی راگەیاند "جگە لە گۆرانیگوتن، حەز دەکەم وەک نمایشـکاری جلوبەرگ کار بکەم، کاری نمایشـکاری جلوبـەرگ کارێکی خۆش و تایبەتە". دەشـڵێت "ئێسـتا کاری نمایشـکاری جلوبـەرگ دەکـەم، بەشـێک بـۆ نموونـە وەک دەموچـاوی بازرگانیی کۆمپانیایەکی بواری مکیاژ گرێبەسـتم واژۆ کـردووە و کۆمپانیاکـەش وێنـەی مـن بە مەبەسـتی رێـکلام بـۆ خـۆی بەکاردێنـێ". کۆمسـای دوای ئەوەی لە پێشـبڕکێیەکدا بۆ خۆشـترین دەنگ پلـەی یەکەمی بەدەستهێنا، ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوکردەوە.





# سامان و کامەران دانوویان پێکەوە ناکوڵێ

**چۆمان مەحموود**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ سامان عومەر دەڵێت بەنیاز نییـە لەگـەڵ کامەرانی بـرای پێکـەوە گۆرانی بڵێن، چونکە ستایلی کارکردنیان لەگەڵ یەکدی زۆر جیاوازە.

سـامان عومەر کە ئێسـتا لـە فینلانـد دەژی، لە لێدوانێکـدا بـۆ (رووداو) باسـی پرۆژەکانی خۆی کرد و گوتی "سـەرقاڵی بەرهەمهێنانی گۆرانییەکی نوێم و بەم نزیکانە بەشـێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاوی دەکەمەوە، کاری کلیپەکەش لە کوردسـتان دەکـەم. هەر لەدوای بڵاوکردنـەوەی ئەو گۆرانییە، سـەرقاڵی ئامادەکردنی ئەلبوومێکی گۆرانی دەبم".

سـەبارەت بە دوێتکردن لەگەڵ کامـەران عومەری برایدا، سـامان بـە دووری زانی پێکـەوە دوێت بکەن و گوتـی "هەرگیز لەگەڵ کامەرانی بـرام دوێت ناکەم، چونکە شێوازی گۆرانیگوتنی هەردووکمان زۆر جیاوازە، بۆیە ناکرێت دوێت پێکەوە بکەین".

# ”بەرپرسانی رووس دەڵێن رووداو سەرکەوتووە“

**رووداو-مۆسکۆ**



دوای کۆنگـرە رۆژنامەڤانییەکـەی هەفتـەی رابـردووی سـێرگی لاڤـرۆف، وەزیـری دەرەوەی رووسـیا لـە شـاری مۆسـکۆ، ئاهەنگێکـی دۆستانەی لەگەڵ کۆمەڵێک دەزگای راگەیانـدن سـازکرد. یەکێـک لـەو دەزگایانە تۆڕی میدیایی رووداو بوو. خالید حوسـێن، پەیامنێری رووداو، کـە سـێلفییەکی لەگـەڵ لاڤـرۆف گرتووە، دەڵێت: ”لەسەر بانگهێشتی لاڤرۆف بەشـداریمان لەو ئاهەنگەدا کرد. شانازیمەدەکرد کە تاکە دەزگای کـوردی و تاکـە رۆژنامەنووسـی کـورد بـووم لە هەر چـوار پارچەی کوردسـتان کە لاڤرۆف بانگهێشـتی کردبووم بۆ ئاهەنگەکە“.

سـەبارەت بـە رووداو، خالیـد حوسێن دەڵێت: ”زۆر شانازیمەدەکرد کە بەرپرسە رووسەکان رووداویان دەناسی و دەیانگوت سەرکەوتووە“.

ئۆفیسی تۆڕی میدیایی رووداو پێکهاتووە لـە دوو تیـم کـە رۆژانـە رووماڵـی هەواڵی تایبەت بە کوردستان و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لـە روانگـەی رووسـییەوە دەکـەن و رۆژانە بەرپرسـانی رووسـی لەبارەی کوردستانەوە دەدوێنن.

# باڵەبان لە سوێد کۆنسێرت دەکات



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەنـد ئومێـد باڵەبان، ئێسـتا لـە ئەڵمانیایە و بەنیازە هەفتەی داهاتوو بەمەبەستی سازکردنی کۆنسێرتێک بچێتە سوێد.

ئومێد باڵەبان، بە (رووداو)ی راگەیاند "رۆژی 12ی ئەم مانگە لەگەڵ هونەرمەندان ماهیر حەمەدەمین و میمۆ ئاراس، کۆنسێرتێک لە شاری ئۆپسالا لە سوێد بۆ کوردی ئەو شارە ساز دەکەین". گوتیشی "ئێستا لە ئەڵمانیام و هەفتەی داهاتوو دەچمە سوێد و لەوێ ئامادەکاری بۆ کۆنسێرتەکە دەکەین".

سەبارەت بە کاری تازە، ئومێد باڵەبان گوتی "چەند کارێکی تازەم بە دەستەوەیە، بەڵام بەهـۆی ئـەو قەیرانە داراییەی تووشی کوردستان بووە، سەرجەم کارەکانـم راگرتـووە و چاوەڕێـی ئاسـاییبوونەوەی بارودۆخەکە دەکەم".

# تارا جاف تێکەڵی دەکات



**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

بڕیارە لە مانگی داهاتوودا تارا جاف لەگەڵ گرووپێکی فارسی کۆنسێرتێک لە بەریتانیا سـاز بکات و لـەوێ میوزیکی کوردی و فارسی ئاوێزانی یەکدی بکەن.

تارا جاف، ژەنیاری ئامێری چەنگ لە لاپەڕەی خۆی لە تـۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک پۆستەری کۆ نسـێر تە کە ی بڵاوکردووەتـەوە و لەژێریدا نووسیویەتی" خۆشحاڵ دەبین لە شەوێکی پڕ میوزیکی رەسەنی فارسـی و کوردی و کلاسیکدا ئامادەبن کە تێیدا بە دەست و پەنجەی چـوار ژەنیار دەیان میلۆدی رەسـەنتان پێشکەش دەکەین".

ئەم کۆنسێرتە لە رۆژی 2016/2/25 لە شاری مانچستەر لەلایەن ژەنیاران، تارا جاف بە ئامێری چەنگ، مەهدی رۆستەم بەئامێـری سـێتار، ئەدیب رۆسـتەم بە ئامێری کەمانچەو زەرب و عەلی شاپوری گۆرانیبێژ، بەڕێوەدەچێت.

# کریستاڵ داواکاری زۆرە



**میوا سەڵاح**
**رووداو- هەولێر**

کریسـتاڵ، کچە گۆرانیبێـژی کورد دەڵێت دوای ئـەوەی وەکو گۆرانیبێژێکی گەنج دەرکەوتووە، چەندین کەناڵ داوایان لێکردووە ببێتە پێشکەشکار، بەڵام ئەو ئامانجی دیکەی هەیە و حەز دەکات ببێتە ئەکتەری سینەما.

کریسـتاڵ بـە (رووداو)ی راگەیاند "تاوەکو ئێسـتا چەنـد دەزگا و کەناڵێکی کوردی داوایان کردووە بەرنامە و کاری پێشکەشـکاری بکەم، پێمخۆشـە کاری پێشکەشکاری بکەم، بەڵام دەبێت بەرنامەیەکی باش و کەناڵێکی باش بێ".

کریستاڵ بەم دواییە کلیپێکی بەناوی "بۆ پێشمەرگە" بڵاوکردەوە کە لە ئاوازی ئەفشین شوکری و لە تێکستی دانا نزار بوو.

# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ

هەرچەندە ناتوانی بەسـەر رەشـبینیدا زاڵ ببی، بەڵام هەوڵێکی زۆر دەدەی بـۆ گەیشـتن بـە ئاواتێک. کارەکەت بەشـێوەیەکی بـاش بەڕێوە دەچێت، چونکە پەلەی لێدەکەیت هەست بە زەحمەتی دەکەیت.

## گا

بیر لەو بابەتانە بکەرەوە کە ئاسوودەیی بە رۆح و گیانت دەبەخشن و هێمنت دەکەنەوە. ئەنجامێکی خێرا لە کارێکدا بەدەستدێنی، لەگەڵ دەوروبەرەکەت رێزێکی زیاتر بنوێنە.

## دووانە

ئارەزووەکانـت زۆرن و هـەرکات یەکێکیان بەدی دێت، خێرا هەنگاو بۆ یەکێکی دی دەنێی بەبێ ئەوەی خۆشـی لە بەدیهاتووەکان وەربگری، بۆیە هەسـت بە ماندووبوونی بێ پشوو دەکەیت.

## قرژاڵ

ئێسـتا کە شـێوازی مامەڵەت لەگـەڵ دەوروبەرت گونجاوترە، هەسـت دەکەیت خەڵک زیاتر خۆشیان دەوێی و پێشنیازی باشتریان هەیە. دەست بە جێبەجێکردنی بیرۆکەیەکی کۆن دەکەیتەوە، گفتوگۆیەکی جدیش دەکەیت.

## شێر

گرفتەکان بە فەرامۆشکردن چارەسەر نابن بەڵکو قورستر دەبن و کاتی زیاتریش دەخایەنن. کار لەگەڵ کەسانێک دەکەیت کە لەیەکتر تێدەگەن و پێکەوە چارەسەری گرفتێک دەبیننەوە.

## فەریک

هەندێک کات بێدەنگی واتایەکی هێندە گەورەی هەیە کـە هیچ دەربڕینێک ناتوانێت جێی بگرێتەوە. ئەم ماوەیە لـە بیرکردنەوەکانتـدا کاتێکی زیاتر بـە لایەنی خێزانی و خۆشەویستی دەدەی.

## تەرازوو

وەستانی کارەکان بەهۆی لاوازیت نییە، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە لە شکست دەترسـی لە کاتێکدا پێویسـتە هەوڵ بدەیت و ئەنجامێکی باشـتر بەدەست بهێنی، چونکە دەوروبەرەکەت چاوەڕوانی ئەوەت لێدەکەن.

## دووپشک

ئێستا کە هەسارەی مارس لە بورجەکەتدایە، هەست بە بێزارییەکی زیاتـر دەکەیـت، بەڵام هەتـا زیاتر خـۆت ماندوو بکەیت هەسـت بە سەرکەوتنی زیاتر دەکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا پەلەکردن ئەنجامێکی باشی نابێت.

## کەوان

خەمبـار مەبە بەوەی خەڵک چۆن بیـر لە تۆ دەکەنەوە، گرنگ ئەو ئەنجامەیە کە بەدەستی دەهێنی. لەم هەفتەیەدا هەستێکی خۆشت دەبێت و هیوایەکی کۆن بە شێوەیەکی نوێ سەرهەڵدەداتەوە.

## گیسک

پەیوەندییەکـی کتوپـڕ ئاسـوودەت دەکات. بەهـۆی دیدارێـک یـان تاقیکردنەوەیەک کەمێک ڕاڕا دەبیت و پێویسـتە هەوڵێکی جیدی بۆ بدەی. بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بە روخسار و پۆشاک بدە.

## سەتڵ

هەتـا سـەرنجراکێش دەربکەویـت، خەڵکانـی دەوروبـەرت حەز بە نزیکبوونەوە لە تۆ دەکەن. دەتوانن دەستنیشانی ئەو گرفتانە بکەن کە لە ژیانی خۆشەویستیدا تووشی ڕاڕاییتان دەکات.

## نەهەنگ

کەسـێکی بەتوانایت و هـەوڵ بۆ هەرچی بدەیت بێگومان بە سـەرکەوتوو دەبی، هەر بەربەستێکیش بۆ دروست دەبێت بە وریاییەوە هەنگاوی بەسـەردا دەنێی. کارەکەت بەرفراوان دەبێت.

# ئاوات و فەرهەنگێکی تەواونەکراو..!








کاژیکنامە، فەلسەفەی ڕێکخراوی کاژیک بوو، کە نووسەرە سەرەکییەکەی د.جەمال نەبەزە

کامەران سوبحان

لە یەکێک لە هۆڵەکانی کتێبخانەی سلێمانی، کتێبخانەیەکی پرشنگدار و پڕ لە کتێبی دانسقە هەیە کە نزیکەی دوو هەزار کتێبی بە هەر سێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) تێدایە. ساڵانی هەشتاکان نووسەر و ڕێبەری بیری نەتەوەیی (عەبدوڵڵا جەوهەر) پێشکەشی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کردووە. لە دوای مردنی خۆیشی لەساڵی 1982 پاشماوەی کتێب و بەشێک لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانیان، بەهەمان کتێبخانە بەخشی.

بەڵام ئێستا هەموو کتێبخانەی کوردی بگەڕێیت، جگە لە چەند وتار و هەندێ یاداشت و سەرگوزشتەی زارەکی، بەشێک لە بەرهەمەکانی کە دەزگای سەردەم و بنکەی ژین چاپیان کرد، هیچ شتێک لەسەر ئەم نووسەر و ڕەخنەگرە نابینی، لە کاتێکدا کەم نووسەری کورد هەیە هێندەی ئەم وتار و بابەتی نووسیبێت. کاتێک لاپەڕەکانی هەردوو بڵاوکراوەی (ژین) و (گەلاوێژ)م هەڵدایەوە، چەندین بابەتم بەناوەکانی (ع.چالاک، جیم، ع.جەوهەر) بینی، کە هەموویان ناوی خوازراوی عەبدوڵڵا جەوهەرن. ئەو نووسەرەی نیو سەدە بابەتی نووسی، زۆربەی نووسینەکانی بەناوی خوازراو بوو. ئەمەش نهێنییەکی گرنگی ژیانی ئەوە. مامۆستا هەردیی شاعیر دەیگوت تەنانەت بۆ کاژیکنامەش کە یەکێک بوو لە دانەمۆ و پایە سەرەکییەکانی، حەزی نەدەکرد ناوی بنووسرێت و ناوی ببرێت، ئێستاش کە سەیری (کاژیکنامە)دەکەی، ئەو زمانە کوردییە بەرزە و ئەو پاراوییە لە داڕشتن وتەکەی هەردی دەسەلمێنێ.

کاک شێرکۆ بێکەسیش دەیگێڕایەوە و دەیگوت، من و چەند نووسەرێکی دیکە کە لەسەرەتای نووسیندا بووین، زۆر جار پێمان دەگوت مامۆستا بۆ بەناوی خۆتەوە بەرهەمەکان بڵاوناکەیتەوە؟ پێدەکەنی و بەدەنگێکی هێمن و کپ دەیگوت: من کەی نووسەرم تا بەرهەم بەناوی خۆمەوە بڵاوبکەمەوە.! ناوەکەم گرنگ نییە، بەرهەمەکە گرنگە.

پێش کۆچی دوایی لە بەهاری 2006، هەندێ لە نووسەرانی دەزگای سەردەم، میوانی مامۆستا ئەحمەد هەردیی شاعیر بووین لە ماڵەکەی خۆی، یەکێک لە قوتابییە گوێڕایەڵ و شەیداکانی عەبدوڵڵا جەوهەر کە (شێرکۆ بێکەس) بوو، لەگەڵ هەردی کەوتنە گفتوگۆ لەسەر بەرهەمەکانی ع.جەوهەر و کاژیکنامە و گرفت و کێشەکانی کاژیک و بیری نەتەوەیی لە باشووری کوردستان، هەر لەوێ بیرۆکەی کۆکردنەوەی بەرهەمە دەستنووس و بڵاونەکراوەکانی ع.جەوهەر سەری هەڵدا و بڕیار درا دەزگای سەردەم ئەو کارە بکات. لەو گفتوگۆیەدا باس لە دوو کتێبی گرنگی عەبدوڵڵا جەوهەر کرا کە ئەوانیش (ئاوات) و فەرهەنگێکی ئینگلیزی— کوردی بەناوی (هەندێ دەنگی نامۆ لە زمانی کوردیدا) کە پێش مردنی بە چەند ساڵێک ئەو فەرهەنگەی پێشانی مامۆستا هەردی داوە، بەڵام بەداخەوە مەرگ ڕێگەی نەدا تەواوی بکات.

دوای سێ ساڵ و پێش کۆچی دوایی کاک شێرکۆ بێکەس، دەستکرا بە کۆکردنەوەی بابەت و وێنە و دەستنووسەکانی ئەو نووسەرە شۆڕشگێڕە. منیش شەرەفی ئەوەم پێبڕا سەرپەرشتی بکەم. لە ماوەی کارکردنی نزیکەی چوار مانگی پڕ لە ماندووبووندا، زۆر لە ئەرشیف و دەستنووس و بابەتەکانیان خستە بەردەستم. دواتریش توانیمان ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕۆڤار)ی بۆ دەرکەین کە کۆمەڵێک لایەنی شاراوەی نووسین و نهێنیی بیرکردنەوە و ژیانی بخەینە ڕوو. ئەمە جگە لەوەی توانیمان لە دوو توێی سێ کتێبدا (دیوانە شیعری دایە گیان، ڕۆمانی بەرەو کوردستان بە چنگێ خاک و خۆڵی هەورامانەوە، بەشێک لە وتار و نووسینە بڵاوکراوەکانی عەبدوڵڵا جەوهەر) چاپ و بڵاویکەینەوە. کتێبی سێیەمیان بەهاوکاری بنکەی ژین ئامادەکرا، کە پێشتر ئەو وتارانە ئومێد ئاشنا کۆی کردبوونەوە. ئەمە جگە لە فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەسەر ژیانی عەبدوڵڵا جەوهەر، کە خەسرەو حەمەکەریم دەرهێنەری بوو.

ئەوەی لە ژیان و دونیای نووسینی ئەم نووسەرە نەتەوەییەدا جێگەی نیگەرانییەکی قووڵە، چەند ساڵێک پێش کۆچی دوایی دەستیکردووە بە نووسینی فەرهەنگێکی ئینگلیزی — کوردی بەناوی (هەندێ دەنگی نامۆ لەزمانی کوردیدا) ئەم فەرهەنگە نیوەی زیاتری تەواو کردووە، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا تەواوی بکات، هەر پیتەی لە دەفتەرێکدا نووسیوە، پیتی (ب) لای منە و پێموابێت تا پیتی (ک)ی نووسیوە. ئێستا بە تەواونەکراوی و بە شێوەی دەستنووس ماوەتەوە!. بریا وەک کتێبێکی تەواونەکراوی زۆرێک لە نووسەرە گەورەکانی دونیا ئەو فەرهەنگە بە تەواونەکراوی چاپ دەکرا، من دڵنیام پاراویی زمانە کوردییەکەی و هەڵبژاردنی فەرهەنگ و وشەکانی دەبووە گەنجینەیەکی گەورە بۆ کتێبخانە هەژارەکەمان. ئێستاش زۆرجار لە کتێبخانەکەم ئەو دەفتەرە بەرگ شینە کۆنە دەبینم و زنجیرەکەی دەکەمەوە و سەیری وشە و پاکنووسکراوی دێڕ و مانای وشەکانی دەکەم کە بە خەتێکی ڕەشی باریک نووسراوە، ئەندێشە و تێڕامانم دەچێتەوە بۆ سەر ڕووخسارە هێمن و قژ ماش و برنجییەکەی، کە دەیان جار کاک شێرکۆ بێکەس و مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی و م.عەلی کەریمی وێنەکیش وەک سێ شەیدا و دۆستی ع.جەوهەر، نەخشەی سیماو هەڵسوکەوتی ئەویان بۆ باسکردووم و بەردەوام لەگەڵ ناوهێنانیدا ڕوخساریم دێتە بەرچاو.

کتێبی دووەمی بەناوی (ئاوات..ناڵەی دڵی عەبدوڵڵا جەوهەر) لە ساڵی 1938 لەلایەن پیرەمێردەوە لە چاپخانەی ژیان لە سلێمانی چاپ کراوە، بەڵام هەر لە چاپخانە بەفەرمانی میری سەربازیی ئەوکاتەی بەریتانیا لە سلێمانی، سانسۆر کراو ڕێگەی بڵاوبوونەوەی لێ گیرا، بەڵام پیرەمێرد چەند دانەیەک لەو کتێبە دەپارێزێت و دواتر لای چەند کەسایەتییەکی شاری سلێمانی دەبێت و دەستاودەستی پێدەکرێت، پیرەمێرد لەبارەی چاپکردنی (ئاوات) دەڵێت "عەبدوڵڵا جەوهەر، وەک نووسەرێکی لاوی تازە پێگەیشتوو، بە زمانە کوردییە پاراوەکەی و هەڵبژاردنی بابەتی گرنگ بۆ نووسین و وەرگێڕان، وای لە ئێمە کرد، بیر لە چاپکردنی (ئاوات) بکەینەوە". بەراورد بەو قۆناغە کە (ئاوات) چاپکراوە، سەیری ڕێنووس و زمانی نووسینی کتێب و ڕۆژنامەگەریی کوردی لە باشووری کوردستان بکە، ئەوسا دەزانیت زمانی کوردی و پاراویی وشە و ڕستەی عەبدوڵڵا جەوهەر چەند کوردییەکی پاک و بێ وشەی بیانی بووە. ئەو لە بیرکردنەوەدا نەتەوەیی بوو، لە جلوبەرگ و هەڵسوکەوتدا نەتەوەیی بوو، لە قسەکردن و نووسیندا نەتەوەیی بوو، زۆر بە دەگمەن وشەی بیانی لە نووسین و ئاخافتنیشیدا بەکارهێناوە.

لە دیوانە شیعری (دایە گیان) کە بەرهەمێکی سیمبولی و پڕ لە هێما و ئاماژەیە، بەراورد بە شاعیرانی کورد لەو سەردەمەدا، بەتایبەت گۆران و شێخ نوری و پیرەمێرد و بێکەس ئاستی شیعریی نزمتر بووە، بەڵام تایبەتمەندییەکی زۆر لە دونیا و وێنە و دونیای شیعریدا هەبووە. بەجۆرێک لە هۆنینەوە و هەندێ چەمکی هاوچەرخی شیعریدا ڕەنگە لای شاعیرانی تری کورد لەو سەردەمەدا نەبووبێت، بەتایبەتیش، ئەم شارەزاییەکی زۆری لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا هەبووە و وەرگێڕێکی وردی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بووە.


هەرجارێک بمەوێت ئەم نووسەرە وردتر بناسم، بەدەر لە دەقەکانی، ئەو چامە درێژەی شێرکۆ بێکەس دەخوێنمەوە بەناوی (عەبدوڵڵا جەوهەر... سەرتاپا گزنگ، سەرتاپا گەوهەر) ئەمە دوو پەڕەگرافی ئەو چامە شیعرییەیە کە کاک شێرکۆ خۆی پێی وایە زیاتر لەم دوو دێڕە ع.جەوهەری بە خوێنەرەکانی ناسیوە.



ناوی عەبدوڵڵا جەوهەرە.
لە هەرکوێ بم
من ئەو مۆمەم لەگەڵدایە و لەسەر چیا
ئەو وەختەی بەردمان کردبوو بە کتێب و گەواڵە
هەور بە کاغەز و قەڵەم بە گیا.
ئەو ڕۆحەم هەر لەگەڵدا بوو..
لە کەناری ئۆقیانووسدا
لەگەڵ خۆمدا ئەو پیاوەم برد بۆ ئەوروپا..
زەردەخەنەی ئەو عەشقەم برد بۆ لای لۆرکا.
هێمنیەکەی ئەو حیکایەتە تەنیایەم لەگەڵ خۆمدا
برد بۆ چیخۆف.
ئەویان کردی بە زەردەپەڕی شیعرێک و
ئەمیان کردی بە چیرۆکی شمشاڵێکی باریکەلە و
لە سیبریا
کۆیلەیەکی سۆڤیەت بۆ خۆی لێیدا.
لەگەڵ خۆمدا خۆشەویستیی ئەو پیاوەم برد
دامە دەستی هەتاوێکی پێست ڕەشی
خوارووی ئەفریقا و ئەویش کردی بە یەک مەدالیای
کەسکی ڕۆژی ئەوینی ئازادی و
کردیە گەردەنی ماندێلا.

ع. جەوهەر..
خۆی تەنیایە و خۆی یەک کەسە و
وەلێ ئێستا
چوار ماڵی هەیە و تیا ئەژی..
ماڵی سروەیەک لە کەلی "ئاویەر"دا و
ماڵی خوێنی قوربانییەک لەسەر شەقامی "ئامەد" و
ماڵی چاوی گوڵەبەڕۆژەیەک
لە کێڵگەیەکی "عفرین"دا و
ماڵی چوارەم.. ماڵی چۆڵی قەڵەمێکی بێ ژن و ماڵ،
بێ منداڵ و بەبێ نەوە و غەریب لەناو
شاری خۆیدا
تاق و تەنیا..
وەک مەلێ لە پۆل دابڕاو
چون باڵەبانێ گۆشەگیر
تاق و تەنیا
وەک ئەم فرمێسکەی چاوی من
لەم شەوەدا
تاق و تەنیا
تاق و تەنیا
عەبدوڵڵا جەوهەر!.

# قەیرانی ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا



**بژار حەکیم**

یەکێـک لـە گرفتـە سـەرەکییەکانی ئەدەبی کـوردی نەبوونی ڕەخنەیە، ڕەخنە بەمانا زانسـتییەکەی کە ئێستا لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا نییە، ئەدەبی کوردی بە گشتی لە قەیراندایە، قەیرانێک کە هەموو کایەکانی بواری ڕۆشنگەری گرتووەتەوە و ئەدەبیاتی کوردی بە هەموو ژانرەکانی بە بۆشاییەکی گەورەدا تێدەپەڕێت و نووسەر و خوێنەرەکانیشی بێدەنگ کردووە.

ئەدەبیاتی کوردی لەسەر هێڵی هەژاری ئاسۆی گرتووە، لەدوای ڕاپەڕینەوە بەگشـتی و لەدوای سـاڵی 2003 بەتایبەت، قۆناغێکی باشی تێپەڕاند لە بواری نووسین و چاپکردنی کتێب کە بەئەندازەیەک کتێب لە بوارەکانی شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و خوێندنەوە و شیکاری دەقی ئەدەبی، کتێبخانەی کوردیی قەرەباڵخ کرد، بەڵام هەموو ئەو کتێبـە چاپکراوانە بە بێدەنگی تێپەڕیـن و ئەوانەی لەبواری ڕەخنە کاردەکەن و دەنووسـن، کەمتر وەک ئەوەی پێویسـت بوو، فریای کتێب و دەقە ئەدەبییەکان کەوتن.

لەنێوەندەکانی نووسەران و قاوەخانە کولتووری و ئەدەبییەکاندا، جـار جـار، کۆڕ و سـیمینار ڕێکدەخرێن و هـەوڵ دەدەن کە لەپاڵ سازدانی کۆڕی شیعری، کۆڕێک بۆ ڕەخنە لەبارەی دەقە ئەدەبییەکان ڕێکبخەن، بەڵام ڕەخنەگرتن بۆ دەقە ئەدەبییەکان شەرمن و هەژارانە بەڕێوەدەچـن و نەیانتوانـی شـوێنی خۆیان لە نێوەنـدی ئەدەبیدا بکەنـەوە، هـاوکات ناوەندە ئەکادیمییەکانـی وەک زانکۆ و کۆلێژە تایبەتەکانـی وەک زمان و ئەدەبیات ئەوانیش هێندەی بە نمایشـی دەقـە ئەدەبییـەکان و ڕێکخسـتنی دەقی شـیعرییەوە سـەرقاڵن، ڕەخنەیـان بیرچووەتەوە و خۆیـان لە بابەتی ڕەخنە و ڕەخنەکاری نادەن.

بەکورتی ئەوەی لەم نووسـینەدا مەبەسـتمە ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیـە کە ئایا کـورد ڕەخنەگـری نییە؟ ئایـا ئەدەبیاتی کوردی لەکوێی ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێ و جیهاندایە؟ ئەدەبیاتی کوردی لە نەبوونی ڕەخنەی جددیدا دەگاتە کوێ؟ ئەم پرسیارانە دەبێت ئەو ئەکادیمیانە وەڵامی بدەنەوە کە دەیان ساڵە لە نێوەندەکانی زانکۆدا زانسـتیانە بۆیان خوێندووە کەچی یەک وشەی لەبارەوە نانووسن و هیچی لەبارەوە ناڵێن، ساڵ نییە لە نێوەندەکانی زانکۆدا، بڕوانامەی باڵای وەک ماستەر و دکتۆرا لەبواری ئەدەبیاتدا نەبەخشرێت، کەچی وەک بڵقی سـەر ئاوی لێ دێـت و ڕۆژ بە ڕۆژیش دۆخی ئەدەبیاتی کوردی بەرەو خراپتر دەچێت.

ئەوەی تاوەکو ئێسـتا لەبارەی دەقە ئەدەبییەکانەوە نووسـراوە بەناوی ڕەخنە، شـێوازی نووسـینەکان زمانێکی ڕۆژنامەنووسـیانە بووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرەتا بڵاوکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکان و ڕەخنە گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆی نەبووە و بەشێکی زۆر لەو نووسەرانەی کە خوێندنەوە یان هەڵسەنگاندنیان بـۆ دەقە ئەدەبییەکان کـردووە، ڕۆژنامەنووس بـوون و بە زمان و شێوازی ڕۆژنامەنووسیانە خوێندنەوەیان کردووە و بەڕەخنە ئەژماریان کردووە، ئەو جۆرە شـێوازی نووسینە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، هاوکات بەشێکی زۆری ئەو خویندنەوانەش بە عەقڵێکی مەنتیقی و زانستیانە نانووسرێن و میزاجین.

ئەگـەر ڕەخنەکارانی ئەدەبیی کوردی بەجددی هەوڵیان بدایە و کاریان لەسەر دەقەکان بکردایە، ڕەوشی ئەدەبی بە ئێستا نەدەگەیشت، هیچ نەبووا دەیانتوانی سنوورێک بۆ ئەو هەموو بەناو شاعیرە دابنێن کە قسە بەناوی شـیعر بڵاودەکەنەوە و کۆوارەکانیان داگیرکردووە، هیچ نەبووا دەیانتوانی دوو سێ سەربوردە هەڵوەشێننەوە کە بەناوی چیرۆکەوە بڵاو و چاپ دەکرێن، ڕەخنەگران و ناوەندەکانی زانکۆ کە تایبەت لەسەر ئەدەبیات کاردەکەن، دەبوو ئەو ئەمانەتە ئەخلاقی و پیشەییە لەئەستۆ بگرن و نەهێڵن ناهەقی بەرامبەر شیعر و چیرۆک بکرێت و ڕێگە نەدەن خوێنەری کورد بە هەڵە ڕەنگەکان ببینێت و سوورمان بە ڕەش نیشان نەدەن.

بەرپرسـیارێتی گەورە لە دروستبوونی قەیران لە نێو ئەدەبیاتی کـوردی و نەبوونی ڕەخنە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەسـتۆی ئەو مامۆسـتایانەی کە لە کۆلێژەکانی ئەدەبیاتی زانکۆکانی باشـووری کوردسـتان کاردەکەن و کار و پیشـەیان تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و فەرامۆشیان کردووە، لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا هێندەی سـەرقاڵی ئەدەبیاتی کلاسیکی و شـاعیرە کلاسیکییەکانن، ئەگەر نیوەی ئەوەیان بۆ بنەماکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخ و تەکنیکی نوێی نووسینی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان تەرخان کردبایە ئێستا ئەدەبیاتی کوردی هەژار نەدەمایەوە و هەنگاوێک دەچووە پێشەوە، ناهەقییەکی زۆر لەبەرامبـەر ئەدەبیاتـی هاوچەرخ کراوە کە ئێسـتا لە جیهاندا گرینگییەکـی زۆری پێدەدرێت و هـاوکات ئەدەبیاتی کوردی لە نێو ئەدەبیاتی هاوچەرخدا هیچ بەهاو پێگەیەکی بۆ نەماوەتەوە و بووەتە قوربانیی دەیان و سەدان ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کلاسیک و سواو.

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، ناوەندە ئەکادیمییەکان چیدی خۆیان بە پێدانی ماستەر و دکتۆرا بۆ ئەدەبیاتی کلاسیک تەرخان نەکەن و فریای ئەدەبیاتی هاوچەرخ بکەون. ئەو نەوەیەی ئێستا هاتووەتە پێش و خەریکی ئەدەبیاتە، بە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکانیان ئاشنایان بکەن و لەبارەی شـێوازەکانی نووسـینی دەقی هاوچەرخ و میتۆدە نوێیەکانی ئەدەبیات شـتێک بڵێن و بنووسن، لەبری ئەوەی دکتۆرا لەسەر ڕاستکردنەوەی پیتی ناوێکی شاعیرێکی کلاسیک ببەخشنەوە ، هـەوڵ بدەن بەناو و بەرهەمی دەیان و سـەدان ئەدیبی هاوچەرخ نەوەی نوێ ئاشـنا بکـەن، کاتی ئەوە هاتـووە قەیرانی ئەدەبیاتی کوردی و ڕەخنە چارەسەر بکەن و خوێنەر ئاشت بکەنەوە.

# حەقیقەت و بەختەوەری



**حەمەسەعید حەسەن**

کە بەختەوەری وەک هەر کاڵایەک دەبێتە کۆیلەی ڕێسـاکانی بازاڕ، ئیدی ئالان بادیۆ، وەک فەیلەسوفێک قسەی خۆی دەبێت و جیاوازیی نێوان بەختەوەریی ڕاستەقینە و هیی درۆینە دێنێتە بەر باس.

بەختەوەریـی سـاختە، بریتییە لە تێرکردنی خەڵکی دارا، لەڕێی هەندێـک کاڵاوە کـە هەمان ڕۆڵـی دەرمانی ئازارشـکێن و هێورکەرەوە دەبینن. لە سـەروەختێکی وادا، ئالان بادیۆ دێت، باسـی خۆشـییەکی ڕاسـتەقینە دەکات، ئـەو خۆشـییەی کـە زادەی عیشـق و بەرهەمی چێژوەرگرتنە لە هونەر، ئەو خۆشـییەی گەڕان بە دوای زانسـتدا، یان سەرقاڵبوون بە خەباتەوە بۆ گۆڕینی دونیا، پێمانی دەبەخشێت.

بەڵام ئەوە چییە وای کردووە، ئالان بادیۆی فەیلەسووفی هاوچەرخی فەرەنسایی، کتێبەکەی لەبارەی بەختەوەرییەوە، ناو بنێت: مێتافیزیکی بەختەوەریی ڕاستەقینە؟ بۆچی مێتافیزیک لە سەردەمێکدا کە لەمێژە جاری مەرگی دراوە؟ بۆچی بەختەوەرییەکی ڕاستەقینە؟ چونکە ئەوەی سەرەوە، بەختەوەرییەکی ساختەیە. بادیۆ لە ڕابردوودا، گەلێک جار لە سـێ ویسـتگە لای داوە: ڕووداو، حەقیقەت و خود. لای ئەو حەقیقەت شـتێکە ڕووی داوە، یـان ڕوودەدات، مەسـەلەیەکی تیۆریی نییە، لێی ڕابمێنیـن، لێکی بدەینەوە و بیسـەلمێنین. لای وی حەقیقەت شـتێک نییە، حازربەدەست، نەگۆڕ، جێگیر و کۆتایی پێ هێنراو، بەڵکوو شتێکە لـە کرۆکی ڕووداوێکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەمیش ناکۆکە لەگەڵ بۆچوونە نەریتخوازەکـە کە دەیگوت، حەقیقەت زادەی تەبابییە لە نێوان چەمک و بابەتدا.

حەقیقـەت لای بادیۆ ئەوە نییە، بە ناوی گەردوونیبوونەوە، ئامێزی بـۆ فاشـیزم واڵا کردووە، گەڕان نییە لـە دووی قازانج، بەڵکوو وەفایە بـۆ بڕەودان بە خەباتی بەردەوام لە دژی هەموو ئەو ڕێکارانەی وڵاتان دەکەن بە بازاڕێکی گەورە و بەرینی سەرمایەداریی هاوچەرخ و میللەتان دەکـەن بـە ئامێرگەلی بەرخۆر. حەقیقەت شـتێکە بینەرانی پاسـیڤ هەستی پێ ناکەن، بەڵکوو بکەرانی لە چەشنی هونەرمەند، خەباتگێڕ، زانا و ئەویندار کە لە کۆششدان بۆ بەدیهێنانی، دەرکی پێ دەکەن، ئاخر حەقیقەت هەوڵدانە بۆ وەدەستهێنانی شتێک کە هێشتا نییە.

ئەگەر پشـت بە فەلسەفە نەبەستین، ئەسـتەمە جیاوازی لە نێوان بەختەوەریی ڕاستەقینە و هیی تێربوونی بکەین، ئاخر ئەوە فەلسەفەیە هانمـان دەدات، دەسـت لە گـەڕان بە دووی حەقیقەتـدا هەڵنەگرین و ئەوە فەلسـەفەیە پێمان دەڵێت: بەختەوەری ئەوەیە، عاشـقی گۆڕینی دونیـا بین و بەوەفا بین بۆ ئەو عیشـقە. فەلسـەفە فێرمـان دەکات، ئـەوەی پێـی دەڵێن دونیای ئـازاد، هیچ نییە لـە کارگەیەکی زەبەلاح بەولاوە، بۆ بەرهەمهێنانی بەختەوەرییەکی ساختەی بەکاڵاکراو. فەلسەفە بەرچاومان ڕۆشـن دەکاتەوە بۆ ئـەوەی بزانین دونیای بەناو ئازاد، ئەو بەهەشتە نییە کە ئینسان هەقە خەونی پێوە ببینێت، چونکە دونیای بەرهەمهێنانی کاڵایە، نەک دونیایەکـی ئازاد، دونیای بەرخۆرییە، نەک دونیـای بەختەوەری، دونیایەکە لە کاڵا، ڕەنگە زۆرێک لە پێویسـتی و ئارەزووەکانمان تێر بکات، بەڵام ناتوانێت بەختەوەرییەکی ڕاستەقینەمان بـۆ دابیـن بکات، چونکە گردێـک لە کاڵا، نابێتە هەوێنـی گەردێک لە بەختەوەرییەکی ڕاسـتەقینە و ترۆپکی خۆشـی ئەوەیە، بەوەی شکی دەبەیت، قایل نەبێت و خەون بە دونیایەکی خۆشترەوە ببینێت.

ئەرکی فەلسـەفە ئەوەیە، دەستبەرداری حەقیقەت نەبێت، هەمیشە پێوەندیـی نێوان خۆی و حەقیقەت، لە دونیایەکدا کە لەسـەر بناغەی سـاختە بونیـاد نـراوە، پتەو ڕابگرێت. ئەوە کارەسـاتە لـە دونیایەکدا کە درۆ زاڵە، فەلسـەفە لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا نائومێد بێت.

ئەگـەر فەلسـەفە بایەخ بە حەقیقەت نەدات، شارستانییەتی بەرهەمهێنانی کاڵا، هێنـدەی تر خۆی دەچەسـپێنێت، بۆیە خەباتی شـەیدایانی بەختەوەریی ڕاسـتەقینەی ئینسـان، دەبێـت لەپێناوی گەردوونیبوونێکی نوێدا بێت، جێی ئەم جیهانگیرییە ترسناکە بگرێتەوە کە فاشیزمی بەرهەم هێناوە و ئینسانی بە شتومەک کردووە.

ئـالان بادیۆ جـاڕی فەلسـەفەیەکی جیـاواز لـە لێکدانەوەخوازی، شـیکردنەوەخوازی و هەڵوەشـاندنەوەخوازی دەدات کـە لـە کۆتایـی سـەدەی ڕابردوودا تووشی مایەپووچی هاتن، بانگەشـە بۆ ڕێبازێکی دیکـەی فەلسـەفە دەکات کە بە گژ لۆگیکی فرەکاڵاییـدا دەچێتەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، ئەگەر فەلسەفە عەودالی حەقیقەت نەبێت، ئەوا بەختەوەریی ڕاستەقینە، مەحاڵە بەدی بێت. بۆچی پێویستمان بە فەلسەفەیەکی نوێ هەیە؟ بادیۆ وەها وەڵام دەداتەوە:

(*)چونکە زانستە ئینسانییەکان بە هانای کۆمەڵەوە نەهاتن.
(*) چونکـە خـود لـە بەرانبـەر چیندا هەرەسـی هێنـا و ژیانی هاوبەشیش چەمکێکی بێ کرۆک بوو.
(*) چونکـە هەڵچوونی دینـی و نەتەوەیی جێیان بە عەقڵانیبوون لێژ کرد.
(*) چونکە دونیای ئازاد، بریتییە لە خۆپەرستییەکی خۆرئاوایی.

لـە ڕوانگەی بادیۆوە، بەختەوەر کەسـێکە، گۆڕینی دونیا بخوازێت، بەختەوەری زادەی پێکگەیشتنە لەگەڵ حەقیقەتێکی زانستی، هونەری یان سیاسی، نەک زادەی تێربوون. خود ناتوانێت بەختەوەریی خۆی لە واقیعی زاڵدا ببینێتەوە، ئاخر بەختەوەریی ڕاستەقینە زۆر لەوە باڵاترە، تەنیا لە درێژەدان بە ژیاندا چڕ ببێتەوە. بەختەوەری ئەو خۆشـییەیە، ئەویندار وەختی هەستکردن بە ئەوین پێی دەگەن، ئەوەیە هونەرمەند بەدەم داهێنانەوە، هەستی پێ دەکات و ئەوەیە دەست لە ملی مەحاڵ بکەیـن. بەختەوەری ئەوەیە بەوەفا بین بەرانبـەر بە مەحاڵ، چاوەڕێ نەبین و هیچ کۆسپێک نائومێدمان نەکات، ئاخر چاوەڕوانی و نائومێدی کۆیلە بەرهەم دەهێنن.

تەنیـا خودێـک دەتوانێـت بەختـەوەری بەرهەم بهێنێـت و چێژی لـێ وەربگرێت، کە شـتێکی دەگمـەن دابهێنێت، شـتێک دژی واقیع. بەختـەوەری ناتوانێت تایبەت بێت بە ناسـنامەیەک، بەڵکوو بە ڕووی هەمووانـدا کراوەیە، وەک چۆن ئەوین و کاری هونەری و داهێنانی زانستی، شـتگەلێکی تایبەت نین بە کەسـێک یان نەتەوەیـەک، بەختەوەرییش وەهایە، نیشـتمانی نییە. بەختەوەری ئەوەیشـە، بە واقیعی زاڵ ڕازی نەبین و وێڵی دوای ژیانێکی ڕاستەقینە بین.

هەمیشـە ئەگەری گەیشـتن بە بەختـەوەری هەیە، بـە مەرجێک بەرچاومان ڕۆشن بێت، جیاواز و نوێ سەرنجی دونیا بدەین، واقیعی زاڵ بە کۆتایی دیرۆک و بە دوا هەوار نەزانین، پڕ بدەینە مەحاڵ و بە دەستی خۆمان کۆشکی بەختەوەری ڕۆ بنێین. ئەگەر فەیلەسوف، بەختەوەریی تێربوون ڕیسوا بکات، چی دی ملکەچی گێژاوە خەمناکەکان نەبێت و فەلسـەفە لەگەڵ حەقیقەتدا ئاشت بکاتەوە، گەیشتن بە بەختەوەریی ڕاستەقینە، مومکین دەبێت نەک مەحاڵ.

29ی کانوونی دووەمی 2016
هەولێر

(*) د. أم الزين المسكيني، آلان باديو، السعادة متعة المستحيل.
** Alf Rehn، Badiou – en svår filosof i en lättviktig tid، Svenska Dagbladet 26 feb 2007 .Stockholm





گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# هەر بۆرییەکە

کابرایەک لە پێش چاوی گوند سوێندی خوارد باخی فلانەکەس بسووتێنێ، دوایی کە پەشیمان بووەوە، بووبوو بە پاسەوانی باخەکە نەوەکا بە ڕێکەوت بسووتێ و بەسەر ئەمدا ساغ ببێتەوە. عەوڵای کوێخا موبارەکیش کە سووچێکی بۆرییەکەی پۆست کردووە و دەڵێ بۆ پچڕاندنم ئامادە کردووە، دوو ڕێگەی لە پێشە و سێیەمی نییە، ئەگەر ئەو بۆرییەکەی تەقاندووەتەوە، ئەوە دەبێ هەرچی زووە لەسەر ئەم کارە ناموبارەکە دادگایی بکرێت، خۆ ئەگەر ئەویش نەبووە، ئەوە دەبێ ئیدی لەمڕۆ بەدواوە خۆی و ئەو شەش حەوت کەسەی لەگەڵین، شەو و ڕۆژ پاسەوانی بۆری بن، ئاخر لێرە بەدواوە هەرچی لەو بۆرییە بێ ئەوانن.

جا چونکە متمانە و شتی وەها لەنێو پارتە سیاسییەکاندا نەماوە، داواکاری گشتییش ئەوەندەی سەرقاڵی قسەو قسەڵۆکە، ئەوەندە بەدوای پرسە هەستیارەکانی وڵاتەوە نییە، بۆیە هیوایەکی ئەوتۆتان بە دەستگیرکردنی تێکدەرانی بۆرییەکە نەبێ، لە باشترین دۆخدا دوو سێ کەس دەگرن، لێیان دەپرسن ئێوە بوون؟ دەڵێن نا، پێیان دەڵێن هەر بۆرییەکە، ئیدی ئەوەی بڵێ هەزار جار ئەوە ئازاد دەکرێ و ئەوەی بڵێ دوور لە خۆم، ئەوە دەستگیر دەکرێ. ئەمە باشترە، چیمان داوە لە داواکاری گشتی و یاسا و شتی وا.

لە کاتێکدا گوتەبێژی گردەکە داوای یەکڕیزی دەکا، لە هەمان کاتدا عەوڵای کوێخا موبارەک تەپڵی ڕاپەڕین لە چەمچەماڵ دەکوتێ، لەولاوە یەکێ داوای هێزی چەکدار دەکا، ئەویدیکە دەستی بە دامێنی چالاکیی مەدەنییەوە گرتووە، قسمێکیان وەک منداڵ بەعز بوون و ئاسمان ئاشتیان ناکاتەوە. هەندێکیان سەریان کز کردووە بێدەنگ دەسووڕێنەوە بە شارا، بەعزێکیشیان وێنەی پرۆفایلەکانیان کردووە بە گیڤارا. دەڵێن پەرلەمان داگیرکراو و ناشەرعییە، بەڵام سەرۆکەکەی بە تاقی تەنیا شەرعییە. حکوومەت ناشەرعی و حیزبییە، بەڵام وەزیرە ئێزندراوەکان خاوەن شەرعییەتن. جا توخوا ئەمە سیاسەتە یان شەڕە گەڕەک. من بیستوومە حیزب دامەزراوەیەکی تۆکمەیە لە کۆمەڵگای مەدەنی، نەک وەک ئێوە خەریکی ئیش و لێدوانی قوڕ بن ئەفەنی.

کار وا بڕوات ئیدیۆمی (هەر بۆرییەکە) لە فەرهەنگی سیاسیی کورددا جێگیر دەبێ، ئیدی مامۆستا لە قوتابی دەپرسێ خوێندووتە؟ - بەڵێ. مامۆستاش بۆ دڵنیابوون دەڵێ: هەر بۆرییەکە، قوتابی زیرەک ئەوەیە بڵێ هەزار جار. لەمەودوا دادوەر لە تۆمەتبار دەپرسێ: ئەو کەتنە تۆ بووی؟ - نەخێر قوربان. دادوەریش دەڵێ: هەر بۆرییەکە، تۆمەتبار ئەگەر بڵێ هەزار جار بێتاوان دەردەچێ.
ئیدی لە کاتی سوێندی یاساییدا، نوێنەرانی گەل دەڵێن: سوێند بە خوای گەورە خزمەتکاری میللەت بین، ئەگەر نا هەر بۆرییەکە، میللەتیش پڕ بە قورگی خۆی و بە یەک دەنگ هاوار دەکەن: هەزار جار.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# دۆخەکە دەگاتە ڕاپەڕین؟

لە هەرێمی کوردستان دوو حاڵەتی پێکەوە گرێدراو گەیشتوونەتە ئاستی تەقینەوە، یەکەمیان بەبنبەست گەیشتنی حوکمڕانیی کوردیە، دووەمیشیان بەبنبەست گەیشتنی چاوەڕوانیی خەڵکە. هەردوو حاڵەتەکەش تەنیا پەیوەست بە دۆخی ئێستا نین، بەڵکوو دەرئەنجامی کەڵەکەبووی (حوکمڕانی و ناڕەزایەتی)ی چارەکە سەدەیەکی ئەزموونی هەرێمی کوردستانن.

لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردووی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەرێتی کوردیدا زۆر ڕووداوی تاڵ و نەخوازراو و ناتەبا بە بەهاو بنەما شۆڕشگێڕی و نیشتمانییەکان ڕوویانداوە کە ئەنجامەکەی ئەو ڕق و کینە و ناتەباییە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەیە ئێستا لە هەموو ئاستەکاندا بەدییان دەکەین. چ لە ڕووی سیاسییەوە بێت کە لێکترازانی بزووتنەوەی کوردی و وابەستەبوونی جەمسەربەندیی هەرێمایەتی بەرئەنجامەکەیەتی و مەترسی و هەڕەشەکانی ئێستا دەرکەوتوون، چ لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە بێت کە قەیرانی دارایی ئێستا دیارترین دەرهاویشتەکانی ئەو عەقڵیەتە ئیدارییەیە کە لە هەرێم پەیڕەو کراوە.
هەرچەندە هەلومەرجی نێودەوڵەتی بۆ کورد لە ئاستێکدایە هیچ کات کورد بە خەونیش وێنای نەکردووە، زۆربەی چاودێرانی دۆخی ناوچەکە، سەنتەر و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان لە ئەگەری گۆڕانی ناوچەکەدا پێشبینیی پێشهاتی گەورە دەکەن بۆ کورد، بەڵام دۆخی ناوماڵی کورد خۆی، ئەم قۆناغەی ئێستا حوکمڕانیی کورد پێی گەیشتووە، چیتر بەرگەی بەردەوامبوون ناگرێت، دەزانم گوتنی ڕاستییەکی تاڵە، بەڵام کورد واتەنی (دۆست ئەوەیە دەتگرێنێت)، ئەزموونێک بە خوێنی دەیان هەزار قوربانی دروست بوو، هەزاران کەس گیانی بۆ پاراستنی بەخشی، بەرگەی زۆر پیلان و نەخشەی دوژمنکارانەی ناوخۆیی و دەرەکی گرت، بەڵام بە دڵنیاییەوە درێژەدان بەو عەقڵیەتە لە حوکمڕانی، ئەفسوس ئەنجامەکەی پێچەوانەی خەون و ئومێد و ئامانجەکانمان دەبێت، پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانمان بۆ پەڕینەوە لە قۆناغی ڕاگوزەر و گەیشتن بە کەناری ئارامی. ئەفسوس نەک ناگەینە کەنار، بەڵکوو لە شەپۆلەکاندا غەرق دەبین.
لە بەرانبەر ئەو شێوازە لە حوکمڕانی و لە ئیدارەدانی قەیران، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە دروستکردنی دۆخێکی باشتر، گەیشتە بنبەست، ئێستا ئەوەی وەک دەرهاویشتەی قەیرانی دارایی لەناو کۆمەڵگەوە هەڵدەقوڵێت، تەنیا بریتی نییە لە نەبوونی و لە هەژاری، بەڵکوو بریتییە لە بێهیوابوون بە ئایندە و ئیتر چاوەڕوانییەکانی خەڵک کۆتایی هات. بەشێکی سەری خۆی هەڵگرت و نیشتمانی بە قەدەری وێرانەیی سپارد، بەڵام زۆرینەی ناڕازی ئەوانەن کە لە وڵات ماون و مامەڵە لەگەڵ بەریەککەوتنی ناڕەزایەتیی خەڵک و شکستی حوکمڕانیی کوردی دەکەن.
پرسیار ئەوەیە چی ڕوودەدات؟ دۆخەکە دەگاتە ڕاپەڕین وەک زۆرێک وێنای دەکەن بە ڕاپەڕینی بەهاری 1991؟
ئەوەی مەعلوومە ئەوەیە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک بێهیوایی و نائومێدی بە ئەندازەیەک تێپەڕاندووە، گەیشتووەتە قۆناغێکی چاوەڕواننەکراو، کە ڕق و ئامادەیی بەرەنگاربوونەوەی خەڵکە بۆ دەسەڵاتە خۆماڵییەکەی. بەڵام خۆ دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتی داگیرکەرێک نییە بەسەر نیشتمانەوە تا ڕابکات و جێی بهێڵێت، ئەم دوو هێزەی حاکم و حوکمڕانی کوردستان بوون و بەرپرسن لە خوڵقاندنی ئەم بارە نالەبارەی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان، لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر جۆرە ناڕەزایەتییەکی هاووڵاتیاندا ناچنەوە شاخ، وەک خەڵکانێک بە ئاسانی وێنای دەکەن و هانی گەنجان دەدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەو جۆرە.
ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت ڕووبدات، ڕاستە ناڕەزایەتی و ڕقلێبوونەوە گەیشتووەتە ئاستێکی ترسناک، بەڵام دەسەڵات گۆڕەپانەکە چۆڵ ناکات، بۆیە ئەگەری ڕاپەڕین بەو وێناکردنە ڕووپۆشکراوەی ڕۆژانە لە هەندێ کەناڵ و ماڵپەڕ و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت و بەهاری عەرەبی و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی چەند وڵاتێک دەکرێتە نموونە، ئەگەرێکی بەتاڵە. ئەوەی ئەگەری بەهێزە لە کوردستان ڕووبدات، گواستنەوەی سیناریۆی سووریایە نەک نموونەکانی تری بەهاری عەرەبی. واتا ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و دەسەڵاتە، بەڵام ئەنجام بەهێزبوونی باسکە خوێناویەکانە. بەخشینی وێنایەکی درێوە بە کورد لە پێشچاوی جیهان و قووڵکردنەوەی دوژمنایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێوخۆی کوردستان دەبێت.
دەبێت سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی بەجدی هەست بەم مەترسییە بکەن، دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن کە ئایا شۆڕشیان بۆ ئەوە کرد؟ میللەتەکەمان قوربانی بۆ ئەوە بەخشی، ئەنفال و کیمیاباران و پاکتاوی ڕەگەزی، ئەمە بەرهەمەکەی بوو؟ دەبێت دڵنیابن بەو ڕێگەیەی دەستیان داوەتێ، بەر بە تەقینەوەی ڕقی خەڵک ناگیرێت، بەوەش حکومەت ناکەوێتە سەر ڕاستەڕێ و ڕێچکەی حوکمڕانییەکی دروست.
ئەگەر دەخوازن بەر لەو پێشهاتانە بگرن، دەبێت بە بڕیاری ئازایانە متمانە بگەڕێننەوە، ئێستا خەڵک متمانەی بە حکومەتەکەی نەماوە، بە چاوی حاکم تەماشای دەسەڵاتەکەی ناکات، وەک دەستەیەکی پاوانخواز لێی دەڕوانێت کە دەستیان بەسەر قووتی ماڵ و منداڵەکانیاندا گرتووە. ئەگەر دەخوازن کوردستان نەبێتە کوشتارگە، پێویستە ئەو وێنایە بگۆڕن.
ئەگەر کەسانێک هێشتا ئومێد و ئیرادەی ئەوەیان ماوە کوردستان ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێت، دەبێت ئازایانە دەست بۆ ڕیشەی نەهامەتییەکان بەرن.
کوردستان وڵاتێکی پڕ بەپیت و بەرەکەتە، سامانێکی زۆری تیایە، بە عەقڵیەتێکی زانستیانە ئیدارە بدرێت، نەک کولەمەرگی و نەبوونی و هەژاری وەک ئێستا چاوەڕێی زۆرینەی خەڵکی کوردستان ناکات، بەڵکو لەناو کۆمەڵگەی کوردی نامێنێت. بە پێچەوانەوە ئاستی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان دەگاتە دۆخی بەختەوەری. ئەوەی هەیە قەیرانی پلان و لۆژیکی بەڕێوەبردنی وڵاتە، نەک قەیرانی سەرچاوەکانی داهات لە کوردستان.



هێمن لهۆنی
hlihony@rudaw.net

# داڤۆس.. مرۆڤ سامانە نەک نەوت

ئەگەر جیهان بوویێتە گوندێک، ئەوا گوندێکیش هەیە بۆ خۆی جیهانە و تەنیا سامانیشی مرۆڤە.
هەموو ساڵێک لە سەرەتای ساڵدا لە داڤۆسی سویسرا سەرۆکە بەهێزەکان و بزنسمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان پێکەوە لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان کۆدەبنەوە و لە چوار ڕۆژدا تاووتوێی قەیرانەکان دەکەن.
داڤۆسی ئەمساڵ یەکێک بوو لە کۆڕبەندە گەرمەکان، منیش وەک ڕۆژنامەنووس دەرفەتی ئەوەم هەبوو لە نزیکەوە بەشداری بکەم.
لە کەشوهەوایەکی تەواو سارد و بەفراویدا، لە بەرزترین گوندی ئەوروپادا بابەتە گەرمەکان باس دەکران.
46 ساڵە ئەم کۆڕبەندە بەڕێوەدەچێ، بیرۆکەکەی بۆ زانایەکی ئابووریی ئەڵمانی دەگەڕێتەوە کە تا ئێستاش سەرۆکی کۆڕبەندەکەیە و ناوی کلاود شوابە و خاوەنی زۆرترین پەیوەندییە لە جیهاندا و ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە لەگەڵ زۆربەی سەرۆک و کۆمپانیاکانی جیهان.
لە پاڵ ئەم کۆڕبەندەدا، چەندین کۆبوونەوەی لابەلا و گرێبەستی بازرگانی دەکرێن، نزیکەی سێ هەزار کەس میوانن، بەڵام بۆ دووەم ساڵە بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان بەشداری ناکەن.
هۆکارەکەی هەرچی بێت، دەکرا ئەم کۆڕبەندە ببێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی بە جیهان بگوترێ دۆخی کوردستان چەندە نالەبارە لە کاتێکدا کورد لە بری جیهان شەڕ دەکات.
لە کۆڕبەندی ئەمساڵدا گوتاری ئەمریکا زاڵ بوو بەسەر پانێلەکاندا، بەشداریی ئەمریکاش جێگای تێبینی بەشداربووان بوو کە زۆرترین بەرپرسی لەوێ بوو، لەوانە: جۆ بایدن جێگری سەرۆک، جۆن کێری وەزیری دەرەوە و ئاشتۆن کارتەر وەزیری بەرگری. لەبەرامبەردا شاندی ڕووسی بە ئاستێکی نزمتر لەچاو ساڵانی پێشوو بەشدار بوون کە جێگری سەرۆکوەزیران نوێنەرایەتی دەکرد.
مەسەلەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران و پرسی کۆچبەران و ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی و ئابووریی چین و نرخی نەوت بابەتە هەرە گەرمەکان بوون.
ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران وەک یەکێک لە ڕووداوە پۆزەتیڤەکانی ساڵی 2015 تەماشا کرا، هەرچەندە شاندی سعودی و ئیسرائیلی بە توندی لەوێش دژی بوون.
بۆ کۆچبەران، لە کۆڕبەندەکەدا هەستت بە جیاوازی دەکرد، بە تایبەتی لە نێوان وڵاتانی ئەوروپادا. لە یەکێک لە پانێلەکاندا سەرۆک وەزیرانی سوید، جێگری مێرکڵ، سەرۆکوەزیرانی سربیا، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران بەشداربوون. لەوێ بە ئاشکرا دەیانگوت کە یەکێتی ئەوروپا بە هیچ شێوەیەک یەکگرتوو نییە و هەر وڵاتە ڕای جیاوازە لەسەر قەیرانی کۆچبەران. ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ئەڵمانیا لەم قەیرانەدا تەنیا دەمێنێتەوە.
ئەوەی لەو پانێلەدا بووە جێگای سەرنجی من، بەشداریی بزنسمانێکی کورد بوو وەک کۆچبەرێکی سەرکەوتوو بەناوی حەمدی ئولوکایە کە خەڵکی باکووری کوردستانە و خاوەنی کۆمپانیای شیرەمەنیی چۆبانییە لە ئەمریکا. ئەو کە ڕۆیشتووە بۆ ئەمریکا، تەنیا خاوەنی 3 هەزار دۆلار بووە، بەهۆی ئەو دەرفەتانەی لەبەردەمیدا بووە ئێستا خاوەنی ملیاران دۆلارە.
حەمدی زۆر جوان باسی ئەوەی کرد کە هیچ کات کۆچبەران مەترسی نین، بەڵکو دەرفەتێکن بۆ پێشکەوتن و داوای لە وڵاتانی ئەوروپا کرد کە بچن بە دەم تورکیاوە بۆ ئەو هاوکاریانەی پێشکەشی ئاوارەکانی دەکەن. ئیدی بەدبەختیی کورد لەوەدایە کە لەو شوێنە گرنگەدا کاک حەمدی نە باسی کوردبوونی خۆی کرد و نە باسی لەوەش کرد کە لە باشووری کوردستان زیاتر لە دوو ملیۆن خەڵکی ئاوارە و پەنابەر بەخێودەکرێن بەبێ بودجە و هاوکاری. تەنانەت ئەوەندە خۆی بە خەمخۆری ئاوارەکان دەزانی کە ئوردن و لوبنانیشی بیری بەشداربووان خستەوە.
کوردبوون ئێستا لە هەموو کات زیاتر جێگای شانازییە، لەوێ کە دەڵێی کوردم، ئینجا دەزانی جیهان چەندە بە ئاگایە لە ئازایەتی و بەرخۆدانی کورد لە بەرامبەر دڕندەترین گرووپی جیهان کە داعشە.
حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق دەرفەتی داڤۆسی لە کیس خۆی نەدا سەرەڕای قەیرانەکانی وڵاتەکەی، ئەمساڵیش بەشدارییەکی چالاکی کرد و لەوێ گەورە بەرپرسانی سەربازی و سیاسیی ئەمریکای بینی و لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و بزنسمانەکان کۆبووەوە و داوای هاوکاری دارایی کرد.
بۆ مەسەلەی نرخی نەوتیش، زۆرینەی قسەکەرانی ئەو بوارە دەیانگوت کە ئەم نرخەی ئێستا بە هیچ جۆرێک ئاسایی نییە و دەبێ بەرز ببێتەوە. سەرۆکی بریتش پێترۆلیۆم و ئارامکۆی سعودیە لەوانە بوون کە بە دڵنیاییەوە دەیانگوت لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ نزیکەی 50 دۆلار بەرزدەبێتەوە و تا کۆتایی ساڵیش 50 دۆلار تێدەپەڕێنێ.
هەندێکیش دەیانگوت، دابەزینی نرخی نەوت دەرفەتێکە بۆ وڵاتانی پشتبەستوو بە سامانی سروشتی کە بە خەبەر بێنەوە.
تۆنی بلێر سەرۆکوەزیرانی پێشووتری بەریتانیا پێیگوتم کە چارەسەر بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی کراوە کە جیاوازییەکان قبوڵ بکات و سیستەمێکی ئابووریی ڕێکخراو بە یاسا و ڕێسا.
جۆزێف ستیگیلتز، تیۆریستی ئابووریی ئەمریکی کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە، لە بارەی پرسیارێکی تیمی ڕووداو لەسەر هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتانەی پشتیان بە نەوت بەستووە، گوتی "هەموو کەسە کاریگەرە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان لە داڤۆسن لە کاتێکدا سویسرا نەوتی نییە، بەڵکو سامانی ئەم وڵاتە مرۆڤە نەک نەوت، واز لە سامانی سروشتی بێنن و بچن سیستەمی خوێندن چاک بکەن، تا سامانی مرۆیی دروست بکەن.



عەبدوڵڵا عالایی
abdullahalayi@gmail.com

# گەشتی توندڕەوی لە کافراندنەوە بۆ تەقاندنەوە

تاوێ کە بۆ کافراندن (التکفیر) و کوشتنی زانا و بیرمەند و عاریفەکانی مێژوو و کەلەپووری موسڵمانان دەگەڕێینەوە، دەبینین پاشخانی زۆربەی کوشتن و کافراندنەکان، سیاسی و پاڵفتەکردنی هەژماری سیاسی بووە، نەک غەمی دینی و تقاتی مەزهەبی. وەک گەورە بیرمەندی میسری (د.عەبدولڕەحمان بەدەوی) لە کتێبی (تاریخ الالحاد فی الاسلام)دا دەڵێت: "زۆرینەی ئەوانەی کە خەلیفەکان بە (زەندیق) ناوزەدیان دەکردن، لە ژینوار (واقع)دا وەها نەبوون، بەڵکوو هۆکارەکە ترسی میری بووە لە جەماوەر و نفوزی کۆمەڵایەتییان".
ئەم نەریتی کافراندنە سیاسییە، بەردەوام لە مێژووی ئێمەدا، بەرانبەر نەیارە هزرییەکان، دووبارە بووەتەوە. کاتێک چەندان زانا و کەسایەتی نەیار بوون بە هزری وەهابییەت و بەدەم بانگەوازی ئالی سعوودەوە نەچوون، دەسەڵاتی وەهابییەت، هەموویانی بە موشریک و زەندیق هەژمار کرد. هەرچەندە ئەو زانا و عاریفانە لە سەرانی وەهابییەت خواناستر و شەرعزانتر بوون، بەڵام چونکە ددانیان بە دەسەڵاتدارییەکەیاندا نەدەهێنا، کەوتنە بەر تیغی کافراندنیان و بە پەردەی مەزهەبیی ئاقیدەیی، دەوری بابەتەکانیان دەدا.
لە سەردەمی نوێدا، دوای دەرکەوتنی بزووتنەوەی (ئیخوان موسلیمین) کەوتینەوە نێو هەمان تاس و حەمام. سەتان زانا و بیرمەندیان، بە بەهانەی ئیمان و ئاقیدە تەکفیر کرد کە لە بنەچەدا کافراندنەکە سیاسی بوو. ئەم تەکفیرە سیاسییە، بە زەقی لەنێو ڕەوتە توندڕەوەکانی شیعەشدا لەم سەردەمەدا، دەبینرێت.
بڕیاردان بە کافرێتیی کەسێک و دەستنیشانکردنی، کارێکی فرە ترسناکە. بە ئەندازەیەک، پەیامهێنی خودا (د.خ) لە بەرانبەر کوشتنی داناوە. واتە تاوانی کافراندنی لەڕیزی کوشتن هەژمار کردووە. لە هەردوو سەحیحی (بوخاری) و (موسلیم)دا هاتووە: «لَعْنُ المؤمن کقتله، ومن رمي مؤمناً بكفر فهو كقتله». واتە: نەفرینکردنی ئیماندار وەک کوشتنێتی و، تۆمەتبارکردنی ئیمانداریێکیش بە کوفر وەک کوشتنی وایە. دەی زانراوی زانیارانی ئایینە، کوشتنی یەک مرۆڤ وەک کوشتنی هەموو مرۆڤایەتییە. ئەدی ئەوە نییە قورئان دەفەرموێت: (من قَتَلَ نفْسَاً بغيرِ نفس أو فساد في الأرض فكأنَّما قتلَ النَّاسَ جميعاً وَمَنْ أحياها فكأنَّما أَحيا النَّاسَ جميعاً).
لە دیرۆکی ئێمەدا، بەرایترین گرۆی تەکفیری، خەواریجن. تاوێ تەکفیری ئیمام (عەلی) یان کرد، ئەو کافراندنەیان پێوەندی بە نیازی سیاسییەوە هەبوو. نیازەکە بەهانە هێنانەوە بۆ جوداکردنەوەی سیاسی و حەڵاڵکردنی غافڵکوژی بوو. ئەوەش بە کردارەکی هاتە جێ. بکوژی عەلی، خۆی بە موسڵمانێکی سەرڕاست و پارێزەر لە شەریعەتی خودا دەزانی و ئەزبەرکەری قورئان و سەروسیما نورانی بوو، دەق وەک ئەوانەی ئێستە. کافراندنی عەلی دەروازەی کوشتنەکەی بوو. دەگەڵ ئەمەشدا، ئیمامی عەلی بە ژیرێتیی خوی، ڕەتیکردەوە ئەوان کافر بکات و دووبارە لەڕێی گوتاری دینییەوە، پاڵفتەری ململانێی سیاسی برەو پێبداتەوە.
هەرچەندە بەپێی بڕاوەی قورئان، کوفر بەهانە نییە بۆ کوشتن و کوشتار، مەگەر پێوەستدار نەبوبێت بە ئاژاوەچێتی و شەڕانگێزی و یاخیبوون لە دەوڵەت. لێ نەزانی بە ئایین و بەراوێژتێگەیشتن و سەراوگێڕ خوێندنەوەی دەق، دوای کافراندنی کەسانێک لەلایەن تەکفیرییەکانەوە، چەندانیان تەنێ بە فەتوای تەکفیرچییەکی بێباک، هاتنە کوشتن. لە سەردەمی خۆماندا نموونەی زۆرمان لەم بابەتەدا وەبەر چاوانە. غافڵکوژیی (فەرەج فۆدە)ی نووسەر و بیرمەندی میسر، هەوڵی ئیغتیالی گەورە ڕۆماننووس (نەجیب مەحفووز) و (ڕەشاد خەلیفە)ی ڕێبەرێ لە ڕەوتی قورئانییەکان و، شاربەدەرکردنی (نەسر حامید ئەبو زەید)ی بیرمەند و توێژەر... تاد، کە سەرەتا و دەستپێکی کوشتن و هەوڵی کوشتنیان، بە ڕێگەی کافراندنەوە، دەروازەیان بۆ کرایەوە. لە کوردستانی خۆشمان، نموونەی (عەبدولخالق مەعرووف)مان هەیە، مرۆیەکی ژیر و ڕۆشنبیر بوو، دوای کافراندنی لەلایەن تاریکبیرانەوە، هاتە کوشتن. ئەوەی ئەو پیاوە نووسی، بۆ ئەوکات نوێ و زوو بوو، ئێستا زۆر واوەتری ئەو دەگوترێت و دەنووسرێت.
کە لە زاری ئەوانەی بانگەشەی زانایی و کاری ئیسلامی و میانڕەویی دەکەن، کافراندن دەبیستین و، دەبینین نەیارە سیاسییەکانیان دەکافرێنن، دەبێت هۆشداری بە گەنجی دینداری کورد لە بەرەنجامی خراپیی ئەمجۆرە لە گوتاری ئایینی، بدەین. ئەو کافراندنە سیاسییە، لە هاندان بۆ کوشتن، چتێکی تری لێ بەر ناگرێت. هەربۆیە پەیامهێن (د.خ) تەکفیری لە خانەی کوشتندا ڕیزبەند کردووە.
لە نۆهەتەکاندا لە کوردستان بینیمان، خوێنی سەتان گەنجی داماوی ئەم وڵاتە، بە فەتوای فەتواچییە ئیسلامگەراکان، بەهەدەر چوو و جەرگی سەتان دایبابی ئەو دەڤەرەیان سووتاندن. بە فەتوای کافراندنی ئەوان، چەندان سیاسی و بیرمەند، بەدەستی گەنجانگەلێکی هەڵخەڵەتاو بە سۆزی دینی، هاتنە کوشتن کە تا ئێستەش لە بەندیخانەکاندا کەوتوون و بابای فەتواچییش خەریکی کەیف و سەفایە لە مەزرەعە و ڤێلاکانیدا شاهانە دەژێیێت.
من بە پێویستی دەبینم، سزای تایبەتی لەم وەڵاتەی ئێمە، بۆ ئەوانە دەربچێت کە بوونەتە فەتواچیی سیاسی (فەتوا بە کەسابەت و ئیش تێدەگەن) و، خەریکی بڵاوکردنەوەی کولتووری تەکفیر و تەفسیق دەبن. عەسرێک لە مزگەفتی گەورەی قەیسەریی هەولێر، دوای تەواوبوونی نوێژی جەماعەت، کوڕەکەی تەکم، چاکوچۆنییەکی گەرمی دەگەڵدا کردم و توند دەستمی گوشی، گۆتم ببوورە ناتناسم و چ باسە؟ گۆتی: گەردەنم ئازاد بکە، من ئەو بەرەبەیانییە لە فەیسبووکی خۆم، کورتە وتارێکم نووسی، تێیدا تۆم بە کافر و بێدین و هەڵگەڕاوە هەژمار کرد، کەچی بەو عەسرە کە دەتبینم لە پاڵ مندا نوێژ دەکەیت، ویژدانم ئازاری دام و پەشیمان بوومەوە لەو حوکمدانە بەپەلەیەی لەسەرت دامبوو، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم.
ماڵی ئەو کوڕە ئاوا بێت، سپاسیشی دەکەم کە وەها هەڵوێستێکی نواند. ئاخر بهاتبا سۆزی دینی وەسەر ژیری و ئاوەزی زاڵتر بووبا، هەر لەوێ خلاسی دەکردم و بە ئەدەبیاتی خۆیان، بەرەو جەهەننەمێ وەرێ دەکرم. ڕۆژانە چەندان کەس، لە نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و شاعیر و سیاسی... لەسەر زار و بە قەڵەمی ئەو تەکفیرییانە، دێنە کافراندن، کەچی کەس پێیان ناڵێ مەرحەبا! لەسەر شەقام، کەسێ بێت جیزدانەکەت بدزێت، هانا دەبەیتە بەر پۆلیس و دزیکەریش بە سزای خۆی دەگەیەنێت.. چاکە، ئەدی بەهەمان شێوە، لەنێو ئەم شار و لەسەر ئەم شەقامەدا، کابرای تەکفیرچی، من تەکفیر بکات (کە بە زمانی حاڵ یانی خوێنت حەڵاڵە) هانا بۆ کامە پۆلیس و کێهان سزا ببەین؟ تووخواتان، جانتا دزین گەورەترە یان ئیماندزین؟
ئاخر ئەوەی من و تۆ تەکفیر دەکات، ئیمانی مەی دزیوە و خۆی خستووەتە شوێنی خودا و لێپرسینەوەی ئیمان و بێئیمانیی گرتووەتە ئەستۆی خۆی. هەرچی ئەوەی من دیتم لەو گەنج و لاوە کوردانەی چوونە نێو داعش، سەرەتا لێرە فیکرێکی تەکفیریی سەلەفیگەراییان هەبوو. دوو ساڵ بەری ئێستا، لەنێو پێشەنگای نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر، ئەوەندەم زانی، گەنجێکی ڕیشدرێژی شەرواڵ کورت، هاتە کن من و دۆستەکەم، گۆتییە برادەرەکەم تۆ کافری چونکم موعتەزیلەیی، گۆتییە منیش: تۆش دوو جار کافری، چونکم ئیوها و ئەوهای. پار، هەمان گەنج، چووە نێو داعش و بووە پاڵەوانی وەحشیگەریی سەربڕین و چەندان ڤیدیۆی کەوتە نێو یوتیوب و فەیسبووک کە سەلکی پێشمەرگە دیلەکانی دەبڕی.
یەکەم بەهانەی (داعش) بۆ کوشتنی کوردان کافراندنە، داعش پێشمەرگەی بەلاوە کافرە، بۆیە دێتە کوشتاری. دەی چۆن دەبێت نمایشکارانی دینیی مە کە بانگەشەی میانڕەویی دەکەن، لە یەکەم خاڵ و هەنگاوی داعشدا ڕێکوپێک وەکو یەکتری بن و خاڵی هاوبەشیان هەبێت؟!
لە کوردستاندا، بۆ ئەوەی هزری سەحرایی و توندڕەویی دینی لەوە زێدەتر پەرە نەسێنێت، دەبێت بنبڕی کولتووری تەکفیری سیاسی بکرێت و سینەی ئایینداران بە ئەندازەی فراوانیی دونیا فراوان بکرێن. هەرچی ڕاست دەبێتەوە، بێ ئەوەی لە دەقێکی ئەدەبی و گوتارێکی هزری و فەلسەفی تێبگات، زۆر بە بوێرییەوە دەبێتە ڕێبەری کافراندنی ئەوانی دیکە. دەبێت ئیدی ڕۆڵەکانمان فێری تۆلێرانس و ئارگۆمێنت بکەین. فێر بکرێن بەرگەی ڕای پێچەوانە بگرن و نووسین بە نووسین و گوتار بە گوتار وەڵام بدەنەوە و دەمەتەقێی بابەتیانە بکەن، دوور لە بریندارکردن و کافراندنی ئەوانی دیکە.
توندڕەویی دینی، گەشتێکە لە کافراندنەوە بۆ تەقاندنەوە.
رحله من التكفير الى التفجير

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# جەنابی سەرۆک بە دیموکراسی ناکرێت!

## 1

کە سەیری ئەزموونی میللەتانی جیهان لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەت و دروستکردنی کیانی سیاسیدا دەکەی، دوو فاکتەر گەلێک بەرچاوە. فاکتەری یەکەم جەنگە جیهانی و ناوچەییەکانن کە لە سەدەی بیستەمدا بوونە هۆی پەیدابوونی دەوڵەتی نوێ و، فاکتەری دووەمیش ئیرادەی گەلان بۆ سەربەخۆیی. لە هەردوو حاڵەتیشدا، ئەرکی جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەت یان بە کەسانێک دەسپێردرا کە هێزە جیهانییەکان قەبووڵیان بوو، یانیش بەو کەسانە دەسپێردرا کە بە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی ڕابەریان بۆ میللەتی خۆیان هەبووە. تەماشای شێوەی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ بکەن، کەم میللەت هەیە بە پرۆسەیەکی تەواو دیموکراسیدا توانیبێتیان ببنە قەوارەی سیاسی. جا خۆ ئەگەر ئەو پرۆسە دیموکراسییە لای گەلێک وەکو پێوەر وابێت، مەرج نییە لایەنی بەرامبەر قبوڵی بکات.

وەک ئەوەی لە کەتەلۆنیا بینیمان. ڕاستە کە ئەمڕۆ ناکرێ زۆر بە ئاسانی لە دەرەوەی ئیرادەی نێودەوڵەتی بجووڵێینەوە، بەڵام مێژووی قوربانیدانی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور زۆر لەو پێوەرانە گەورەترە کە ئەم و ئەو دایدەنێن و بۆ سەربەخۆیی پێویستمان بە ئیزنی کەس نییە. ئەگەر وا نەبووایە چۆن دەمانتوانی لە 1992دا فیدراڵی ڕابگەیەنین و بیکەینە ئەمری واقیع؟ ئینجا بە دیوی ناوخۆییدا کاتێک لە سیاسەتی ناوخۆییدا پارتی دەتوانێ ڕێگە نەدات سەرۆکی پەرلەمان بێتەوە هەولێر و دەوامی خۆی بکات، بۆ ناتوانێ بێ پرسکردن بە حیزبەکانی دیکە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ؟ ئەگەر ئێمە بنەمایەکی کامڵ (سوپا، ئابووری و یەکێتیی سیاسی و جەماوەری) مان بۆ دروستکردنی دەوڵەت نەبێ، ئەوا بە پێچەوانەکەشی هەمان شتە، ئەو دەوڵەتەی کە دەمانەوێ لێی جیا ببینەوە، هەمان فاکتەری هەن بۆ دارمان، واتا وڵاتی بەناو عێراقیش هیچ یەک لەو شتانەی نەماوە!

دەمانەوێ بە دیموکراسی جیابینەوە؟ کاتێک خۆمان پابەندی دیموکراسی نەبین، چۆن چاوەڕێ بکەین دنیا ڕێز لە ئیرادەیەکی وەهای ئێمە بگرێت؟

لە چەند ساڵێک بەر لە ئێستاوە دەرفەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانمان هەیە و دەتوانین وەکو فەلەستین ڕایبگەیەنین، ئەگەرەکانی مانەوەی فەلەستین لەگەڵ ئیسرائیل یان ئوردندا، مانەوەی کۆسۆڤۆ لەگەڵ سربیا و... هتد، زۆر لە مانەوەی کوردستان لەگەڵ بەغدا زیاترن! کەچی ئەوان دەوڵەتن و ئێمەش هیچ.

لە بارودۆخێکی وەهادا کە لە 2005 دا نزیکەی 98%ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، ئیتر بڕیارێکی بوێرانە و ڕاستگۆیانەی بارزانیمان پێویستە کە ڕایبگەیەنێ ئیتر کوردستان سەربەخۆیە. ئەوە هیچ ڕیسکێکی لەسەر ژیانی خەڵک نابێ، چونکە خەڵک باجەکەی داوە و ئامادەی زیاتریشە، تەنها ڕیسکێک کە هەیبێ، لەسەر پاسپۆرتی بەرپرسان و حیسابە داراییەکانیان دەبێ کە وەک هاووڵاتیی عێراقی تۆمار کراون.

## دیسان بەغدا

## 2

ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدادا وەک ناونیشانی کتێبەکەی نەوشیروان مستەفا (خولانەوە لە نێو بازنە)دایە. بەڵام هێزگەلێکی وەکو یەکێتی (بێگومان لەژێر گوشاری ئێراندا) هێشتا دەیانەوێ ئەم میللەتە هەر بخولێتەوە.

سەیر ئەوەیە کە هەموو دنیا دەزانێ بەغدا موفلیس، فاشیل و ئینجا بێعارە، کەچی یەکێتی هەر ڕووی لەوێیە. هەموو نەهامەتییەکان، فەشەل، دزی و گەندەڵییەکانی دانیشتووانی ناوچەی سەوزی بەغدا، لە هاوکێشەی سیاسییدا فاتورەکەی بۆ کوردستان نووسراوە!

لە بەغدا دار لەسەر بەرد دانەنراوە و پارە نەماوە، لێرە لە ماوەی دە ساڵدا کوردستان لە کەلاوەیەکەوە بووەتە قەسرێک کە هەموو دنیا باسی دەکات، کەچی لێدوانی کاربەدەستێکی گەندەڵ و دزی بەغدا وەک کەلامولڵا سەیر دەکرێت!

هەموو ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا مەحکومە بە فەشەل و کات بەفیڕۆدان. لەسەر هەندێک بواری پەیوەست بە ژیان و مەترسییەکان کە بنەماکەی مرۆیی بێت (بێگومان ئەگەر ئەوان باوەڕیان پێی بێت)، دەتوانین بگەینە ڕێککەوتن.

دەنا ئەوەی کە تازە بتوانین لە یەک وڵاتدا بە خێر و خۆشی و بێ کێشە بژین شتێکی مەحاڵە. هەر چییەکیش بکەین کات بە فیڕۆدان و درێژەدانە بە نەنگیی هاووڵاتیبوون لەگەڵ کەسانێک کە لەسەر مەزهەب و ڕەنگی پانتۆڵ حازرن یەکتری بکوژن.

## ئەگەر پوورێکی وام هەبا؟

## 3

سیاسەت یەعنی بێ چاوڕوویی. بە قەولی کورد ئەگەر زۆر چەقاوەسوو بووی ئەوا یان دەبییە سیاسی یانیش ئاوقات (پارێزەر).

ماوەیەکە ژنێک لە پەیجەکەی خۆی شتی وا دەنووسێ کە ئەگەر نەیناسی و نەزانی کێیە، عەودالی دەبی و پێتوایە کە ئەوە یان ئاوقاتی میللەتە یان سیاسییەکی بلیمەت! کەچی کە لە ئەسڵ و نەسەبی دەکۆڵییەوە، دەبینی مێردەکەی دوو ساڵە قووتی خەڵکی بڕیوە و برازاکەشی (کە جێگری سەرۆکی حکومەتە و نوێنەرایەتی هەردوو خانەدانی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی دەکات) کون بە کون بە دوای دابینکردنی ئەو قووتەوەیە کە مێردی پوورەکەی پێشنیازی بڕینی کردووە!

مەبەست ئەوە نییە کە کوێرانە پەلاماری پوور بدەم، بەڵام وەکو هاووڵاتییەکی ئەو وڵاتە دەمەوێ قەناعەتم کامڵ بێت و هیچ گومانێکم نەمێنێ کە بنەماڵەی بارزانی و دەستوپێوەندەکانی هەرچی پارەی نەوتی ئەو وڵاتە هەیە دزیویانە و لەخەڵکیان شاردووەتەوە! داوام لە پووری ئەوەیە کە بە قەولی هەولێرییان (هەر لۆ فشەی) هەندێک (هەمووشی نا) لە سەروەت و سامانی خۆیان، هی ماڵباتی بارزانی و ئەوانی دیکەش ئاشکرا بکات، بەڵام لە خۆیانەوە دەست پێبکات. لەو پارانەی کە بە جانتا وەریاندەگرت و دوایی سپییان دەکردەوە لە ماڵدیف و قوبرس!

ئانارشیست و درۆزنی ئەمسالی پووری، خەڵکێک بەرهەم دێنن کە جورئەتی ئەوە بکات بچێ بە شۆفڵ خۆڵی سەر بۆڕیی غاز هەڵبداتەوە و بیتەقێنێتەوە! ئاخ ئەگەر پوورێکی وەهام دەبوو...



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# چێشتی سەربەخۆیی

یەکێک لەو بژارانەی بۆ کەمتربوونەوەی گوشاری دارایی سەر هەرێمی کوردستان لەبەردەم حکومەتی کوردستانە، ئەوەیە کە بگەڕێتەوە بەغدا. هەرچەندە ئەمە بژارەیەکی ئایدیاڵ نییە و ڕەنگە واقیعبینانەش نەبێت کە پێی ئومێدەوار بیت، بەڵام وا دەردەکەوێت تاقیکردنەوەی چانسێکی یەک لەسەتی باشتر بێت لە تاقینەکردنەوەی.

لەوەتەی عێراق بودجە و مووچەی کوردستانی بڕیوە، شاندی کوردستان لە ساڵێکدا بەلایەنی کەمەوە جارێک بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی چووەتە بەغدا. ئەنجامی هەر سەردانێکیش ڕێککەوتن بووە لەسەر لیژنە یان شاندی "باڵا" بۆ "چارەسەرکردنی کێشەکان". بەڵام هیچ شاندێک و هیچ لیژنەیەک نەیتوانیوە ئەو دەستەگوڵەی مالیکی ئاوی دا و عەبادی درێژەی پێدا بەرامبەر بە کوردستان، وەکو خۆی لێبکاتەوە. بۆیە ڕەنگە خەڵکی کوردستان ناهەقیان نەبێت ئەگەر حەماسێکی وایان بۆ شۆپاندنی ئەو سەردان و هاتن و چوونانە نەمابێت.

باشووری کوردستان بە قەیرانێکی دارایی سەختدا تێدەپەڕێت. یەکێک لە چەندین هۆکانی دروستبوونی ئەو قەیرانە سیاسەتی توندی بەغدایە بەرامبەر هەولێر، بەڵام بەغدا بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت هاوکاریی ئەوەش دەکات کە ئابووریی کوردستان لەوە زیاتر زیانی پێنەگات. بۆنموونە ئەگەر ئەو مووچەخۆرانە نەبن کە لە نێوەڕاستی عێراقەوە ئاوارە بوون و ئێستا لە شارەکانی باشووری کوردستان بە ڕێکوپێکی مووچەکانیان بۆ دەنێردرێت، ڕەنگە هیچ مۆڵێک و ڕێستورانتێک نەتوانێت بەو کڕیارە کەمپارانەی کوردستان بژیت کە چەند مانگێکە مووچەیان وەرنەگرتووە. بەڵام وەک لە قسەکانی عەبادی لە کۆبوونەوەی ئەمجارەیدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی دەردەکەوێت و ئەگەر قسەکە ڕاست بێت، لە مانگی چوارەوە ئەو چاڵەی بەغدا بۆ هەولێری هەڵکەندبوو، بۆخۆیشی تێیدەکەوێت.

بۆیە دیسان پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی سەرەڕای ئەوەی دەزانین ڕێککەوتنیش لەگەڵ بەغدا سوودی نابێت بۆئەوەی عێراق سیاسەتی خۆی بەرامبەر کوردستان بگۆڕێت، کەچی شاندی کوردستان هەر دەچێت؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دووپاتی دەکاتەوە کە کوردستان لەجیاتی هەموو جیهان شەڕی تیرۆر دەکات، بەڵام کاتێک کوردستان داوای پارە دەکات، چاوەکان دەچنەوە سەر بەغدا. ئەوەی لە ئەمریکاش بە شاندی کوردستان گوترابوو، هەر ئەمە بوو: "ڕاستەوخۆ چەکتان نادەینێ، بەڵام لەوە دەکۆڵینەوە کە بەغدا پشکی ئێوەی داوە لەو چەکانەی وەریگرتووە یان نا". ڕەنگە لەئایندەدا بۆ مەسەلەی قەیرانە داراییەکەش هەر هەمان شت بگوترێ: "ڕاستەوخۆ یارمەتیتان نادەین، بەڵام لەوە دەکۆڵینەوە کە بەغدا پشکی ئێوەی داوە لە کۆمەکە داراییەکان بۆ شەڕی دژی تیرۆر یان نا". بۆیە چوونی شاندی کوردستان بۆ بەغدا و هەماهەنگی بۆ شەڕی مووسڵ، چەندە هەماهەنگیی ستراتیژی بێت بۆ شەڕی دژی داعش، ڕەنگە دوو هێندە هەماهەنگیی دارایی بێت بۆ دابەشکردنی کۆمەکەکان.

لە یەکەمین بەرنامەی (بەهێمنی) دا لە ڕووداو، زۆربەی میوانەکانم بەبێ دوودڵی دەیانگوت دەبێ دەوڵەتی کوردستان هەر ئێستا ڕابگەیەندرێت، بەڵام هەموو ئاماژەکان، بە سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانیشەوە بۆ بەغدا، دەریدەخەن جارێ چێشتی سەربەخۆیی ئاگری زۆرتری دەوێ بۆئەوەی بکوڵێت.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# نەگوتراوەکانی گوتارەکەی بارزانی

لە 31ی دیسەمبەری 2015 داو بەبۆنەی هاتنی سەری ساڵی تازەوە، بەڕێز مەسعود بارزانی، گوتارێکی 623 وشەیی پێشکەش کرد. وەک هەر گوتارێکی دیکەی بارزانی، ئەم گوتارەش دوو بەرەی سەرەکی لە کوردستاندا دروست کرد. بەرەی دۆستەکان و بەرەی دوژمنەکان. خوێندنەوەکانی هەر یەکێک لەم دوو بەرەیە بۆ گوتارەکەی بارزانی، ئایدیۆلۆژین، لایەنگرن، تاکڕەهەندن و تەنیا دیوێک دەبینن و هەموو تواناکانیان "مۆبیلیزە"دەکەن بۆئەوەی دیوەکەی دیکە نەبینن. لێرەوە ئەم نووسینە کورتەی من، کە نابێت 650 وشە تێپەڕێنێت، خوێندنەوەکانی ئەو دوو بەرەیە دەخاتە نێوان دوو کەوانەوە و هەوڵ دەدات ئەو "دیوە" بخوێنێتەوە کە هەریەکێک لەو دوو بەرەیە دایدەپۆشن. بۆ خوێندنەوەیەکی لەم چەشنەش دوو ئاستی سەرەکی دیاری دەکەم. ئاستی ئەو دیمەنانەی کە لە گوتارەکەدا ئاماژەیان پێدراوە. هەروەها ئاستی ئەو ئەکتەرانەی کە قەیرانەکانیان دروست کردووە.

### دیمەنەکانی بارزانی

ئەو دیمەنانەی کە بارزانی دەیانخاتە بەردەست خەیاڵدانی دەستەجەمعیی کوردەوە، بە شێوەیەکی گشتی هەڵگری سروشتێکی تراژیدین: جەنگی دژ بە داعش، قەیرانی ئابووری، ئامادەیی یەک ملیۆن و هەشت سەد هەزار ئاوارە لە کوردستاندا، دابەزینی نرخی نەوت، مووچەی فەرمانبەران، قەیرانی سیاسیی ناوخۆ، قەیرانی سەرۆکایەتیی هەرێم، قەیرانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و هتد.

بێگومان هەموو ئەو دیمەنە تراژیدیانەی کە بارزانی لە سەرەتای ساڵی نوێدا دەیانگێڕێتەوە، واقیعین و هیچ یەکێکیان بیناکردنی وەهمی نین.

کوردستان هەزار و بیست و پێنج کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ داعشێکدا هەیە کە جەنگی سەرتاسەری لەگەڵ دنیادا ڕاگەیاندووە. لەم جەنگەدا زیاتر لە هەزار پێشمەرگە شەهید هەیە. وڵاتانی هاوپەیمانی جیهانیی دژ بە داعش، ڕاستە ڕۆژانە بۆردومانی دەکەن، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە تا ئەم چرکە ساتەش، پرۆژەیەکی سیاسییان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناوچەکە نییە و ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە درێژە بە مانەوەی داعش و بەهێزبوونی دەدات.

هەروەها قەیرانی ئابووری ئەو واقیعە سەختەیە کە هەڕەشەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردی، هیچ کەمترن نین لە هەڕەشەکانی داعش. گەر لە ساڵی 2012 دا، گەشەی ئابووری لە کوردستاندا گەشتبێتە ئاستی 15% (لە وڵاتێکی وەک فەرەنسادا و لە هەمان ساڵدا، گەشەی ئابووری نەیتوانی بگاتە یەک لە سەدا!)، لە 2015 دا، نەک ئەم پرۆسێسە پەکیدەکەوێ، بەڵکو حکومەتی هەرێم ئیفلاس دەکات و بۆ ماوەی پێنج مانگ مووچەی فەرمانبەرەکانی پێنادرێت. هەر لەنێو دیمەنە تراژیدییەکانی بارزانیدا، خەیاڵدانی دەستەجەمعیی کوری، هێدی هێدی دەبرێتەوە سەر گرێکوێرەکەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. دیسانەوە بارزانی بەبیرمان دێنێتەوە کە سەرۆکایەتی هەرێم یەکێکە لە گرفتە گەورەکانمان. پاشان ڕاستەوخۆ چیرۆکی سەرۆکایەتی پەرلەمانیشی دێتە سەر. لە ساتەوەختێکی ئاوادا، کۆی شانۆگەرییەکە ڕەش دەبێت: بەدیوێکدا تەواوی کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی سەربازیی ڕاستەوخۆی دڕندەترین هێزی تیرۆریستیی جیهانیدایە و لە ساتەوەختێکدا تەنیا 30 کیلۆمەتریان مابوو بگەنە فرۆکەخانەی هەولێر. بەدیوێکی دیکەشدا، قەیرانێکی ئابووریی سەخت و گەورەی وا ڕووبەڕووی کوردستان بووەتەوە کە چیدی دایکان نەتوانن شیر بۆ منداڵەکانیان بکڕن. لە دۆخێکی ئاوادا، ئەوەی کە ناهێڵێت کۆمەڵگاکان بکەون، چەند شتێکن، یەکێک لەوانە شەرعیەتی سەرۆکێکی کاریزماتیک، بۆ نموونە ژەنراڵ دو گۆل لە فەرەنسای چلەکاندا.

بەڵام لە دۆخی کۆمەڵگای کوردیدا، کە لەسەر لەپی شەیتانە، بارزانی دێت و بیرمان دەخاتەوە کە ئێمە، سەرەڕای جەنگی داعش و قەیرانی ئابووری، تراژیدیای سەرۆکایەتی هەرێممان هەیە و لایەنەکانیش بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی بەکاریدەهێنن.

### ئەکتەرەکانی بارزانی

ئەو ئەکتەرانەی کە لە دیمەنەکانی بارزانیدا ئامادەن، هەڵگری چەندین شوناس و چیرۆک و پرۆژە و بەرژەوەندیی جیاوازن. بەڵام هەموویان پێکەوە بەشدارن لە دروستکردنی شانۆگەرییە تراژیدییەکەی ساڵی 2015ی کوردستاندا. بێگومان ئەمە بەدیوێکدا ڕاستە و گوزارشتە لەو واقیعە کۆنکرێتییەی کە ڕۆژانە بەر هەستەکانمان دەکەوێت. گرفتی ئەم گێڕانەوەیە لەوەدایە، وەک هەر گێڕانەوەیەکی دیکە، تەنیا هێڵ بەژێر ئەو دێڕانەدا دەهێنێت کە لە بەرژەوەندیی "یەکێتی"ی خودی ئەو گوتارەی نێو گێڕانەوەکەدان.

ڕاستە داعش یەکێکە لە ئەکتەرە تراژیدییەکان و بەشداریی ڕاستەوخۆی لە دەرهێنانی شانۆگەرییە ڕەشەکەی 2015ی کوردستاندا کردووە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە کاتێک لە 10ی حوزەیرانی 2014دا داعش مووسڵ دەگرێت، ئێمەی کورد وەک ئەکتەر، کە تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە مووسڵەوە دوورین، پێمانوابوو ئەوە جەنگی سوننە و شیعەیە و هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، تا ئەو کاتەی داعش پەلاماری داین و کچەکانمانی وەک کەنیزەک لە بازاڕەکانی "خەلافەتەکەی بەغدادی"دا فرۆشت.

ڕاستە ئەکتەرە دەرەکییەکان بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە دابەزینی نرخی نەوت و پاشان ئیفلاسکردنی ئابووریی کوردستاندا هەیە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێمە، لە ڕێگای دروستنەکردنی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز و سنووردارنەکردنی گەندەڵییەوە، بەشدارن لە دروستکردنی ئەم دیمەنە تراژیدییەدا.

ڕاستە حیزبەکان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) بەشدارن لە نووسینەوەی چیرۆکی تراژیدیای "سەرۆکایەتی" هەرێمدا. ئەمە هیچ گومانێکی تێدا نییە کە هەر حیزبێک دەیەوێت بۆ بەرژەوەندیی سیاسی خۆی ئەم پرسە بەکاربێنێت. بەڵام ئەوەش ڕاستە کە خودی بارزانی، وەک سەرۆکی ئەم سەرۆکایەتییە، بەشدارییەکی زیندووی لە نووسینەوەی هەمان چیرۆکدا کردووە. بۆنموونە لە گوتارەکەی بارزانیدا، ئەو گوزارشتانەی کە سەبارەت بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بەکارهێنراون، بریتین لەمانە: ئومێد دەکەم کە، داوا دەکەم لە، با هەموومان پێکەوە و هتد.

بارزانی، چ وەک سەرۆکی شەرعیی هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا و چ وەک سەرۆکی هەرێم "لەسەر ئاستی پراکتیک" لە ئێستادا، نابێت ئومێد بخوازێت، نابێت داوا بکات و چاوەڕێ بێت، بەڵکو دەبێت بڕیار بدات! گەر کۆی سەرەداوەکانی قەیرانی جەنگی داعش و قەیرانی ئابووری لەدەستی بارزانیدا (نەبن)، بێگومان کۆی سەرەداوەکانی قەیرانی سەرۆکایەتی لە دەستی بارزانیدان و شەرعیەتی ئەوەی هەیە کە بڕیار بدات. بۆنموونە، بڕیار بدات کە گەر تا 15ی مارس، حیزبەکان نەگەنە ئەنجامێک، لە 16ی مارسدا دەست لەکار دەکێشێتەوە و وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی هەرێم دەستنیشان دەکات.

ئەم تاپیە لە مامەڵەکردن وادەکات، بارزانی وەک سەرۆکێکی خاوەن بڕیار لەسەر شانۆی سیاسیی کوردستان دەربکەوێت، نەک وەک ئەکتەرێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی کە ئومێد دەخوازێت و هیوادارە کە شتەکان جێبەجێ ببن.

سەرۆک ئومێد ناخوازێت، بڕیار دەدات.



بەختیار کەریم
bakhtyarkarim@gmail.com

# گریمان تازە لە شاخ دابەزیون

لە ماوەی چارەکە سەدەیەکی ئەزموونی حوکمڕانیی خۆماڵیدا لە هەرێمی کوردستان، سەرخان و ژێرخان وێران و خاپوور کران. سامانی گشتی خرایە خزمەتی دەستەبژێرێکی بچووکەوە کە جگە لە بەرهەمهێنانی سەرمایە بۆ خۆیان، خەیاڵیان لای هیچی تر نەبووە. قۆرخکاریی ئابووری و بازرگانی لە بەرژەوەندیی گرووپێکی بچووک، ئێستا دوو چینی تەواو دژیەک و نابەرابەری دروست کردووە، بەشێوەیەک کە چیتر گەمژەیی نییە چاوەڕوانی تەقینەوەی ئەم دۆخە بکرێت. تەنانەت ئەگەر قەیرانی داراییش نەبووایە، سەرکردایەتی کوردستان دەبووایە پێشبینی ئەوەیان بکردایە کە کەڵەکەبوونی سامانی ئەم نیشتیمانە لە دەستی کۆمەڵێکی بچووکدا، لەکۆتاییدا دەمانگەیەنێتە ئاستێکی تەحەمولنەکراو و قبوڵنەکراو لە نادادی و نایەکسانی، دەمانگەیەنێتە قۆناغێک کە خەڵک جگە لە ژیانی پڕ لە کولەمەرگی، هیچی تریان نەبێت لە دەستی بدەن. لەپاش بیست و پێنج ساڵ لە حوکمڕانی، لەوانەیە ئاسان نەبێت داوا لە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بکەین، گریمانەی ئەوە بکەن کە تازە لە شاخ دادەبەزن بۆ بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمە. چونکە هەلومەرجەکان جیاوازن. بەڵام لەپێناوی ئارگومێنتدا، با پێکەوە گریمانەی ئەوە بکەین کە سەرکردایەتی کورد تازە لە شاخ دادەبەزن، هاوشێوەی ڕاپەڕینی ساڵی 1991 هەموومان پێکەوە ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی و کۆی کێشەکانی دیکە دەبینەوە. هەمووومان پێکەوە بەرەو ئایندە، بەدەر لەوەی ئایندە چی دەبێت، هەنگاو دەنێین!

بەڵام بۆ ئەوەی ئەم گریمانەیە واتایەکی هەبێت و لە چوارچێوەی خەوندا نەمێنێتەوە، پێویستمان بە لەخۆبووردن هەیە: سەرکردایەتی سیاسی لەخۆبووردووانە و بە پراکتیکی سامانی خۆیان و ئەوانەی لە سایەی ئەواندا لەپڕێک وەک سەرمایەداری گەورە هەڵتۆقین، بخەنە خزمەتی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە. هەرچی خەڵکی کوردستانە لە بەرامبەردا، جگە لە پاڵپشتی، متمانە دەبەخشنەوە بەم سەرکردایەتییە. واتا ئەم دوو هەنگاوە بەتەواوی پێکەوە بەستراون، ئامادەباشیی سەرکردایەتی کوردستان و ئەو سەرمایەدارانەی لە سایەی ئەواندا بوونە خاوەن سامانی خەیاڵی، بۆ بەشدارییەکی ڕاستەقینە و ماددی لە چارەسەری ئەم قەیرانەدا، دەبێتە هۆی گێڕانەوەی متمانە بە سەرکردایەتی سیاسی و ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات.

بێگومان سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، هەمیشە ئەم قەوانە، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە، دەدەن بەگوێی دانیشتووانی ئەم هەرێمەدا: با پێکەوە ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە ببینەوە! ئەمە بیرۆکەیەکی نایابە، کاتێک سەرکردایەتی و خەڵکی ئاسایی، شانبەشانی یەکتر، وڵاتەکەیان لە قەیرانەکان ڕزگار دەکەن. بەڵام واقیعەکە بەم شێوەیە نییە. خەڵک نارازییە و بڕوا بەم هاوچارەنووسییە ناکات کە سەرکردایەتی ئێستای کوردستان بانگەشەی بۆ دەکات. بەسانایی لەبەرئەوەی ئێمە هاوچارەنووس نین، بەڵکو لە دوو جیهانی تەواو جیاواز و لێکدابڕاودا دەژین، ئاکامەکانی ئەم قۆناغە هەرچییەک بن، ئێمە یەک چارەنووسمان نییە. ئەگەر بڕیارە یەک چارەنووسمان هەبێت، پێویستە ئەو مەودا فراوانەی کەوتووەتە نێوان سەرکردایەتی و خەڵکەوە، نەهێڵرێت یان تا ئاستێکی گونجاو و لۆجیکی بچووک بکرێتەوە. کەواتە ئەوەی لەم گریمانەیەدا گرنگە هەبوونی هاوچارەنووسی، ئیرادەی هاوبەش و متمانەی دوولایەنەیە.

ئێستا کاتی ئەوەیە هەوڵ بدرێت، سەرکردایەتی و خەڵک بەڕاستی هاوچارەنووس بن. پێویستە ئەو سەرکردایەتییە دۆخی ئابووریی خۆیان و کەسانی نزیکیان بەشێوەیەک بێت، کاتێک باسی هاوچارەنووسی دەکەن، خەڵک بتوانێت بڕوایان پێ بکات.

### بکەرەکانی چاکسازی

یەکێک لە گرفتە بنەڕەتییەکانی هەموو پرۆسەیەکی چاکسازی، خودی ئەو کەسانەن کە چاکسازییەکە بەڕێوەدەبەن. هەندێک جار بکەرەکانی چاکسازی، ئەوانەی بانگەشەی چاکسازی دەکەن، یان دەسەڵاتی چاکسازییان هەیە، خۆیان دەبنە گەورەترین ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی چاکسازیدا، لەبەرئەوەی پێکدادانی بەرژەوەندی دێتە گۆڕێ. هەموو ئەوانەی داوایان لێ دەکرێت بیر لە چاکسازی بکەنەوە، یان بەو ئاراستەیەدا هەنگاو بنێن، هەمیشە و هەردەم لە خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندان. هەتا ئێستا گوێمان لە ئەندام پەرلەمانێک نەبووە، پێشنیازی بڕینی مووچەی پەرلەمانتاران بکات و پەرلەمانتاری بکرێتە کارێکی خۆبەخش! هەتا ئێستا ڕاوێژکارێکمان نەبینی ئەو ڕاوێژانەی پێشکەشی دەکات بە حکومەت، خۆی و توێژەکەی لە چەقی بیرکردنەوەیدا نەبێت! بەکورتی ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندین، بەئاسانی ناتوانن پێشنیازی ئەو جۆرە لە چاکسازی بکەن کە پێویستە، بەڵام بەرژەوەندیی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە.

لە هەرێمی کوردستان و لەم قۆناغەدا کە گەندەڵی خەریکە هەموو شتێک لەناودەبات، پێویستە کاردانەوە بەرامبەر گەندەڵی ئەوەندە ڕیشەیی و ڕادیکاڵ بێت، توانای چاککردنەوەی بەشێکی زۆری لەو نادادییە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە هەبێت کە چەندین ساڵە دەکرێن. ئەو گەندەڵییەی ئێمەی هەرگیز گوێ لێ نەگیراو چەندین ساڵە هاوار دەکەین، ڕۆژێک نغرۆمان دەکات، ئێستا ساتەوەختی نغرۆبوون نزیک بووەتەوە و تەنیا و تەنیا هەنگاوی ڕادیکاڵ بەئاراستەی دابەشکردنەوەی کۆی سامانی ئەم نیشتیمانە دەتوانێت ببێتە ئەو چڵەپووشەی لە خنکان ڕزگارمان دەکات.

تەنگژە بێچارەکە ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی باس لە گەندەڵی دەکەن، داوای چاکسازی لەهەمان ئەو کەسانە دەکەن کە بەرپرسن لەم گەندەڵییە کەمەرشکێنە. هۆکارەکەش ڕوونە، چونکە ئەوانەی بەرپرسن لە نغرۆبوونی ئەم نیشتیمانە، خۆیان فەرمانڕەوای بیابان و دەریان، لە دەرەوەی ئەواندا هیچ فریادڕەسێکی تر نییە. بەڵام ئاماژەکان کە لەم بەرپرسانەوە دەردەچن، ئومێدبەخش نین. پێناچێت هێشتا هەست بە گەرمیی دۆزەخەکە بکەن! چونکە ئەگەر هەستیان بە گەرمیی ئەو دۆزەخە بکردایە کە کەسانێک بەناوی شۆڕش و ڕاپەڕینەوە بۆ ئێمەی دادەخەن، ئەوا کارێکیان دەکرد، هەنگاوێکیان دەنا و بەرەنگاری گەندەڵی دەبوونەوە!

### چی بکرێت؟

بێگومان پێشنیازی زۆر پێشکەش کراون بە حکومەت و حیزبە سیاسییەکان، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە کۆی ئەم پێشنیازانە لە سۆنگەی بەرژەوەندیی تایبەتەوە پێشکەش دەکرێن. ڕێگەچارە ئەوەیە کەسانێک ئەم پێشنیازانە بکەن کە هیچ بەرژەوەندییەکی دوور و نزیکیان لە کێکەکەدا نەبێت. هاوکات پێویستە حکومەت هەنگاوی بوێرانە بنێت، بەدەر لەوەی حیزب چی دەخوازێت، هەڵبژاردنی داهاتوو چۆن دەبێت. پێویستە سەرکردایەتی هەرێم و حکومەت بڕیاری بوێرانە بدەن، بە ئاراستەی بچووککردنەوەی حکومەت بۆ قەبارەی ئاسایی خۆی و لێدان لە کۆی ئەو خاوەن بەرژەوەندییانەی لەسەر حکومەت دەلەوەڕێن و قەڵەو دەبن. لە هەموو ئەمانە گرنگتر، پێویستە ئیتر حکومەت لەجیاتی پاداشتدانەوە یان چاوپۆشین لە گەندەڵی، هەنگاو بنێت بەرەو سزادانی گەندەڵی بەتوندترین شێوە و ئاشکراکردنی زانیاری لەسەر گەندەڵکاران.

بێگومان ئەم جەنگە لەدژی گەندەڵی ئاسان نابێت، هاوشێوەی جەنگ لەدژی داعش، پێویستی بە مرۆڤی لەخۆبوردووی پێشمەرگەئاسا هەیە. سەرکردایەتی کوردستان ئێستا لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت و چارەنووسسازدان، باشترین وانەش کە بتوانن سوودی لێوەربگرن، وانەی خۆنەویستییە کە پێشمەرگە ڕۆژانە بەبێ بەرامبەر دەیڵێنەوە!

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## کریستاڵ داواکاری زۆرە

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER® ERBIL
sbözelgroup
KOREK

زانکۆیەکی زانستی ئەکادیمی نوێ دەرگای بۆ قوتابیە خۆشەویستەکانی کوردستان دەکاتەوە

CUE
CATHOLIC UNIVERSITY in ERBIL
Ankawa 2015

" زانکۆی کاسۆلیکی لە هەولێر "

زانکۆی کاسۆلیکی لە هەولێر رادەگەینیت بۆ ساڵی خوێندن 2015-2016 دەرگای پێشکەش کردن بۆ بەشەکانی (ژمێریاری - زمانی ئینگلیزی - زانستەکانی کۆمپیوتەر - ئابووری - پەیوەندیە نێودەولەتیەکان - تەکنەلۆجیای زانیاری - لێکۆلینەوە ئاراستەکراوەکان "رۆژهەلاتی" ) ساڵی بەرایی بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی لەگەل بابەتی یاریدەدەرکراوەتەوە، ئارەزومەندان دەتوانن سەردانی زانکۆکەمان بکەن لە هەولێر گەرەکی 189 لە عەنکاوە.

07506013333 www.cue.edu.krd info@cue.edu.krd